ڕووداو
RÛDAW
ژمارە (458) دووشەممە 2017/5/22 – 1ی جۆزەردان 2717 (750) دینار

# گۆڕان داوای لێبووردن لە یەکێتی و یەکگرتوو دەکات

**ڕووداو- سلێمانی**

مستەفا سەید قادر، یەکێک لە هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی گۆڕان ڕایگەیاند کە داوای لێبووردنیان لە سەڵاحەدین بەهائەدین، ئەمینداری یەکگرتووی ئیسلامی و حاکم قادر، قوباد تاڵەبانی و سالار عەزیز، بەرپرسانی یەکێتی کردووە پاش ئەو ڕەفتارەی لەکاتی ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕاندا لەلایەن هەندێ لە لایەنگرانی بزووتنەوەکەوە کرا.

هوهای بەشێک لە لایەنگرانی گۆڕان لەکاتی خوێندنەوەی گوتارەکانی هەریەک لە سەڵاحەدین بەهائەدین و قادر حەمەجان، سەرکردەکانی بزووتنەوەی گۆڕانی تووشی ئیحراجی کرد.

بزووتنەوەی گۆڕان بە ڕاگەیێندراوێک کۆتایی بە پرسەی نەوشیروان مستەفا هێنا و لە نێوەڕۆکی ڕاگەیێندراوەکەشدا گوتیان "هەر کەموکوڕییەک بەرامبەر هەر کەس و لایەنێک ڕوویدابێ، داوای لێبووردن دەکەین".

مستەفا سەید قادر، ئەو کەس و لایەنانەی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد کە مەبەستیان بووە لەو ڕاگەیێندراوەدا داوای لێبووردنیان لێبکەن و گوتی: "مامۆستا سەڵاحەدین، هەندێک بیرخستنەوەی جوانی باسکرد و حاکم قادر، قسەی جوانی کرد و هەروەها داوای لێبووردن بوو لە قوباد تاڵەبانی و کاک سالار عەزیز".

گوتیشی: "ڕاستە ئەوانەی بەو شێوەیە مامەڵەیان کرد لایەنگری بزووتنەوەی گۆڕانن و نەدەبوو وا بکەن، بەڵام لە دڵگەرمی و خەمی گەورەی لەدەستدانی کاک نەوشیروان وایان کرد".

«5



**ئەلێکساندەر دووگین:**
ڕووسیا ناتوانێت پشتگیری لە دەوڵەتی کوردستان بکات
5

**بەرپرسێکی سووری:**
پرۆژەیەکمان بۆ کورد لە سووریا هەیە
6



**ڕێبوار کەریمی:**
چی لەگەڵ نەوشیروان مستەفادا نامرێ؟
19

گۆڕان لەسەر پەیامێکی 8 خاڵی نەوشیروان مستەفا دەڕوات

# جەمال محەممەد دەبێتە کەسی یەکەمی گۆڕان

« 3

**نازم دەباغ:**
ئێرانییەکان چاودێریی شوێنگرەوەی نەوشیروان مستەفا دەکەن

**دامەزرێنەرێکی گۆڕان:**
لیژنەیەک بۆ ڕاپەڕاندنی ئیشوکارەکانی گۆڕان دروستدەکرێت




ژنان 12

دڵنیا بەزۆور سەری مێردەکەیەوە خۆی دەخنکێنێ



ڕاپۆرتە هەواڵ 2

سێکس چات پارەی بە پیاوانی دهۆک نەهێشت

کۆمەڵایەتی 13

مامۆستایەک لەسەر مەترێک زەوی دەکوژرێ



ئابووری 8

ئەمساڵ 26 هەزار ئۆتۆمبێل هێنراوەتە کوردستان





## وەزارەتی ئەوقاف: ئەگەری زۆرە شەممە رەمەزان بێت

رووداو– هەولێر

گوتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، ئەگەری زۆرە شەممەی داهاتوو یەکەم رۆژی مانگی رەمەزان بێت. نەبەز ئیسماعیل، گوتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی هەرێمی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند، لەگەڵ وەزارەتی ئەوقافی سعودیە و عێراق لە پەیوەندیدان بۆ دیاریکردنی یەکەم رۆژی مانگی رەمەزان و گوتی "ئەگەر ی زۆرە رۆژی شەممە 27-5-2017 یەکەم رۆژی مانگی رەمەزان بێت" گوتیشی "قسە هەیە رۆژی هەینی یەکەم رۆژی رەمەزان بێت، بەڵام ئێوارەی پێنجشەممە یەکلایی دەکەینەوە یەکەم رۆژی مانگی رەمەزان هەینی دەبێت یان شەممە".

# سێکس چات پارەی بە پیاوانی دهۆک نەهێشت

ناسر عەلی
رووداو– دهۆک

ژمارەی ئەو کەسانەی لە دهۆک بەهۆی سێکس چاتەوە دەکەونە داوی باندە مەغربییەکان روو لە هەڵکشانە. تاوەکو ئێستا نزیکەی 2000 کەس لەو پارێزگایە پارەیان بۆ ئەو باندانە حەواڵە کردووە بۆ ئەوەی گرتەکانیان بڵاونەکەنەوە، شارەزایەکی تەکنەلۆژیای زانیاریش دەڵێت نزیکەی 2000 کەسی لەدەست هەڕەشەی ئەو باندە مەغربییانە رزگار کردووە کە مەلا و پلەداری سەربازییان تێدابووە.

یەکێک لە قوربانیانی دەستی ئەو باندانە کە بە سەمیر خۆی ناساند، بەسەرهاتی خۆی بۆ (رووداو) گێڕایەوە و گوتی "مانگێک لەمەوبەر کچێک لە فەیسبووک داوای هاوڕێیەتی لێکردم، منیش قبوڵم کرد، کچەکە بە عەرەبی قسەی کرد، هەر ئەو شەوە دەستی بە چاتکردن کرد، پاشان ڤیدیۆیەکم بۆ هات کچەکە خۆی رووتکردبووەوە، داوای لە منیش کرد خۆم رووت بکەمەوە، منیش بە قسەم کرد".

زۆری نەبرد نامەیەک بۆ مەسنجەرەکەی سەمیر هات. کە سەیری کرد ڤیدیۆی خۆیەتی بە رووتی، هەر ئەو کەسە خۆی لێ ئاشکرا دەکات و دەڵێت من کچ نیم و کوڕم، ئەگەر 3000 دۆلارم بۆ نەنێری ڤیدیۆکەت بۆ هاوڕێکانت لە فەیسبووک دەنێرم.

سەمیر 45 ساڵ کە خێزاندارە و خۆی بە کەسێکی دیندار وەسف دەکات، دەڵێت عەمرەی کردووە و نزیکەی سێ ساڵە فەیسبووک بەکاردێنێ، نازانێت چۆن کەوتووەتە داوی ئەو کەسە. سەمیر زۆر لەو کەسە پاڕاوەتەوە کە ڤیدیۆکەی بڵاونەکاتەوە و ئەو پارەیەشی نییە کە ئەو داوای دەکات، بۆیە کەسەکە پارەکەی بۆ دادەشکێنێ بۆ 900 دۆلار. سەمیر گوتی "10 رۆژ لەمەوبەر پارەکەم لە رێگەی بانکی وێسترن یونیەن بۆ نارد". گوتیشی "دوو رۆژ لە خەفەتان خەوم لێنەکەوت، ئێستاش ترسم هەیە ڤیدیۆکە بۆ هاوڕێکانم بنێرێ و ئابڕووم بچێ".

سەمیر لەو رۆژەوە لە رەوشێکی دەروونیی خراپدا بووە، وەک خۆی دەڵێت تەنانەت بیری لەوە کردووەتەوە خۆی بکوژێ، بەڵام رێگایەکی دیکە هەڵدەبژێرێ و پەنا بۆ پۆلیس دەبات.

سەمیر گوتی "چوومە لای بەڕێوەبەری پۆلیسی نەهێشتنی تاوان لە دهۆک، ئەویش پێیگوتم کە ئەوان ناتوانن ئیجرائات بەرامبەر ئەو گرووپانە بکەن، چونکە لە کوردستان نین. بۆیە ئامۆژگاریی کردم بچمە لای کەسێک بەناوی نەواس کە ئیشی سڕینەوەی ئەو جۆرە ڤیدیۆیانەیە".

سڕینەوەی ئەو پارچە ڤیدیۆیانە بازاڕێکی گەرمی بۆ کەسانی وەکوو نەواس دروستکردووە، چونکە ئامادە نین بەبێ بەرامبەر ئەو کارە بکەن. سەمیر گوتی "نەواس بۆ سڕینەوەی ڤیدیۆکە داوای 300 دۆلاری لێکردم".

سەمیر هێندە لەو باندانە ترساوە، ئێستا هیچ ئەکاونتێکی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نەماوە. ئەو دەڵێت "لە ترسی ئەو کارە، ئێستا فەیسبووک و هەموو شتێکم سڕیوەتەوە".

سەمیر داوای لە بەکارهێنەرانی فەیسبووک کرد کە بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو تۆڕە بکەن، بۆ ئەوەی وەکوو ئەو تووش نەبن.

نەواس عومەر کە شارەزاییەکی باشی لە بەکارهێنانی ئینتەرنێت هەیە، دەمێکە کاری سڕینەوەی ئەو جۆرە ڤیدیۆیانە دەکات. ئەو دەڵێت تاوەکوو ئێستا زۆر کەسی لەدەست ئەو جۆرە گرووپانە رزگار کردوون: "دەتوانم بڵێم تاوەکوو ئێستا 2000 کەس هاتوونەتە لام کە ڤیدیۆیان لەلای ئەو باندە مەغربییانە هەبووە، ڤیدیۆکەم بۆ سڕیونەتەوە و رزگارم کردوون". گوتیشی "هەندێک لەوانەی پەیوەندییان پێوەکردووم لە دەرەوەی وڵات بوون".

سەبارەت بەو کەسانەی کەوتوونەتە داوی ئەو گرووپانەوە، نەواس گوتی "هەموو جۆرە کەسێکی تێدایە، لە خەڵکی ئاسایی تا پلەداری سەربازی و تەنانەت مامۆستای ئاینی".

بە گوتەی نەواس، زۆربەی ئەو کەسانەی سێکس چاتیان لەگەڵ ئەو باندانە کردووە، پارەیان بۆ حەواڵە کردوون، کەسی وا هەیە تەنیا 100 دۆلاری بۆ حەواڵە کردوون و هەشە تاوەکوو 9 هەزار دۆلاری بۆ ناردوون. گوتیشی "دەتوانم بڵێم تاوەکوو ئێستا 7 ملیۆن دۆلاری خەڵکی کوردستان بۆ ئەو باندانە حەواڵە کراوە".

نەواس زانیاریی زۆری لە بارەی ئەو باندانە هەیە و دەڵێت "ئەوانە پێنج باندن، ژمارەیان 100 کەس دەبێ، 95%یان مەغربیین". گوتیشی "لە هەولێر و بەغدا و دهۆکیش خەڵکانێک ویستوویانە باندی هاوشێوەی باندە مەغربییەکان بۆ ئەو کارانە دروست بکەن، بەڵام زوو فەشەلیان هێناوە و لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە دەستگیرکراون".



پێنج باندی مەغریبی لە رێگەی سێکس چاتەوە پارە لە هاووڵاتیان کوردستان دەکێشنەوە

**شارەزایەکی ئایتی:** زیاتر لە دوو هەزار کەسم لە دەست باندە مەغرییبەکان رزگار کردووە

**پیاوێک:** 900 دۆلارم بۆ تەحویل کردوون و هێشتاش دەترسێم

## ئامێرەکانی گەنجە کوردەکە سەرسوڕهێنەرن

# "تا ئێستا چەند کەسێک داوایان لێکردووم پرۆژەکانم بکەنە بزنس"

دیمەن بورهان
رووداو– هەولێر

گەنجێکی دانیشتووی شاری سلێمانی چەند ئامێرێک دروست دەکات، یەکێک لەوانە سپلیتێکە کە بە گوتەی خۆی تەنیا بە یەک ئەمپێر کارەبا کار دەکات و توانای هەیە رووبەری 50 مەتر دووجا فێنک بکات یان گەرمی بکات. هەروەها دەڵێت 23 پرۆژەی دیکەی هەیە کاریان لەسەر دەکات.

محەممەد غەففوور، 28 ساڵ، لە گەڕەکی مامۆستایانی شاری سلێمانی لەدایکبووە، خوێندکاری قۆناغی سێی بەشی ئەندازیاریی میکانیکە لە زانکۆی سلێمانی. محەممەد یەکێک بووە لە دە یەکەمەکانی بەشی میکانیک لە پەیمانگا، بۆیە لە کۆلێژی ئەندازیاریی سلێمانی وەردەگیرێت. محەممەد پێشتریش خوێندکاری پیشەیی بووە لە بەشی ئۆتۆمبێل و لەنێوان 308 خوێندکار، پلەی یەکەمی لەسەر ئاستی ئامادەییەکەی بەدەستهێناوە.

هەر لە منداڵییەوە زۆر خولیای میکانیک بووە، ئایدیاکانی لەلای زۆربەی مامۆستاکانی جێگەی بایەخ بوون. محەممەد دەمێکە ئامێری جۆراوجۆر دروست دەکات و دەڵێت "پێشتر سێ کارگەی دروستکردنی نانم دروستکردووە کە یەکێکیان هی خۆمە و تەواوی ئامێرەکانی کارگەکە بە دەستی خۆم دروستکراون". هەروەها پرۆژەی ئامێری هەڵێنانی هێلکەی مریشک کە لە رۆژی جیهانیی ئەندازیاری لە ساڵی 2016 لە بەشی ئاودێریی زانکۆی سلێمانی نمایشی کرد و پلەی دووەمی بەدەستهێنا.

محەممەد هەروەها دەستێکی رۆبۆتیشی دروستکردووە "پرۆژەی پەیمانگام دروستکردنی قۆڵێکی رۆبۆت بوو کە زۆر سەرکەوتوو بوو، ئێستا لە پەیمانگای بابل وانەی لەسەر دەخوێندرێت".

محەممەد بەشداریی پێشانگای ساڵانەی مایای کردووە کە 18 زانکۆ و پەیمانگا لە وڵاتانی مالیزیا و ئوردن و عێراق و لوبنان بە 89 پرۆژە بەشدارییان کردووە. ئەو بەناوی زانکۆی سلێمانی بە پرۆژەیەک بەناوی "پلەی گەرما و خێرایی سووتاندن لە ژووری سووتانی مووشەک و فڕۆکە" بەشداریی کرد، پرۆژەکەی لەلایەن لیژنەیەک کە پێکهاتبوو لە پرۆفیسۆرێکی ژاپۆنی و سێ پرۆفیسۆری مالیزی و لوبنانی و عێراقی هەڵسەنگاندنی بۆ کرا و پلەی یەکەمی بەدەستهێنا.

محەممەد باسی نوێترین پرۆژەی خۆی بۆ (رووداو) کرد و گوتی "ئەمساڵیش بە پرۆژەی ئامێری ساردکەرەوە و گەرمکەرەوە بەناوی زانکۆی پۆلیتەکنیک بەشداری ئەو پێشانگایەی مالیزیام کرد".

لەبارەی ئامێرەکەشەوە محەممەد دەڵێت "ئەو ئامێرەی دروستم کرد هەوای گەرم و سارد بەرهەمدێنێت. گرنگییەکەی لەوەدایە تەنیا بە نیو ئەمپێر کارەبا کاردەکات و بۆ هەوای گەرم پێویستی بە غازێکی کەم هەیە، بەجۆرێک یەک بوتڵ غاز بەشی 16 رۆژ کارکردنی ئامێرەکە دەکات".

محەممەد زیاتر لەبارەی ئەو ئامێرە قسە دەکات و دەڵێت "ئەو ئامێرە 8 تایبەتمەندیی گرنگی هەن، لەوانەش: بەئاسانی کۆنترۆڵی پلەی گەرمییەکەی دەکرێت و بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی کاردەکات، بوتڵێک غازی 16 کیلۆگرامی نزیکەی بەشی 16 رۆژ کارکردنی دەکات کە پێویستە لە شوێنێکی داخراو بەکاربێت بۆ گەیشتن بە پلەی گەرمیی ویستراو. هەروەها یەک دانە لەو ئامێرە بەکاردێت بۆ گەرمکردنی نزیکەی 50 مەتر دووجا و جێگایەکی کەم دەگرێت و دەنگیشی کەمە. بەشێوەیەکی زۆر خێرا دەگاتە ئەو پلە گەرمییەی دەمانەوێت.

تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەوەیە کە بەتێکڕا تەنیا بە نیو ئەمپێر کاردەکات. هەروەها تەمەنێکی درێژی هەیە لە بەکارهێناندا، جگە لەوەش بوونی سەلامەتییەکی تەواوی کەسی بەکارهێنەر و دوا تایبەتمەندیشی ئەوەیە کە بەئاسانی لەلایەن بەکارهێنەرەوە کاری پێدەکرێت".

سەبارەت بە نرخی ئەم ئامێرەش، محەممەد دەڵێت: "تێچووی ئەم ئامێرە لە 250 بۆ 350 دۆلارە، بەپێی قەبارەی داواکراویش تێچووەکەی دەگۆڕێت".

چەند کەسێک داوایان لە محەممەد کردووە تا پرۆژەکانی بکەن بە بزنس "هەر پرۆژەیەک پێویستی بە پشتگیریی ماددی هەیە و دەبێت وەرشەیەکت هەبێت بۆ تاقیکردنەوەکانت، تاوەکوو ئێستا چەند کەسێک داوایان لێکردووم پرۆژەکانم بکەنە بزنس، بەڵام بەهۆی بەردەوامبوونم لە خوێندن، بواری ئەوەم نەبووە کاریان لەگەڵ بکەم".

محەممەد چەندین پرۆژەی دیکەی هەیە و وەک خۆی دەڵێت "بۆ ئایندە 23 پرۆژەی دیکەم وەکو پلان ئامادە کردووە کە هەمووی خۆی لە بابەتی مرۆڤدۆستی و ژینگەیی و کارگەدا دەبینێتەوە".



محەممەد دەڵێت پلانی بۆ 23 پرۆژە داناوە

# بەڕێوەبەرێک بەهۆی خۆکوشتنی قوتابییەک دەستگیر دەکرێ

دیمەن بورهان
رووداو – هەولێر

عەلی نوورەدین، تەمەن 17 ساڵ و دانیشتووی شارۆچکەی کفری، پاش تەواوبوونی لە تاقیکردنەوەکانی قوتابخانە، گەڕایەوە ماڵەوە و بە کلاشینکۆفەکەی باوکی گوللەیەکی بەخۆیەوە ناو کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

عەلی کە قوتابی هەشتی بنەڕەتی بوو لە قوتابخانەی خۆرنەوازان، ئەو رۆژەی خۆی کوشت ( 2017/5/16)، سێیەم تاقیکردنەوەی بوو لە تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ کە لە وانەی کۆمەڵایەتی بوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی لەو وانەیە باش نەبوو، کۆپیی کردبوو.

شێرکۆ ساڵح، بەڕێوەبەری قوتابخانەی خۆرنەوازان کە ماوەی هەفتەیەک بەهۆی رووداوەکەوە دەستگیرکرا، رۆژی یەکشەممە 2017/5/21 بە کەفالەتی دوو ملیۆن دینار ئازاد کرا. مامۆستا شێرکۆ دوای ئازادبوونی بە (رووداو)ی گوت: "جێگەی داخە بۆ ئێمە قوتابییەکی رووخۆش و بەڕەوشتمان لەدەست دا، بەڵام تاوانی کەسی تێدا نەبوو، ئەو رۆژەی رووداوەکە روویدا، سێیەمین تاقیکردنەوەیان بوو، من لە ژووری خۆم سەرقاڵی کاروباری ئیداری بووم، مامۆستایەکی ئافرەت کە چاودێری هۆڵی تاقیکرنەوەکە بوو، ناردی بەدوامدا کە قوتابییەک کۆپیی کردووە".

مامۆستا شێرکۆ دەڵێت قوتابییەکەی بردووەتە ژووری خۆی و زۆر ئامۆژگاریی کردووە "پێمگوت کوڕم ئەمە هەڵەیە، بەڵام کێشە نییە و دووبارەی مەکەوە، تەنیا لەم وەرزە لە 60 نمرەکە دەکەوی، بەڵام 40 نمرەت هەیە و لەگەڵ وەرزی یەکەم کۆدەکرێتەوە، ئەگەر دەرنەچووی، بۆ وەرزی دووەم دەتوانی تاقیکردنەوە بکەیەوە".

بە گوتەی مامۆستا شێرکۆ، دواتر توێژەری قوتابخانەش بە نەرمی و روویەکی خۆشەوە قسەی بۆ کردووە، بەبێ هیچ سووکایەتی و توندوتیژییەک، هاوڕێ و مامۆستاکانیش شایەتن تەنانەت ئامۆزایەکی باوکی عەلی یاریدەدەری قوتابخانەیە، ئەگەر هەڵەیەکمان هەبووبێت خۆ چاوپۆشی ناکات.

مامۆستا شێرکۆ گوتی "عەلی پاش هاتنە دەرەوەی لە قوتابخانە، زۆر بە ئاسایی بینراوە و لەگەڵ هاوڕێکانی چووە بۆ مەلەوانگە، بۆیە هیچ گوشارێکی ئێمەی پێوە دیار نەبووە. ئەوان خێزانی بەڕێزن، دوو منداڵیان لە قوتابخانەکەی ئێمە بووە، عەلی رووخۆش و بەڕەوشت بوو، هاوکارێکی باش بوو لە قوتابخانە، لە قۆناغی چواری بنەڕەتییەوە لای ئێمەیە، تاوەکو ئێستا هیچمان گلەییمان نەبووە بەئێستاشەوە، براکەی هەر لە قوتابخانەکەمانە".

مقەدەم نورەدین، باوکی عەلی، لەپێش نەخۆشخانەی بووژاندنەوەی دڵ لە سلێمانی بە دڵێکی پڕ لە خەم و کێشەوە وەستابوو، سەرەڕای تەعزێباری چاوەڕوانی هەواڵێک بوو لە براکەیەوە کە جەڵدەی دڵ لێی دابوو. گوتی "عەلی کوڕێکی هێمن و گوێڕایەڵ بوو، بەڵام لە خوێندندا وانەکانی درەنگ وەردەگرت و باش نەبوو". مقەدەم نورەدین لەبارەی رووداوەکەشەوە دەڵێت: "من نازانم چی روویداوە، عەلی نزیکەی کاژێر 10 دوای هاتنەوەی لە قوتابخانە بە کلاشینکۆفەکەی من گوللەیەکی بەخۆیەوە ناوە و دەستبەجێ گیانی دەرچووە".

سەبارەت بەوەی کوڕەکەی کۆپیی کردووە، گوتی "هیچ بەڵگەیەکم نییە کە بەهۆی ئەوەوە کوڕەکەم خۆی کوشتبێت، من لەوێ نەبووم تا بزانم راستیی رووداوەکە چۆن بووە".

لەبارەی تۆمارکردنی سکاڵاشەوە باوکی عەلی دەڵێت "سکاڵام تۆمار کرد لەسەر بەڕێوەبەری قوتابخانەکە و دەستگیرکرا، یاساش چ بڕیارێک بدات من پێی رازیم".

رائید عەلی جەمال قەدوری، گوتەبێژی پۆلیسی گەرمیان بە (رووداو)ی گوت "رۆژی یەکشەممە 2017/5/21 دادوەری لێکۆڵینەوە بڕیاری ئازادکردنی شێرکۆ ساڵح، بەڕێوەبەری قوتابخانەی خۆرنەوازانی دا کە لەسەر سکاڵای کەسوکاری ئەو خوێندکارە دەستگیرکرابوو".



### قوتابیان مامۆستایان دەترسێنن

مامۆستا شێرکۆ دوای ئەوەی دەچێتە دادگا بۆ رێکاری یاسایی ئازادکردنی بە کەفالەت، گوتی "دوو بەڕێوەبەر بەمەبەستی تۆمارکردنی سکاڵا لەسەر قوتابیەکانیان لە دادگا بوون، یەکێک لە بەڕێوەبەرەکان دەیگوت قوتابییەکی کچم قۆناغی هەشتی بنەڕەتییە، چەند پارچە حەبێکی هێنابوو بۆ قوتابخانە و پێیگوتووم ئەگەر دەرمنەچێنی، ئەم حەبانە دەخۆم و خۆم دەکوژم، هەروەها قوتابییەکی کوڕیش بە مامۆستاکەی گوتووە، ئەگەر دەرنەچم، خۆم دەکوژم و خوێنیشم لەسەر ئێوەیە". مامۆستا شێرکۆ دەشڵێت "بەبڕوای من ئەمە هەڵقوستنەوەیە لەلایەن قوتابیانەوە، ئەوەش لە کفری خەریکە لە حاڵەتەوە دەبێتە دیاردە".



## مەلا بەختیار: وەڵامی پارتی بۆ نەخشەڕێگاکەی یەکێتی پۆزەتیڤە

ڕووداو- سلێمانی

مەلا بەختیار، بەرپرسی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە هەڤپەیڤینێک لەگەڵ ڕووداو ڕایگەیاند چوار ڕۆژە وەڵام فەرمی پارتییان لە بارەی نەخشەڕێگایەکە وەرگرتووە "وەڵامەکەشیان ئیجابییە لە چەندین برگە دەڵێن ئێمەش هەمان بۆچوونی ئێوەمان هەیە تەنیا لە چەند برگەیەک تایبەت بە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمان تێبنیان هەیە". مەلا بەختیار هەروەها گوتی: "پارتی لەگەڵ پرەنسیپی کاراکردنەوەی پەرلەمانی، بەڵام کێشەی سیاسی نێوان گۆڕان و پارتی چارەسەر نەکراوە لەبەر ئەوەی پارتی پێیوایە ئەو ڕێککەوتنەوەی لە نێوان خۆیان و گۆڕان نەماوە تاوەکو سەرۆکایەتیی پەرلەمان بداتەوە گۆڕان".

### دوای مردنی نەوشیروان مستەفا

# جەمال محەممەد دەبێتە کەسی یەکەمی گۆڕان

مەحموود یاسین کوردی
ڕووداو- هەولێر

کاژێر هەشتی بەیانیی ڕۆژی 2017/5/19 نەوشیروان مستەفا ئەمین، ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان لە تەمەنی 73 ساڵیدا لە ماڵەکەی خۆی لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد، ڕۆژی دواتر لەسەر وەسیەتی خۆی، هەر لە (گردی زەرگەتە) کە بزووتنەوەی گۆڕانی لەسەر دروستکرد، بەخاک سپێردرا. ئێستا زۆرترین قسە لەسەر ئەوەیە کە کێ شوێنەکەی دەگرێتەوە و ئایندەی بزووتنەوەی گۆڕان بەرەو کوێ هەنگاو دەنێ.

### نەوشیروان مستەفا چارەسەر ڕەتدەکاتەوە

هەندێک سەرکردەی یەکێتی و گۆڕان ئاگاداری دۆخی تەندروستیی نەوشیروان مستەفا بوون، زانیارییان هەبووە کە تووشی شێرپەنجەی سییەکان بووە. لە دوای واژۆکردنی ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ یەکێتی، نیشانەکانی شێرپەنجە دەرکەوتبوون و پزیشکەکانیش بێ ئومێدبوونی خۆیان پێڕاگەیاندبوو.

ئەندامێکی سەرکردایەتیی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت: "پزیشکەکان داوایان کردبوو چارەسەری کیمیایی وەربگرێت، ئەگەرچی زۆریش سوودی نەبووە، چونکە تەنیا 6 مانگ مردنەکەی دوادەخست، بەڵام ئەو ئامادە نەبووە ئەوە بکات و بە برادەرانی ئێمەی گوتبوو: هەر کاتێک مردن هات با بێت".

کەسێکی نزیکی خانەوادەی نەوشیروان مستەفا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: ئەو ڕۆژەی کۆچی دوایی کرد، کەسوکاری ئامادەسازییان کردبوو بۆ ئەوەی کاک نەوشیروان سەردانی گۆڕی شوعلەخانی هاوژینی لە گردی سەیوان بکات، بەڵام لە کاژێر شەشی بەیانی تەندروستیی تێکچوو، پلەی گەرمیی لەشی بەرزبووەوە و تواناى قسەکردنی نەما، تەنیا منداڵەکانی و بەختیاری برای و برازاکانی و دوو پزیشکی ناسراوی سلێمانی لەوێ بوون. لە کاژێر 7:30 خولەکی بەیانیش هەر یەک لە (قادری حاجی عەلی، عومەر سەید عەلی، محەممەد تۆفیق ڕەحیم و د.شۆڕش حاجی) هەڵسوڕاوانی گۆڕان هاتوونەتە لای و کاژێر 8 گیانی سپاردووە".

ئاوات شێخ جەناب، ئەندامی جڤاتی نیشتمانیی گۆڕان کە کەمێک درەنگتر گەیشتبووە ماڵی نەوشیروان مستەفا، دەڵێت "کە گەیشتمە سەری گیانی سپاردبوو، کاک نەوشیروان حساب بکە بەپێوە مرد، ئەو پیاوە لە ژیانی پێشمەرگایەتییەوە تاوەکو ئەو ڕۆژەی گیانی سپارد لە مردن نەترسا".

### بۆچی لە زەرگەتە نێژرا؟

نەوشیروان مستەفا لەسەر وەسیەتی خۆی لە گردی زەرگەتە نێژرا، هەندێک کەس پێیانوایە پەیامێک لە پشت ئەمەوە هەیە.

عەدنان عوسمان، هەڵسوڕاوی گۆڕان لە بارەی هەڵبژاردنی گردی زەرگەتە وەکو دوا مەنزڵگەی نەوشیروان مستەفا بە (ڕووداو)ی گوت: "پەیام و مەغزایەکی گەورەی ڕەمزی لە پشت هەڵبژاردنی ئەو شوێنە لەلایەن کاک نەوشیروانەوە هەیە، بۆ ئەوەی هەموو هاوڕێکانی و هەموو گۆڕانخوازان پەیام و بەرنامەی ئەویان لەبیر بێت و لەسەر ڕێباز و دونیابینییەکەی بەردەوام بن، بۆیە پەیامێکیشە بۆ سەرکردەکانی گۆڕان کە بە یەکگرتوویی و سەربەخۆیی بمێننەوە".

### گۆڕانی پۆست نەوشیروان

دوای کۆچی دوایی نەوشیروان مستەفا، گەرمترین باسوخواسی خەڵکی کوردستان، چارەنووسی گۆڕان و پڕکردنەوەی پۆستی ڕێکخەری گشتییە. ئاوات شێخ جەناب، لەوبارەیەوە دەڵێت: "کاک نەوشیروان داوای لێکردووین دەستووری گۆڕان جێبەجێ بکەین. دەستووری گۆڕانیش لەبارەی پۆستی ڕێکخەری گشتی چی دەڵێ، ئەوە جێبەجێ دەکەین".

گوتیشی: "کاک نەوشیروان دوو ساڵە بە فیعلی دەستبەرداری ئێمە بووە و لە دوورەوە سەیری دەکردین، ئێمەی خستبووە ژێر تاقیکردنەوە".

عەدنان عوسمان کە دەڵێت پێشتر لەوبارەیەوە گفتوگۆی لەگەڵ نەوشیروان مستەفادا کردووە، گوتی: "چەندینجار گفتوگۆمان لەگەڵ کاک نەوشیروان کردووە لەسەر ئەو مەوزوعە، نامەی ئەویشمان هەیە کە دەڵێ لابردن و دانانی ڕێکخەری گشتی لەنێو گۆڕان لە ئاوخواردنەوە ئاسانترە. بەپێی دەستووری ناوخۆی گۆڕان میکانیزمی گۆڕین و دانانی ڕێکخەری گشتی سادەیە و ئاڵۆز نییە".

بەپێی بەشی نۆیەم، مادەی یەکەم، برگەی دووەم لە دەستووری نێوخۆی گۆڕان، جڤاتی نیشتمانی بەرزترین دەسەڵاتە لە نێوان دوو هەڵبژاردندا.

لەدوای بەخاکسپاردنی نەوشیروان مستەفا، ئاڵای کوردستان کە لەسەر تەرمەکەی بوو، ڕادەستی جەمال محەممەد، سکرتێری جڤاتی گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان کرا، ئەوەش بە ئاماژەیەک دادەنرێ کە لەو قۆناغەدا ئەو کاروبارەکانی گۆڕان بەڕێوەدەبات.

عەدنان عوسمان دەڵێ: "لە ڕووی ئۆرگانی و حیزبییەوە مامۆستا جەمال محەممەد لە دوای کاک نەوشیروان کەسی دووەمە. لە کاتی ئامادەنەبوونی کاک نەوشیروان ئەو سەرپەرشتی کۆبوونەوەکانی دەکرد، ئەمە مانای ئەوە نییە دەبێتە ڕێکخەری گشتی، بەڵکو بە مانایەکی ڕەمزییە کە ئەو لە دوای ڕێکخەری گشتی کەسی دووەمە، چونکە سکرتێری جڤاتی نیشتمانییە و ئێستا کە کاک نەوشیروان مستەفا نەماوە، مامۆستا جەمال لە ڕووی ئۆرگانییەوە کەسی یەکەمی گۆڕانە".

## ئاواتی شێخ جەناب: دوو ساڵە نەوشیروان مستەفا دەستبەرداری ئێمە بووە

## عەدنان عوسمان: کاک نەوشیروان دەیگوت گۆڕین و دانانی ڕێکخەر لە ئاو خواردنەوە ئاسانترە

## گۆڕان لەسەر پەیامێکی 8 خاڵی نەوشیروان مستەفا دەڕوات

## نازم دەباغ: ئێرانییەکان چاودێریی شوێنگرەوەی نەوشیروان مستەفا دەکەن

پێشتر نەوشیروان مستەفا بریکارنامەی تایبەتی بۆ عومەر سەید عەلی کردووە بۆ ڕاپەڕاندنی ئیشوکارە یاساییەکانی گۆڕان لە کوردستان. هەروەها بۆ ڕاپەڕاندنی ئیشوکارە یاساییەکانی بەغداش بریکارنامەی بۆ ئارام شێخ محەممەد، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق کردووە. لەو ماوەیە کە لە لەندەن بووە، ئیشوکاری ڕۆژانەی گۆڕانیش لەلایەن (قادر حاجی عەلی، عومەر سەید عەلی و عوسمانی حاجی مەحموود) بەڕێوەدەبران.

ئێستا لەنێو گۆڕان باسی سێ کەسایەتی بۆ شوێنگرتنەوەی ڕێکخەری گشتیی گۆڕان دەکرێت: قادری حاجی عەلی، عومەری سەید عەلی و عوسمانی حاجی مەحموود کە هەرسێکیان لە ماوەی ئامادەنەبوونی نەوشیروان مستەفادا ڕۆڵیان هەبووە.

بەهێزترینی ئەو سێ کەسایەتییە قادری حاجی عەلییە کە لە بنەماڵەیەکی ناسراوی سلێمانییە و کەسێکی نزیکی نەوشیروان مستەفا بووە. ئەو لە پێشمەرگە سەرەتاییەکانی یەکێتی بووە و چەندین پۆستی هەستیاری لەنێو ئەو حیزبە هەر لە کارگێڕی مەکتەبی سیاسی تاوەکوو بەرپرسی دەزگای زانیاری وەرگرتووە. بەهۆی بوونی تۆڕێک لە پەیوەندی و زانیاری و ئەرشیفی یەکێتی و ئیدارەی سلێمانی، لە نێو گۆڕان بە "سندوقە ڕەشەکە" وەسف دەکرێت.

سەرکردەیەکی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتی: "پێشبینی دەکەین کاک قادر ڕۆڵی پلە یەک لەنێو گۆڕان لە دوای کاک نەوشیروان ببینێت، ئەگەر بە فەرمیش نەبێتە ڕێکخەری گشتی، داڕێژەر و جێبەجێکاری سیاسەت لەنێو گۆڕان ئەو دەبێت. لەنێو گەنجەکان تا ئاستێکی باش مەقبولە، توانای بڕیاردانی هەیە، جگە لەوەش هەم لەلای ئێرانییەکان ناسراوە لە سەردەمی دەزگای زانیاری، هەم پەیوەندیی لەگەڵ سەرکردەکانی یەکێتی زۆر باشە، لەگەڵ پارتیش پەیوەندیی خراپ نییە".

### ئێران چاودێریی شوێنگرەوەی نەوشیروان مستەفا دەکات

لە دوای دروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕان، تاکە وڵات کە نەوشیروان مستەفا بە فەرمی سەردانی کردبێت کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو کە لە تەمموزی 2012 سەردانی کرد. لە دوای کۆچی دوایی نەوشیروان مستەفا، قاسم سولەیمانی، فەرماندەی سوپای قودسی سەر بە سوپای پاسدارانی ئێران کە لە باشووری کوردستان و عێراقدا کەسایەتییەکی ناسراوە، پرسەنامەیەکی ئاراستەی جەلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کرد.

نازم دەباغ، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تاران بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئێرانییەکان بە تایبەتی ئاغای حاجی سولەیمانی چاودێریی شوێنگرەوەی کاک نەوشیروان مستەفا دەکەن، چونکە بەلایانەوە گرنگە ئاسایش و ئارامیی ناوچەکە پارێزراو بێت و سەقامگیریی سیاسی هەبێ، بە تایبەتی لە سنووری سلێمانی، بە بۆچوونی خۆم ئەوان تەدەخول لەوە ناکەن کێ ببێتە ڕێکخەری گشتی، بەڵام چۆن پەرۆشی نێوخۆی یەکێتی بوون و دڵسۆزیی خۆیان پیشاندا، بە هەمانشێوە بۆ گۆڕانیش وان".

نازم دەباغ کە هاوکات نوێنەری یەکێتییە لە تاران، دەڵێ: "هەر کاتێک حاجی قاسم هاتبێتە هەولێر و سلێمانی، سەردانی کاک نەوشیروانی کردووە، جگە لەوە ئەو کاتەی جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی و سکرتێری کۆمەڵە بووە پەیوەندیی باش و دۆستانەی لەگەڵ ئێران هەبوو، زۆربەی سەرکردە سیاسی و فەرماندە سەربازییەکانی ناسیوە، بۆیە ئێرانییەکان پەرۆشی کۆچی دوایی کاک نەوشیروانن، بە جدیش دەیانەوێ درێژە بە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ گۆڕان بدەن".

### دامەزرێنەرێکی گۆڕان: ئیدارەکردنی خەڵکی گۆڕان ئاسان نییە

عوسمان بانیمارانی، ئەندامی پێشووی سەرکردایەتیی یەکێتی و یەکێک لە دامەزرێنەرانی گۆڕان لەبارەی بەڕێوەبردنی بزووتنەوەکە دوای کۆچی دوایی نەوشیروان مستەفا، دەڵێت: "پێشبینی دەکەم لیژنەیەکی هاوبەش دروستبکەن بۆ بەڕێوەبردنی ئیشوکارەکان تا دۆخەکە ئاسایی دەبێتەوە، چونکە شوێنگرتنەوەی کاک نەوشیروان زەحمەتە، ئەو ئیشەش بە تاکە کەسێک ناکرێت".

عوسمان بانیمارانی کە لە نیسانی 2014 وازی لە گۆڕان هێنا و گەڕایەوە نێو یەکێتی، پێیوایە "ئیدارەکردنی خەڵکی گۆڕان ئاسان نییە، بۆیە لەو بڕوایەدام هەڤاڵانی گۆڕان کەسێک بۆ پۆستی ڕێکخەری گشتی هەڵنابژێرن، بەڵکو ئیشەکان بە لیژنەی چەند کەسی بەڕێوەدەبەن".

سەرچاوەیەک لە بزووتنەوەی گۆڕان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ڕێکخەری گشتیی هەڵنابژێردرێ، بەڵکو ئیشوکارەکان وەکو خۆی بەڕێوەدەچن. لە ڕووی ئۆرگانییەوە سکرتێری جڤاتی نیشتمانی دەبێتە کەسی یەکەم، بەڵام گرووپێکی ڕاوێژکاری کە لە گەورە هەڵسوڕاوان پێکهاتووە، ئیشوکارەکان ڕادەپەڕێنن. کاتی خۆیشی کاک نەوشیروان لە لەندەن ڕۆژی 2016/11/12 پەیامێکی هەشت خاڵی ئاراستەی جڤاتی گشتی و نیشتمانی، ڕێکخەری ژوورەکان و گرووپی ڕاوێژکاری کرد، لەوێ بەڕوونی ئایندە و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی گۆڕانی دیاری کردبوو بۆ ئەوەی زۆرترین کەس و ئۆرگانەکان بەشداریی بکەن لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار و وەرگرتنی بڕیاردا. لە خاڵی کۆتاییدا بە ڕاشکاوانە گوتبووی: پێویستە هەموو کەس و ئۆرگانەکان پابەندی بڕیارەکانی جڤاتی نیشتمانی بن و هەر کەسێک لێی لادا، بەپێی دەستووری بزووتنەوەکە ڕەفتاری لەگەڵ بکرێت".

ئەگەرچی بەپێی ماددەی دوانزدەی دەستووری نێوخۆی گۆڕان دەبوو خانەی ڕاپەڕاندن دروستبکرایە کە ڕۆڵی مەکتەبی سیاسی دەبینێت و بەرپرسە لە جێبەجێکردنی بڕیار و ڕاسپاردەکانی جڤاتی نیشتمانی لە نێوان دوو کۆبوونەوەدا، بەڵام دوای 3 ساڵ ئەو دامەزراوەیە دروست نەکرا کە لە حاڵەتی ئامادەنەبوونی ڕێکخەری گشتی ئەندامێکی ئەو خانەیە ئەرکەکانی ڕێکخەری گشتی لە ئەستۆ دەگرێ.

ڕۆژی 2017/5/21، بزووتنەوەی گۆڕان بەبۆنەی کۆتا ڕۆژی پرسەی ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەکەیان قوفڵی لە هەموو هەوڵ و ئەگەرێک بۆ یەکگرتن لەگەڵ یەکێتی دا کاتێک ڕایگەیاند: "گۆڕانخوازان دڵنیا دەکەینەوە، هەر بەو جۆرەی کاک نەوشیروان نەخشەی بۆ کێشابوو، ئەمانەتی پەیام و ئامانجەکانی گۆڕان وەک گلێنەی چاومان دەپارێزین، بزووتنەوەکەمان وەک خۆی دەمێنێتەوە".

لەدوای دروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕان، نەوشیروان مستەفا ڕێکخەری گشتیی ئەو بزووتنەویە دووجار بە ماوەیەکی زۆر هەرێمی کوردستانی جێهێشتووە. جاری یەکەم حەوت مانگ لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا مایەوە و ڕۆژی 2016/4/28 گەڕایەوە سلێمانی. جارێکی دیکە بۆ چارەسەری پزیشکی لە ڕۆژی 2016/9/3 کوردستانی جێهێشت و ڕۆژی 2017/5/13 گەڕایەوە، دوای شەش ڕۆژ لە گەڕانەوەی کۆچی دوایی کرد.



پزیشکەکان داوایان لە نەوشیروان مستەفا کردبوو کە چارەسەری کیمیایی وەربگرێ، بەڵام ئەو ئامادە نەبوو ئەوە بکات (فۆتۆ: ڕووداو)

### ڕێکخەری گشتی چۆن هەڵدەبژێردرێت؟

لە دەستووری ناوخۆی بزووتنەوەی گۆڕاندا کە لە کۆنگرەی یەکەم لە کۆتایی ساڵی 2013 پەسەند کراوە. باسی هەڵبژاردنی ڕێکخەر کراوە. لە بەشی نۆیەمی دەستووری گۆڕان ماددەی 13 برگەی دوودا هاتووە "ڕێکخەری گشتی لە کۆبوونەوەی جڤاتی نیشتمانیدا. بە دەنگدانی نهێنی و ڕاستەوخۆ و بە زۆرینەی سادە پەسەند دەکرێ و بە زۆرایەتی ڕەهای دەنگی هەموو ئەندامەکانی دەگۆڕدرێ". هەر بەپێی برگەی سێیەمی هەمان ماددە "هەڵبژاردنی ڕێکخەری گشتی دوو ساڵ جارێک دەبێت".

ئەگەر پۆستی ڕێکخەری گشتیش چۆڵ بوو، لە دەستووری گۆڕاندا هاتووە :"لە کاتی چۆڵبوونی جێگەی ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەکەدا، لە سۆنگەی وازهێنانی یان هەر هۆیەکی دیکە، بۆ پڕکردنەوەی شوێنەکەی، یەکێک لە ئەندامانی جڤاتی نیشتمانی یان یەکێک لە ئەندامانی جڤاتی گشتی، یان کەسایەتییەکی دیاری بزووتنەوەی گۆڕان لە دەرەوەی هەردوو جڤات، بە دەنگدانی نهێنی و ڕاستەوخۆ و بە زۆرایەتی ڕەها هەڵدەبژێردرێ. ئەگەر لە جاری یەکەمی هەڵبژاردندا دەنگی پێویستی نەهێنابوو، بۆ جاری دووەم هەڵبژاردن بۆ یەکەمین و دووەمین کەس، کە زۆرترین دەنگیان هێناوە، دووبارە دەکرێتەوە، ئەوسا دەنگی زۆرایەتی سادە بەسە بۆ هەڵبژاردنی".

### دامەزرێنەرێکی گۆڕان: لیژنەیەک بۆ ڕاپەڕاندنی ئیشوکارەکانی گۆڕان دروستدەکرێت



### جێگرەوەی نەوشیروان مستەفا کێیە؟

**جەمال حاجی محەممەد**

- 23/10/1957 لە هەڵەبجە لەدایک بووە
- خانەی پێگەیاندنی مامۆستایانی لە دهۆک تەواو کردووە
- لە ساڵی 1975 تاوەکو 1979 ئەندامی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بووە
- لە ساڵی 1979 بووەتە پێشمەرگە
- لە کۆنگرەی دووەمی یەکێتی دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی
- 1993 بۆ 1996 قائیمقامی قەزای دووکان بووە.
- چەند ساڵێک بەرپرسی مەڵبەندی ئەورووپای یەکێتی بووە.
- لە 21/11/1982 لە شاخ ژیانی خێزانیی پێکهێناوە و خاوەنی 7 کچ و کوڕێکە.
- یەکێکە لە دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی گۆڕان
- ئێستا سکرتێری جڤاتی نیشتمانییە.



## فەرەیدون عەبدولقادر: تاکە ڕێگە لە بەردەم گۆڕان یەکگرتنە لەگەڵ یەکێتی

ڕووداو- سلێمانی

فەرەیدون عەبدولقادر ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بە (ڕووداو)ی گوت "وەک چۆن غیابی مام جەلال کاریگەری بەسەر یەکێتییەوە دیاربووە، ئەو کاریگەرییە لە غیابی نەوشیروان مستەفاش بە بزووتنەوەی گۆڕانەوە دیاردەبێت. چونکە نەوشیروان مستەفا کاریزما بوو". فەرەیدوون عەبدولقادر پێیوایە "تاکە ڕێگەی باش لەبەردەم گۆڕان ئەوەیە لەگەڵ یەکێتی یەکبگرنەوە، نەک باسکردن لە ڕێککەوتنی سیاسی، چونکە ئەمە دەرمانی هیچ دەردێک نییە، بەڵکو دەرمانی دەردەکان ئەوەیە یەکبگرنەوە و ڕیزەکانیان یەک بخەن، ئەگینا من دەزانم لە غیابی کاک نەوشیروان چی ڕوودەدات، لە چەند مانگی ئایندەدا زۆر دیارده بە چاوی خۆمان دەبینین".

# گۆڕان داوای لێبووردن لە بەرپرسانی یەکێتی و یەکگرتوو دەکات

نەوزاد مەحموود و ئەرکان عەلی
ڕووداو- سلێمانی

بزووتنەوەی گۆڕان بە ڕاگەیێندراوێک کۆتایی بە پرسەی ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەکەی هێنا. لە نێوەڕۆکی ڕاگەیێندراوەکەشدا داوای لێبووردنیان کرد و ڕایانگەیاند "ئەگەر هەر کەموکورییەک بەرامبەر هەر کەس و لایەنێک ڕوویدابێ، داوای لێبووردن دەکەین".

لە کاتی ئەسپەردەکردنی تەرمی نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان لە گردی زەرگەتەی سلێمانی، شۆڕش حاجی، گوتەبێژی بزووتنەوەکە. قادر حەمەجان، گوتەبێژی یەکێتی، سەڵاحەدین بەهائەدین، ئەمینداری یەکگرتووی ئیسلامی و عەلی باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی گوتاریان هەبوو. بەڵام هوهای بەشێک لە لایەنگرانی بزووتنەوەی گۆڕان لەکاتی خوێندنەوەی گوتارەکانی هەریەک لە سەڵاحەدین بەهائەدین و قادر حەمەجان، سەرکردە تازیەبارەکانی بزووتنەوەی گۆڕانی تووشی ئیحراجی کرد.

هەرچەندە بەرپرسانی یەکگرتوو و یەکێتی، بەردەوام بوون لە مەراسیمەکە، بەڵام نیگەرانییەکان جارێکی دیکە پەڕینەوە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و گلەیی و هاوخەمی پێکەوە دەبارین. بەپێی زانیارییەکان، بەرپرسانی باڵای یەکێتی و یەکگرتوو لەسەر هۆیهای لایەنگرانی گۆڕان، گلەییان لە بەرپرسانی گۆڕان هەبووە.

مستەفا سەید قادر، یەکێک لە هەڵسوڕاوە باڵاکانی بزووتنەوەی گۆڕان کە بۆخۆی ڕاگەیێندراوی کۆتایی بزووتنەوەکەی خوێندەوە، لە کۆتایی پرسەکەدا، ئەو کەس و لایەنانەی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد کە مەبەستیان بووە لەو ڕاگەیێندراوەدا داوای لێبووردنیان لێبکەن و گوتی: "مامۆستا سەڵاحەدین، هەندێک بیرخستنەوەی جوانی باسکرد و حاکم قادر، قسەی جوانی کرد و هەروەها داوای لێبووردن بوو لە قوباد تاڵەبانی و کاک سالار عەزیز".

مستەفا سەید قادر دەڵێ "ڕاستە ئەوانەی بەو شێوەیە مامەڵەیان کرد لایەنگری بزووتنەوەی گۆڕانن و نەدەبوو وا بکەن، بەڵام لە دڵگەرمی و خەمی گەورەی لەدەستدانی کاک نەوشیروان وایانکرد. ئێمە هەر ئەوکاتیش دەمانویست کۆنترۆڵی خۆیان بکەن. بەڵام ئەوە کار ناکاتە سەر پەیوەندیی نێوان ئێمە و لایەنەکان".

ئەو بەرپرسەی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ هەڵوێستی بزووتنەوەی گۆڕان ئەوەیە کە لەزاری گوتەبێژەکەیەوە یان لە ڕاگەیێندراوە فەرمییەکاندا ڕادەگەیێنرێ، نەک ئەوەی کە بەشێک لایەنگری دڵگەرمی بزووتنەوەکە دەیکەن و دەیڵێن.

نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان، دوای چەند ڕۆژێک لە گەڕانەوەی بۆ باشووری کوردستان، ڕۆژی 19ی ئەم مانگە هەواڵی کۆچی دوایی لە زاری گوتەبێژی بزووتنەوەکەوە خوێندرایەوە. ڕۆژی دواتر لە نێو ئاپۆڕای هەزاران کەسدا لە گردی زەرگەتە بەخاک سپێردرا.

کۆسرەت ڕەسوڵ، جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی یەکێتی و ژمارەیەک بەرپرسی دیکەی یەکێتی بۆ بەشداریکردن لە ڕێوڕەسمەکەدا وەستابوون و دروشمە توندەکان تەواو نیگەرانی کردبوون. بەڵام ئەمینداری گشتیی یەکگرتوو ناچار بوو، لەدەستپێکی گوتارەکەیەوە بوەستێ و بڵێ "بەڕێزان ئێمە بۆ موزایەدە لێرە نین، هاتووین هاوخەمیی خۆمانتان بۆ دەرببڕین".

دارا سێکانیانی ئەندامی ئەنجوومەنی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی پێیوایە ئەو داوای لێبووردنە "کارێکی باشە". هیوادارە هەموو لایەنەکان لەوە تێبگەن "هەموومان پێویستمان بەیەک دەبێ و ئەو قەیرانانەی لە کوردستان هەن، دواتر هەر ناچارمان دەکەن بەیەکەوە بین".

گوتیشی: "ئێمە وەک یەکگرتوو، ئومێدەوارین کۆچی دوایی کاک نەوشیروان، ببێتە وێستگەیەک بۆ چارەسەربوونی کێشەکان و گەڕانەوەی لایەنەکان بۆلای یەکتری".

پەیوەندییەکانی بزووتنەوەی گۆڕان و یەکگرتووی ئیسلامی، چەند جارێکی دیکەش گەیشتووەتە لێواری تێکچوون. بەتایبەتی لەکاتی دانیشتنی پەرلەمان بۆ هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی و گفتوگۆی لایەنە سیاسییەکان بۆ چارەسەری قەیرانە سیاسییەکان

ئەو بەرپرسەی یەکگرتووی ئیسلامی، ڕەتیدەکاتەوە سەلاحەدین بەهائەدین، ئەمینداری گشتی حیزبەکەی تووڕە بووبێ لەو هەڵوێستانە "وەک یەکگرتوو چەند جار مافمان خوراوە، بەڵام بڕیاری ئێمە ئەوە بووە سووربین لەسەر پرۆژەی خزمەتکردنی خەڵک".

مستەفا سەید قادر دەڵێ جگە لەو ڕاگەیێندراوە، لەسەر ئاستی تاکەکەسیش، بزووتنەوەکەیان داوای لێبووردنی لەو کەسایەتییانە کردووە "بەشداریکردنیان لە پرسەی کاک نەوشیروان بەرز دەنرخێنین و نیگەرانیش بووین لەو مامەڵەیەی لەلایەن بەشێک لە لایەنگرانی دڵگەرمی بزووتنەوەکەوە بەرامبەریان کرا".

لە کاتی پێشکەشکردنی گوتارەکەیدا، عەلی باپیر گوتی "نەوشیروان مستەفا لەگەڵ دروستکردنی دەوڵەتی ئیسلامی کوردستاندا بووە". ئەو قسانە بەلای بەشێک لەوانەی نووسینەکانی نەوشیروان مستەفایان خوێندووەتەوە، نامۆ بوو.

مەجید ساڵح کە هەڵسوڕاوێکی بزووتنەوەی گۆڕانە، گوتی "ئەو دانیشتنەی کاک نەوشیروان و مامۆستا عەلی باپیر، پێش ڕاپەڕین بووە و کاتێک بووە کاک نەوشیروان سکرتێری کۆمەڵە بووە. پرسیویەتی ئایا ئێوە کار بۆ دامەزراندنی خەلافەتی ئیسلامی دەکەن؟ ئەویش پێیگوتووە ئێمە مەبەستمان دەوڵەتی ئیسلامی کوردییە. کاک نەوشیروانیش گوتوویەتی پێمان خراپ نییە، باشترە لەوەی خەلافەتێکی ئیسلامی دروستبکەن".



مستەفا سەید قادر: داوای لێبووردنمان لە سەلاحەدین بەهائەدین، حاکم قادر، قوباد تاڵەبانی و سالار عەزیز کرد

# کورد بەشداری هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق دەکات؟

### پارتی: شەرعیەت بە بڕیارەکانی بەغدا دژی هەرێمی کوردستان نادەین

### یەکێتی: نە گشتپرسیمان کردووە نە جیابووینەتەوە تاوەکوو بڕیارێکی لەوجۆرە بدەین

### گۆڕان: هۆکارێک بۆ بەشدارینەکردن نابینین

### کۆمەڵ: ناکرێ لایەنێک بە تەنیا بڕیار لەسەر پچڕاندنی پەیوەندی لەگەڵ بەغدا بدات

مەحموود یاسین کوردی
ڕووداو- هەولێر

جگە لە پارتی، چوار لایەنە سەرەکییەکەی هەرێمی کوردستان دەڵێن هۆکارێک شک نابەن بۆ ئەوەی کورد بەشداری هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق نەکات. ئەو وەڵامەی ئەوان پاش قسەکانی نێچیرڤان بارزانی، جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان دێت کە گوتی "ئەگەر سیاسەتی زۆرینە و کەمینە لە عێراق بەردەوام بێت، پێویست ناکات بەشداری هەڵبژاردنی داهاتوو بکەین".

ڕۆژی 2018/4/30 خولی ئێستای پەرلەمانی عێراق کۆتایی دێت، لەسەر پرسی بەشداریکردنی کورد لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق لەئێستاوە لەنێوان لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بۆچوونی جیاواز دروستبووە، یەکەم لایەنیش کە ئەو پرسەی وروژاند پارتی بوو کاتێک لەسەر زاری ئەندامێکی مەکتەبی سیاسییەوە ڕایگەیاند، ڕەنگە بەشداری لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق نەکەن.

دواتر نێچیرڤان بارزانی، جێگری سەرۆکی پارتی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ کەناڵی ئەلعەرەبیە ڕایگەیاند: "ئەگەر سیاسەتی تاکڕەو و تائیفی و بنەمای زۆرینە و کەمینە وەک ئەوەی بۆ حەشدی شەعبی کردیان، بەردەوام بێت، ئێمە نابینین پێویست بەوە بکات بەشداری لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا بکەین و شەرعیەت بەو بڕیارانە بدەین کە هیچیان لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستاندا نییە".

پێش ئەو هەڤپەیڤینەی نێچیرڤان بارزانی، هەر یەک لە مەحموود محەممەد، گوتەبێژی مەکتەبی سیاسیی پارتی، جەعفەر ئیبراهیم، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی بۆ (ڕووداو)یان ئاشکرا کردبوو کە حیزبەکەیان سەرقاڵی تاوتوێکردنی بەشدارینەکردنە لە هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق.

بەرپرسێکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە حیزبەکەی خاوەنی 21 کورسییە لە پەرلەمانی عێراق، دەڵێت کورد هیچ بڕیارێکی نوێی لەبارەی بەشدارینەکردن لە هەڵبژاردن نەداوە.

سەعدی پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بە (ڕووداو)ی گوت: "بابەتی بەشدارینەکردن لە هەڵبژاردنی عێراق جێگای گفتوگۆ نەبووە، ئێمە تاوەکو ئێستا بەشێکین لە وڵاتێک کە ناوی عێراقە، بۆیە دەبێ بەشدارینەکردن بە هەڵسەنگاندن و زانینی ئەجامەکەی بێت. نە گشتپرسیمان کردووە نە جیابووینەتەوە تاوەکوو بڕیارێکی نوێ بدەین".

بۆچوونی بزووتنەوەی گۆڕانیش نزیکە لەوەی یەکێتی. گۆڕان کە بە جێگری سەرۆکی پەرلەمان و وەزیری کۆچبەران بەشداری پرۆسەی سیاسییە لە بەغدا، هیچ پاساوێک بۆ بەشدارینەکردنی کورد لە هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق نابینێت.

شۆڕش حاجی، گوتەبێژی گۆڕان بە (ڕووداو)ی گوت :"جڤاتی نیشتمانیی بزووتنەوەی گۆڕان هیچ بڕیارێکی لە بارەی بەشدارینەکردن لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق نەداوە. هەر کاتێک پێشهات و گۆڕانکاری نوێ هاتە ئاراوە ئەوکات هەڵوێستی خۆمان بۆ لایەنە سیاسییەکان و خەڵکی کوردستان دەخەینەڕوو".

گوتەبێژی گۆڕان دەڵێت هیچ هۆکارێک شک نابەن بۆ بایکۆتی هەڵبژاردن: "ئێمە هیچ هۆکارێک نابینین بۆ ئەوەی گۆڕان بایکۆتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بکات".

شۆڕش حاجی ئاماژەی بەوەدا وەکو کیانێکی سیاسی ناوی خۆیان لە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو تۆمار کردووە.

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە دوو کۆنگرەی ڕابردوو دروشمی سەربەخۆیی پەسەند کردووە و بە تاکە وەزیرێکی ژن بەشداری کابینەی حەیدەر عەبادی سەرۆکوەزیرانی عێراقی کرد و پۆستەکەشی بەر چاکسازییەکانی کەوت.

هادی عەلی، گوتەبێژی یەکگرتووی ئیسلامی ئاماژە بە بۆچوونی حیزبەکەی لەبارەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی عێراق دەکات و دەڵێت هیچ بڕیار و پێشهاتێک نییە کە کورد یان یەکگرتوو بەشداری نەکات.

هادی عەلی گوتی "دەبێ کورد بەشدار بێت لەو پرۆسەیە. هەر کاتێک گشتپرسی و پێشهاتی نوێ هاتە پێش ئەوکات بڕیاری نوێ لەلایەن سەرکردایەتی سیاسی کورد بە کۆدەنگی دەدرێت". هادی عەلی ئاشکرای کرد کە حیزبەکەی زۆربەی ڕێوشوێنە یاسایی و کارگێڕییەکانی لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بۆ تۆمارکردنی وەکو لایەنێکی سیاسی لە بەغدا تەواو کردووە.

گوتەبێژی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستانیش دەڵێت تاوەکوو بەشێک بن لە عێراق بەشداری هەڵبژاردن دەکەن. ڕێبوار حەمەد بە (ڕووداو)ی گوت "تاوەکو لە عێراق بین بەشداری پرۆسەی سیاسی و هەڵبژاردنەکان دەکەین، ئەم بابەتە نابێت هێزێک بە تەنیا بڕیاری لەسەر بدات. بۆ بەشدارینەکردنی کورد دەبێت بە کۆدەنگی و دیراسەت بڕیار بدرێ، بۆ ئەوەی هەموومان بەرپرسیارێتی

### یەکگرتوو: دەبێ بڕیارەکە بە کۆدەنگی بدرێت

ئەنجامەکان لە ئەستۆ بگرین". گوتەبێژی کۆمەڵی ئیسلامی ئاماژە بەوە دەکات کە حیزبەکەی ناوی خۆی لە کۆمیسیۆن تۆمار کردووە.

### پارتی: بڕیارەکە لەسەر گشتپرسی ماوە

بەڵام خەسرۆ گۆران، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی سەبارەت بە دوایین هەڵوێستی حیزبەکەی کە پرسی بەشدارینەکردنی لە هەڵبژاردنی داهاتوو وروژاندووە، دەڵێت: "هیچ بڕیارێکی یەکلاکەرەوە نییە بۆ بەشداریکردن و بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکانی عێراق. ئەو پرسە لەسەر پەرەسەندنە سیاسییەکان و گتفوگۆی لایەنە کوردستانییەکان و ئەنجامدانی گشتپرسی دەوەستێ".

خەسرۆ گۆران ڕوونیکردەوە کە حیزبەکەی لە کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق ناوی تۆمار کردووە.

## ئەو سەرۆک عەشیرەتە کوردە ئێزدییەی چووە نێو حەشدی شەعبی:

# دەمانەوێ خۆمان و ناوچەکانمان ئازاد بکەین

### قاسم شەشۆ: تەنیا 10 پێشمەرگەی ئێمە چوونەتە ریزەکانی حەشدی شەعبی

### حەیدەر شەشۆ: 15 پێشمەرگەم بوونەتە حەشدی شەعبی

ناسر عەلی
ڕووداو- دهۆک

لەگەڵ هێرشی حەشدی شەعبی بۆ چەند ناوچەیەکی شنگال کە زێدی کوردی ئێزدییە، ژمارەیەک کوردی ئێزدی پەیوەندییان بە حەشدەوە کرد، ئەوان دەڵێن دەیانەوێ ڕۆڵیان لە ڕزگارکردنی ناوچەکانی خۆیاندا هەبێ.

10 ڕۆژ لەمەوبەر نایف جاسم قاسم، سەرۆکی عەشیرەتی مەندکان و موختاری گوندی کۆچۆ کە زیاتر لە ساڵێکە لە ئەڵمانیایە، گەڕایەوە کوردستان. پاشان سەردانی بەغدای کرد و ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە حەشدی شەعبییەوە کرد. هەفتەی ڕابردووش تاڵب نایف کە ئامر فەوج بوو لە فەرماندەیی شنگال، دەستی لەکارکێشایەوە و پاشان لەگەڵ ژمارەیەک پێشمەرگە چوونە ریزەکانی حەشدی شەعبییەوە.

کچێ عەمو کە یەکێکە لە کەسایەتییەکانی گوندی کۆچۆ، هۆکاری چوونی نایف بۆ ریزەکانی حەشدی شەعبی ئاشکرا کرد و گوتی "نایف کەسایەتییەکی ناسراوی ناوچەکانی کۆچۆ و شنگال بوو، هەر لە 2003 دوای نەمانی حکومەتی بەعس یەکسەر پەیوەندی بە یەکێتی ینشتیمانی کوردستانەوە کرد، دوای سێ ساڵ وازی لە یەکێتی هێنا و بووە پارتی، بەڵام ئەوەی ئێمە بزانین نایف لە چەند بەرپرسێک تووڕە بووە، بەتایبەتی دوای ئەوەی بێ ئومێد بووە لە ڕزگارکرنی کۆچۆ لەلایەن پێشمەرگە".

بە گوتەی کچێ، دوای چوونی ئەو کەسایەتییەی ئێزدییەکان و کوڕەکەی بۆ ریزەکانی حەشدی شەعبی، ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە ئێزدییەکان دەیانەوێ بچنە ریزەکانی حەشدی شەعبی. کچێ گوتی "ڕۆژانە گەنجانی ئێزدی لە کەمپەکانی دهۆکەوە پەیوەندی دەکەن و دەچنە ریزی ئەوان، دەڵێن هەتا ئێستا نزیکەی 200 گەنج چوونەتە ریزی ئەوان".

تاڵب نایف هۆکاری چوونی خۆی و پێشمەرگەکانی بۆ نێو حەشدی شەعبی ڕوونکردەوە و گوتی "ئێمە دەمێکە چاوەڕێی ڕزگارکردنی ناوچەکانمان دەکەین، کاتێکیش بینیمان حەشدی شەعبی خەریکە ئەو ناوچانە ڕزگار دەکات، چووینە ریزەکانیان بۆ ئەوەی ئێمەش بەشداری لە ڕزگارکردنی ناوچەکانی خۆمان بکەین".

کاتێک لە ئابی 2014 داعش پەلاماری شنگال و دەوروبەری دا، هەزاران کوردی ئێزدی بەدیل گرت کە زۆربەیان خەڵکی گوندی کۆچۆ بوون، بەشێکیان هەر لە نێو گوندەکە کۆمەڵکوژ کران، بەڵام چارەنووسی ئەوانی دیکە هێشتا دیار نییە.

قاسم شەشۆ، فەرماندەی پێشمەرگەی شنگال لەبارەی چوونی ئەو کەسایەتییەی ئێزدییان بۆ ریزەکانی حەشدی شەعبی دەڵێت: "نایف و کەسوکارەکەی و خەڵکی گوندەکەی ستەمی زۆریان لێکراوە، ئەو لە تووڕەیی خۆی بووەتە حەشدی شەعبی، ئەگەر نا هەموومان دەزانین نایف کەسێکی چەند بە هەڵوێست بووە".

سەبارەت بە چوونی فەرماندەی فەوجێکی کە کوڕی ئەو کەسایەتییەیە، قاسم شەشۆ گوتی "کە باوکەکە چوو، تاڵبیش چوو، هەر چەندە کوڕەکەی بە ئێمەی گوت بەدڵم نییە بچم، بەڵام ناتوانم قسەی باوکم بشکێنم". قاسم شەشۆ ئەو قسانەی ڕەتکردەوە کە ەڵێن 200 کەس چوونەتە ریزی حەشدی شەعبی و گوتی "تەنیا تاڵب و 9 پێشمەرگەی دیکە چوونەتە ریزەکانی حەشدی شەعبی".

دەگوترێ ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی حەیدەر شەشۆش پەیوەندییان بە حەشدەوە کردووە. حەیدەر شەشۆ لەوبارەوە گوتی "بەڵێ ڕاستە 15 پێشمەرگەی من چوونەتە ریزەکانی حەشدی شەعبی".



ئەلێکساندەر دووگین، بیرمەند و فەیلەسووفی رووسی بۆ (رووداو):

# کەس ناتوانێ ڕێ لە دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان بگرێ

ئەلێکسـاندەر دووگین، بیرمەند و فەیلەسـووفی رووسـی، بە "مێشکی پوتین" ناسـراوە. وەکوو خۆی دەڵێت، بەشی زۆری سیاسـەتی فلادیمیر پوتین، سەرۆکی رووسـیا، لە تیۆرییەکانی ئەوەوە سەرچاوە دەگرێت. دووگین خاوەنی پـڕۆژەی زیندووکردنەوەی بیرۆکەی "ئۆڕاسـیا"یە کە بە دژبەری پڕۆژەی ئەمریکی و ئەتڵەسـی دەزانرێ. لەسەر ئاستی تیۆری، خۆی بە خاوەنی "چوارەم تیۆری سیاسی" دەزانێ کە ناونیشانی یەکێک لە کتێبەکانیشیەتی. دووگین تیۆرەکەی بۆ (رووداو) شـیدەکاتەوە و دەڵێت "ئەو تیۆرە لە ئاکامی شکسـتهێنانی سێ تیۆری سیاسیی دیکەوە دێتە ئاراوە کە هەرسـێکیان پەرە بە شـێوەی جیـاوازی تۆتالیتاریزم دەدەن. سـێ تیۆرییەکەش بریتین لە کۆمۆنیزمی سـۆڤیەتی، فاشـیزمی ئەوروپـی و لیبراڵیزم. ئەگەر پڕۆژەی ئۆڕاسـیا هەوڵێک بێ بۆ دروسـتکردنی تەحەدای جیۆپۆلیتیکی بۆ لیبراڵیزمی ئەمریکی و ئەتڵەسی، ئەوە چوارەم تیۆری سیاسی تەحەدای هزر و جیهانبینی لیبراڵیزم دەکات.

دووگین کە چەند رۆژێکی لە هەرێمی کوردسـتان بەسـەر برد، لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (رووداو) بیرۆکەکانی خۆی وردتر دەخاتەڕوو.

هەڤپەیڤین: ڕێبوار قاسم
رووداو- هەولێر

**رووداو: تـۆ بە (مەترسـیدارترین فەیلەسـووفی جیهان) ناسراویت، ئەوەم لە ماڵپەڕێک بینی و تۆش هەمان شـتت لە فەیسـبووکی خۆت و لە رێکلامی ماڵپەڕەکەی خۆت لە فەیسبووک داناوە.**

**ئەلێکسـاندەر دووگین:** راستە، لـە رۆژنامەیەکی ئیسـرائیلیدا وا هاتبوو، تەنانـەت گلێن بـەک، شـرۆڤەکاری ئەمریکی، منـی بـە "مەترسـیدارترین مرۆڤـی جیهـان" وەسـف کردووە. هەتـا ئاستێک هـاوڕام بـە مـن بگـوترێ "مەترسـیدارترین فەیلەسـووف"، واتـە وەکـوو ناوێـک کـە لێـم نزیـک بێـت دەتوانـم قەبووڵـی بکـەم.

**رووداو: بۆچی ئەو ناوەت لێنراوە؟**

**ئەلێکسـاندەر دووگین:** چونکە ئێمە ئێسـتا لە سێیەم جۆری تۆتالیتاریزمدا دەژین. جۆری یەکەمی تۆتالیتاریزم شێوە کۆمۆنیستییەکەی سۆڤیەت بوو، جۆری دووەمیان نەتەوەخوازیی فاشیستی بوو کە لە نێوەڕاستی سەتەی پێشوو لە ئەوروپا بینیمان. دوای کەوتنی ئەو دوو جـۆرە تۆتالیتاریزمە، هاتووینەتە نێو سـەردەمی جۆری سێیەمیان کە تۆتالیتاریزمی لیبراڵیزمە، ئەمەیـان هەموو جۆرەکانی بیرکردنەوە لەناو بیرکردنەوەی لیبراڵیستیدا پێناسە دەکاتەوە. واتە دەتوانین لیبراڵێکـی میانڕەو یان چەپڕەو یان راسـتڕەو بین، راستڕەو یان چەپڕەوی توندئاژۆبین، بەڵام دواجار هەر لیبراڵ بین. ئەگەر کەسێک بیەوێ تەحـەدای ئەو پارادیمانەی لیبراڵیـزم و مۆدێرنیتە بکات، ئەوە یەکسەر دەبێتە کەسێکی مەترسیدار بۆ هەموو ئەو ماتریکسە (واتە ئەو ژینگە گشتییەی کە کولتوور، بیرکردنەوە و جیهانبینییەکان تێیدا گەشە دەکات). چونکە تەحەداکردنی ئەو ماتریکسە وەکوو تەحەداکردنی شـێوازی دامـەزراوی بیرکردنەوەیە. فەلسـەفەکەی منیـش تەحەدایەکە بۆ ئـەو نەریتە نۆرماڵە رۆژئاواییەی کە لەسـەر ئاسـتێکی جیهانی بەسـەر هەموو کەسـێکدا سـەپێنراوە. ئەوەشـی وادەکات مەترسـیدار بـم، ئەوەیـە مـن کەسـێکی گۆشەگیرکراو نیم کە خاوەنی کۆمەڵێک بیرکردنەوە بـم، بەڵکـو رووسـیا وەکـوو زلهێزێکـی ئەتۆمـی لەپشـتمە. وڵاتەکەم، مێژووەکـەم، کولتوورەکەم، سـەرۆکەکەم و سـوپای وڵاتەکەم لایەنگری منن. رووسـیاکەی پوتین پەیڕەوی لـە هەمان رێچکەی مەترسیداری فەلسەفی دەکات، بۆ ئەوەی تەحەدای ئەمری واقیع بکات لە جیهاندا، واتە باڵادەستبوونی گلۆباڵیزم، جیهانی تاکجەمسـەر و باڵادەستبوونی رەهای بیرکردنەوەی لیبراڵی.

**رووداو: تـۆ پشـتگیرییەکی سـەخت لـە پارت و سـەرکردە پۆپۆلیسـتەکانی ئەوروپـا دەکەیـت، بەتایبەتیش راستڕەوە توندئاژۆکان. چ پەیوەندییەک لـە نێـوان بیرکردنـەوەی تـۆ و ئەجێنـدای پارتە راستڕەوەکاندا هەیە؟**

**ئەلێکسـاندەر دووگیـن:** بەر لە هەموو شـتێک ئەمە بڕیارێکی تەکتیکییە، چونکە ئەوان کێشـە بۆ دامەزراوە لیبراڵەکان دروسـتدەکەن. من لەگەڵ ئەو شتەدا کۆک نیم کە ئەوان پشتگیری لێدەکەن، بەڵام رەتکردنەوەی دامەزراوە لیبراڵەکان کۆماندەکاتەوە. چونکـە مـن پێموانییە گەڕانەوە بۆ ناسـیۆنالیزمی ئەوروپی چارەسەر بێت.

**رووداو: کەواتە لەڕووی سـتراتیژەوە ئێوە لەگەڵ ئەوان نین؟**

**ئەلێکساندەر دووگین:** نەخێر. بەڵام لەناو هەموو بزووتنەوە پۆپۆلیسـتەکاندا هەمـوو کات کۆمەڵێک رۆشـنبیر هەن کە لەنێـوان بیرکردنەوەی چەپ یان راسـتی کۆن و چـوارەم تیۆری سیاسـیدا دوودڵن. ئەوە تاکە شـوێنە کـە بیرکردنەوەکانی من دەکرێ (لە نێوان رۆژئاواییە پۆپۆلیستەکاندا) گەشە بکات. لەنێو هەندێکیشیاندا تێگەیشتن بۆ چوارەم تیۆری سیاسـی هەیـە و ئەمەش بە وردی لـە کاردانەوەی ئەوان بەرامبەر رووسـیا رەنگدانەوەی هەبووە. بۆیە لـەو بزووتنـەوە پۆپۆلیسـتییەی راسـت و چەپدا، هەمـووکات و بەشـێوەیەکی بـەردەوام جۆرێک لە هاوسۆزی بۆ پوتین و رووسیا بەدیدەکرێ.

**رووداو: ئایـا حکومەتـی رووسـیا و پوتینیـش مامەڵەیەکی تەکتیکی لەگەڵ پۆپۆلیستەکانی رۆژئاوا دەکەن؟**

**ئەلێکسـاندەر دووگین:** سـەرۆکی ئێمە بەرگری لـە هەمـان شـێوازی بیرکردنـەوە دەکات کـە من بەرگری لێدەکەم، بەڵام بەشـێوازێکی پراگماتیکی. بۆیەش پێموانییە ئەو ستراتیژێکی دوورمەودای لەم بـوارەدا هەبێت، بەڵام ئەو دژی ئەمری واقیعە، واتە بەجیهانیبوون، بۆیەش بەشێوازێکی زۆر پراگماتیکانە فەرەنسایەک هەڵدەبژێرێ کە وەکوو ئەو بیردەکاتەوە (واتـە دژی بەجیهانیبوونـە). هەڵوێسـتی پوتین رێک هەمان هەڵوێسـتی منە، بـەڵام جیاوازییەکەی ئەوەیە من فەیلەسووفم و خۆم نابەستمەوە بە ریاڵ پۆلیتیک، بۆیەش زیاتر دەڕۆم. بەڵام ئەو لە ئاستە پراگماتیکییەکەیدا لەو هاوپەیمانێتییەی پۆپۆلیستە چەپ و راسـتەکان لەگەڵ رووسیا تێدەگات، چونکە دوژمنی پۆپۆلیستەکان دوژمنی ئێمەشە.

**رووداو: لەمـاوەی هەڵبژاردنەکانـی ئەمریـکادا پشـتگیریت لـە دۆناڵد ترەمپ دەکرد. بـەڵام دوای هێرشـەکەی سـەر بنکەی شـوعەیرات لە سـووریا گۆڕایت. هەست دەکەیت ترەمپ بەو هێرشە خیانەتی لە راستڕەوە توندئاژۆکان کرد؟**

**ئەلێکساندەر دووگین:** ترەمپ خیانەتی لە خۆی کـرد. چونکـە لەو کاتـەدا کەوتبووە بەر هێرشـی هەواڵی سـاختە. ئـەو خێرا بەرامبەر بە شـەپۆلی هەواڵە سـاختەکانی میدیا لیبراڵ و گلۆباڵیستەکان کەوتـە کاردانەوە. دەبوو سـەرچاوەی ئەو زانیارییە هەڵانە بزانێت. ئەو لە سەردەمی سەرۆکی پێشووی ئەمریکادا زۆر زیرەکانە رەخنەی لەوجۆرە هێرشـانە دەگرت. هەنگاوەکەی تەنیا بۆ ئێمە نالۆژیکی نەبوو، بەڵکو بۆ لایەنگرانی خۆیشی نالۆژیکی بوو. من خۆم یەکێک بووم لە لایەنگرانی و ئەو هێرشە سەری لێ شـێواندم. بەڵام ئێستا دەزانم کە ئەمە ستراتیژێکی نوێی ئەو نییـە، بەڵکو هەڵچوونێک بوو، لەژێر ئەو گوشـارەی کە تێیدا بووە. هەر ئەو گوشارەش وای کـرد نەتوانـێ قەبـارەی ئاکامەکانی هێرشـەکە بە کـەم بزانێت. بەڵام لەدوای هێرشـەکەوە وێنەیەکی باشتری لەخۆی پێشانداوە. پێموایە کۆبوونەوە دوو کاژێرییەکـەی لەگـەڵ لاڤرۆڤ (وەزیـری دەرەوەی رووسـیا) ئاماژەیەکی ئەرێنی بوو. من سـەرەتا زۆر دڵخۆش بووم بە ترەمپ، ئەوەش بەپێی ئەو شتانەی کە دەیگوت.

**رووداو: ئەی ئێستا؟**

**ئەلێکسـاندەر دووگین:** ئەوەی ئێسـتا دەیبینین ئەوەیە کە ترەمپ ناتوانێ بەڵێنەکانی خۆی بەرێتە سـەر، بەڵام بەو حاڵەشـەوە بەربەستێکی گەورەیە

## ئێستا رووسیا ناتوانێت پشتگیری لە دەوڵەتی کوردستان بکات

## کورد لەلایەن ئەمریکاوە وەکوو ئیسرائیلێکی دیکە بەکاردەهێنرێ

بـۆ نوخبـەی سیاسـی لایەنگـری بەجیهانیبوون. ئەوەیان شتێکی باشە بۆ ئێمە، کە دەتوانین بەکاری بهێنیـن. ترەمپ ناتوانێ ئەرێنی بێ، بەڵام هێندەی سـەرۆکەکەی پێشـوو نەرێنی نییە. بۆیە دەبێ ئەو دەرچەیە بەکاربهێنین.

**رووداو: تۆ پێشتر گوتووتە شەڕی سووریا چیدی شـەڕی نێوان حکومەت و کۆمەڵێـک گرووپ نییە، بەڵکو شەڕی دوو جیهانبینییە، یەکێکیان پشتگیری لە جیهانێکی تاکجەمسەر دەکات و ئەوەی دیکەیان لـە جیهانێکی فرەجەمسـەر. تۆ ئەمە بە "شـەڕی جیهانەکان" و "شـەڕێک بۆ داهاتوو" ناودەبەیت کە "دەکرێ سـەرەتای جەنگی جیهانی سێیەم بێت". مەبەستت لەوە چییە؟ ئایا پێتوایە شەڕی جیهانی سێیەم بەڕێوەیە؟**

**ئەلێکسـاندەر دووگیـن:** ترەمـپ ئەو شـەڕەی دواخسـت. ترەمپ چانسـی ئاشـتی و دووربوونـە لەو شـەڕە. بەڵام بـەر لە ترەمپ ئەگـەری ئـەو شـەڕە زۆر بوو، ئێسـتاش ئەگەری شەڕەکە هەیە ئەگەر ترەمپ شکست بهێنێ. بۆیەش هەسـت دەکـەم رەوشـەکە زۆر ناسـکە. ئەمریکا دەسـتی بە کارکردنـەوەی دووبارە لەسـەر بینای رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهانی عەرەبی - ئیسلامی کردووە، لەو چوارچێوەیەشدا هەوڵی دا دیموکراسی بەسـەر ناوچەیـەدا بسـەپێنێ. بـەڵام وڵاتانـی ناوچەکە بەو دیموکراسییە نەگەیشتن کە خەونیان پێوەدەبینی، بەڵکو بزووتنەوەی ئیسلامیی رادیکاڵ، شـەڕی ئەتنیکی، پشێوی و کوشتار دەرکەوتنەوە. وڵات و سەرۆکی ئێمە بە تەواوەتی دژی ئەم بڕیارە تاکجەمسەرییانەن کە تێیدا بڕیار لەسەر ئەوە دەدرێ کێ کەسـە باشـەکە و کێ کەسە خراپەکەیە. ئێمە پشتگیری لە ئەسەد ناکەین وەکوو تاکەکەس، ئێمە دژی ئەو رێسـایانە دەوەستینەوە کە بەشێوەیەکی تاکجەمسەریانە دەردەکرێن. بۆیەش ئێمە لە هەوڵداین رۆژهەڵاتی نێوەڕاست رزگار بکەین. بەڵام کە رەوشی سـووریا دەبینـی، بـۆت دەردەکەوێ کـە ناتوانی سـووریا وەکـوو ئەوەی هەبـووە بپارێزیت، چونکە واقیعـی نـوێ هاتووەتە ئاراوە کـە دەبێ قەبووڵی بکەین. ئێمە بڕوامان بەوەیە کە دەبێ رێککەوتنێکی فرەلایەن بۆ چارەسـەری کێشـەکە هەبێ. بۆیەش دەبێ هەوڵەکانی خۆم و بزووتنەوەی ئۆڕاسیا لەسەر ئەوە چڕ بکەینەوە کە دژی پشـێوییەکانی ئەمریکا بوەسـتینەوە و هاوکاتیـش گەیشـتووین بـەوەی پاراستنی نەزمە کۆنەکەی ناوچەکە بەس نییە. بۆیە سەنتەرەکەی ئێمە کار لەسەر گۆڕانکارییەک دەکات لەو روئیایەی بۆ رۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەیە.

**رووداو: پێگـەی کـورد لـە پڕۆژەی ئۆڕاسـیادا چییـە؟ چونکە تۆ پێشـتر نووسـیوتە "کێشـەی شوناسـی کوردی وەکوو گەل دەبـێ جیابکرێتەوە لە پـڕۆژەی ئەمریکی و ئەتڵانتیکی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان"؟**

**ئەلێکساندەر دووگین:** کێشەی سەرەکی دەوڵەت نەتەوەکـە نییـە، بەڵکـو کێشـەکە پەیوەندی بە ئەمریکا و ئەتڵانتیکەوە هەیە.

**رووداو: یـان ئێوە کێشـەتان لەگەڵ سروشـتی ئەمریکی و ئەتلانتیکی پـڕۆژەی دەوڵەت نەتەوەی کوردستاندا هەیە؟**

**ئەلێکسـاندەر دووگیـن:** ئەمـە بـۆ زۆر شـت دەگەڕێتەوە. پرسـیارەکەت وردە. لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی، ئێران و تورکیا بە هۆکاری جیاواز دژی یەکێتیی سۆڤیەت بوون، تورکیا ئەندامی ناتۆ و دژەسۆڤیەت بوو، ئێرانیش بە هۆی ئایینەوە دژی سۆڤیەت بوو. بۆیەش هەردووکیان دژی ئۆڕاسیا بوون، لە رەوشـێکی ئاوادا کورد هاوپەیمانێکی سروشتیی سۆڤیەت بوون، وەکوو چۆن عەرەبە بەعسییەکانیش وەها بوون. دوای رووخانی یەکێتیی سۆڤیەت، ئێران و تورکیا بە هەڵوێسـتی خۆیاندا چوونەوە، چونکە رووسـیا چیدی مەترسـییەکی راستەقینە نەبوو بۆ ئاسایشی ئەو دوو وڵاتە. هەڵبەت دوو رووسیا هەیە، رووسـیای بۆریس یەڵتسـین و رووسیای پوتین کە ئێسـتایە. لە قۆناغی پوتیندا پەیمان بەوە برد کە تورکیا و ئێران خەریکە دێنە لایەنی ئێمە. رەوشـی سـووریاش یارمەتی رووسیای دا دوژمنەکانی بکات بە هاوپەیمانی خـۆی. ئەتڵانتییەکان درکیان بەمە کـرد. کورد لە قۆناغی یەکەمدا لایەنگری ئۆڕاسـیا بوو، بەڵام ئێسـتا لەلایـەن ئەمریکاوە وەکوو جۆرە ئیسرائیلێک بەکاردەهێنرێ، واتە خاکەکەیان وەکوو بنکەیەک بۆ وجودی سیاسی خۆیان بەکاردەهێنن. بـە لەبەرچاوگرتنی دوژمنایەتی بەردەوامی ئەمریکا و ئێران و هەڵگەڕانەوەی ئەردۆغان کە خەریک بوو لە کودێتا دروستکراوەکەی سی ئای ئەیدا بکوژرێ، لە رەوشێکی ئاوادا دەبێ دروستکردنی کوردستانی سـەربەخۆ وەکـوو پڕۆژەیەکی ئەمریکـی ببینین. هاوکارییـە سـەربازییەکانی ئەمریـکاش بۆ کوردی عێراق و سـووریا هەر لـەو چوارچێوەیەدایە. بەڵام کورد هەڵگری شوناسێکی کولتووریی ئۆڕاسیایین. بۆیـە هاوکات لەگـەڵ دژایەتیکردنـی بەکارهێنانی کـورد لەلایـەن ئەتلانتیکییـەکان، نابـێ هیچکات پەیوەندییەکانمان لەگەڵ کورد بپچڕێنین و هەرکات توانیمـان یارمەتییان بدەین. رەوشـەکە لە ئێران و بەتایبەتی لە تورکیاش ناسکە. بۆیە ئێمە هاوڕا لەگـەڵ تورکیایەکی لایەنگری بیرۆکەی ئۆڕاسـیا، دژی دروسـتبوونی دەوڵـەت نەتـەوەی کوردستان و دابەشبوونی تورکیاین. بەڵام ئەگەر بۆ نموونە کودێتاکەی پارسـاڵ سەرکەوتبایە، یەکسەر شەڕی نێوخۆ لە تورکیا هەڵدەگیرسا و لەو حاڵەتەدا مـەرج نییە دژی دۆزی کورد بووینایە. کەواتە ئەمە بۆ دۆخەکە دەگەڕێتەوە.

**رووداو: ئێستا لە سووریا شەڕی نێوخۆیی هەیە، ئایا لە سـووریا پشـتگیری لە جودابوونەوەی کورد دەکەن؟**

**ئەلێکسـاندەر دووگیـن:** لەنـاو سـووریایەکی یەکپارچەدا بەڵێ.

**رووداو: ئەی ئەگەر یەکپارچەیی خاکی سـووریا لەبەرچاو نەگرن؟**

**ئەلێکسـاندەر دووگیـن:** نەخێـر. ئێمە ئێسـتا پشـتگیری لە یەکپارچەیی خاکی سووریا دەکەین. ئێمە دەکرێ پشـتگیری لـە زۆر فۆرمـی جیاوازی بڕیـاری دیموکراتیـک بکەیـن بۆ ئەوەی شـەڕەکە بوەسـتێنین. دەبێ شکسـت بە داعش و گرووپ و شـێوەکانی دیکەی گرووپە جیهادییـە رادیکاڵەکان بهێنین. دوای ئەمە پێشـنیازی پێکهێنانی هاوکاری دەکەین لە نێوان گرووپە جۆراوجۆرەکانی سـووریا.

## دروستکردنی کوردستانی سەربەخۆ وەکو پڕۆژەیەکی ئەمریکی دەبینم

## دوای نەمانی داعش لەسەر مانەوەی ئەسەد سوور نابین

## زەلکاوەکەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە قازانجی کوردە

ئەوکات لەسەر مانەوەی ئەسەد سوور نابین. ئێستا سـوورین لەسـەر مانەوەی ئەسـەد چونکە ئەسەد لەگەڵ رووسـیایە و ئەمریکاش دەیەوێ بە کوشتی بـدات. هـەر ئەمە بەسـە بۆ ئـەوەی پشـتگیریی بکەیـن وەکوو چۆن ئێمە لەگەڵ ئەردۆغانین چونکە کودێتاکـەی دژی ئەو لەلایەن ئەمریکاوە داڕێژرابوو. بۆیە ئێمە لـە یارییەکی گەورەداین، کوردیش لەو یارییە گەورەیەدا فاکتەرێکی بچووکە، بەڵام هاوکات فاکتەرێکی گرنگ و سەرەکییە. گرنگە پەیوەندییەکی نزیکمان لەگەڵ کوردی سووریادا هەبێ، وەکوو چۆن لەگـەڵ کوردی عێراقدا هەمانە، ئێمە لەگەڵ کوردی عێراق هیچ کێشەمان نییە.

**رووداو: گوتووتە دەوڵەتی کوردستان بەڕێوەیە، پێتوایە لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەوە ببینین؟**

**ئەلێکساندەر دووگین:** لەوەتەی لێرەم بۆچوونم هەندێک گۆڕاوە. روون و ئاشـکرا بوو کە هەوڵ بۆ دەوڵەتی کوردسـتان هەیـە و ئەمریکاش دەیەوێ بە گوشـار ئەمە بکات. بـەڵام دوای لێکۆڵینەوە و نووسین لەسەر شوناسی کوردی و هاتنم بۆ ئێرە، گەیشـتووم بەو ئەنجامەی کە دەوڵەتی کوردستان هەردێتـە ئـاراوە. ئـەوەش رەنگـە بـە هاوکاریی ئەمریکا روویدات، یان دەکرێ لە ئاکامی کێشـەی نێـوان حکومەتی شـیعیی بەغـدا و هەولێر بێت. بـەڵام روحیەتی کوردەکان لە هـەر چوار وڵاتەکە هێندە تایبەتە کە جەخت لەسەر بەکارهێنانی هەر دەرفەتێـک و هاوکاریی هەر هێزێـک لە داهاتوودا دەکاتەوە بۆ ئەوەی بە سەربەخۆیی بگات. من کە لە روانگەی فرەجەمسەرییەوە لایەنگری لە شوناسی کورد دەکەم، هەست دەکەم ئەمە پرۆسەیەکە کەس ناتوانێـت رێـی لێبگرێ، بەر لە هەموو شـتێکیش لەبەر ئەوەی تورکیا، ئێران و سـووریا شـێوازێکی واقیعبینانەیان نییە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ فاکتەری کورد. ئەوان هیچ پێشنیازێکیان نییە بۆ چارەسەری کێشـەی کـورد و دەیانـەوێ لەناویانبـەرن، بەڵام چەندین ملیـۆن مرۆڤ چۆن لەناودەبرێ؟ ئێسـتا ئەنقەرە هیچ چارەسەرێکی نییە بۆ کێشەی کورد. لە سووریاش شەڕی نێوخۆیە. تارانیش بە هەمانشێوە کوردە سـوننەکانی پشتگوێخستووە. بەغداش کە ئەو هەموو سـەرچاوە سروشـتییەی لە کوردستان هەیە، دەیەوێ وەکوو سەدام حوسێن و بەشێوازێکی مەرکەزیانـە کۆنترۆڵیان بکات، بێ ئـەوەی دۆخە تایبەتەکە پێکهاتەی دەسـەڵاتی عێـراق لەبەرچاو بگرێ و جەخت لەسـەر چارەسـەرێکی شـیعیانە بۆ کێشـەکە دەکاتەوە. لـە هەرچوار وڵاتەکەی کە کوردیـان تێدایە، حکومەتـەکان هیچ پڕۆژەیەکیان بـۆ لەخۆگرتنی کورد نییـە و کاردانەوەی ئەوەش تۆخبوونەوەی پرسی شوناسی کوردە. لە رەوشێکی ئاوادا ئێمە دەتوانین تێگەیشـتنی ئۆڕاسـیایی بۆ شوناسـی کورد بخەینەڕوو، پێشـتر هێزەکان ئەو کێشـەیەیان بۆ خۆیان قۆسـتبووەوە و رووسیا لە مەیدانەکەدا نەبوو، بەڵام ئێسـتا رووسـیا هەیە و دەکـرێ ئەمە دەرگایەک بێت بـۆ پەیوەندییەکان. لـەو پەیوەندییەشـدا دەبێ فۆکەس بخەینە سـەر شتێکی واقیعبینانە، واتە ئێمە دەتوانین چی بخەینە بەردەستی کورد، چۆن دەتوانین بەرگری لە شوناسی کورد بکەین، جەختی لەسەر بکەینەوە و بیپارێزین. ئەمە ئاسان نییە و هیچ چارەسەرێکم نییە بۆ ئەمە و هیچ کەسێکی دیکەش چارسەری نییە بۆ ئەمە. چونکە مەسەلەکە باڵانسێکی جیۆپۆلیتیکییە. بەڵام ئەگـەر بمانەوێ تەنیا شـوێنکەوتووی رووداوەکان نەبیـن، بەڵکـو دروسـتکەری رووداوەکانیش بین، دەبـێ زیاتر بایەخ بە فاکتەری کورد بدەین، دەبێ ئەوەش قەبووڵ بکەین کە جۆرێک لە سـتراکتوری سیاسـی کوردی، یان کوردستانی سەربەخۆ دێتە ئـاراوە، جا لێرەوە لە عێراقەوە دەسـتپێبکات یان لە سووریاوە.

**رووداو: ئێوە پشتگیری لەوە دەکەن کە دەبێ بیر لە سەربەخۆیی کوردستان بکرێتەوە؟**

**ئەلێکسـاندەر دووگین:** بەڵێ. دەبێ ئامادەکاری هەبێـت بۆی. لـەو دۆخەی ئێمەی تێداین رووسـیا ناتوانـێ یارمەتـی دامەزراندنی دەوڵـەت نەتەوەی کوردستان بدات. بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە رووسیا دەبـێ پەیوەنـدی لەگـەڵ کورد هەبێـت. کوردیش دەبێ وانە وەربگـرن، ئەوان زۆرجار لەلایەن ئێمە و ئەوانی دیکەوە خیانەتیان لێکراوە. بۆیە دەبێ پشت بە خۆتان ببەسـتن و هەموو دەرفەتێک بەکاربهێنن بۆ جەختکردنەوە لەسـەر شوناسی خۆتان. ئێستا ئەمریکا و رووسیا بەهێزن، دەتوانن ئەوان هەڵبژێرن، بـەڵام دەبێ لەوەش تێبگەن کە ئێمە لایەنی دژین، هەڵبەت نەک دژی ئێوە، بەڵکو دژی تاکجەمسەریی ئەمریکاین.

**رووداو: کاتێک سەیری پڕۆژەی ئۆراسیا دەکەین، ئەوە بەدی ناکەین کە لە داهاتوویەکی نزیکدا ناکۆکی لەنێوان ئێوە و هاوبەشەکانتاندا دروست ببێت، واتە ئێران، سـووریا و تورکیـا و رەنگە عێراقیش. هیچ پاڵنەرێـک هەیە لە داهاتوویەکی نزیکدا رووسـیا وا لێبکات ئەو وڵاتانە ناچار بکات بە سیاسەتی خۆیاندا بچنەوە بەرامبەر بە کورد؟**

**ئەلێکسـاندەر دووگیـن:** بـەر لەهەموو شـتێک نابـێ دەسـەڵات و کاریگەریـی ئێمـە بەسـەر ئەو وڵاتانـەدا گەورەتر لە قەبارەی خۆی ببینرێ. ئەوانە هاوپەیمانی نوێی ئێمەن. ناشزانین دواجار هەر ئاوا دەمێننەوە لەگەڵمان یان نا. ئێمە رێز لە سەروەریی ئەوان دەگرین. کاریگەریی ئێمە لەسـەر ئەوان تەنیا لە هەندێک حاڵەتدایە و لە حاڵەتەکانی دیکەدا ئێمە پشـتگوێ دەخەن. دۆخی ئەو وڵاتانەش ناجێگیرە. ئێسـتاش ئێمە بابەتی گەورەترمان بەدەسـتەوەیە لـە چۆنێتـی مامەڵەکردنـی ئەو دەوڵەتانـە لەگەڵ کەمینەکانـی خۆیـان. خاڵـی دووەم ئەوەیـە ئێمە هێشتا سـتراتیژی خۆمان بۆ رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە تەواوەتی دانەڕشتووە. ئەگەر پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ئەو وڵاتانە پەرەی سـەند و سەرکەوتوو بوو، توانیمـان بوونی خۆمان لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاسـتدا بسەلمێنین، ئەوە دەبێ دۆزی کورد چارەسەر بکەین. ئەوکات کێشەی ژمارە یەکی ئێمە ئەوە دەبێت.

## هەڵوێستی پوتین رێک هەمان هەڵوێستی منە

## ترەمپ جەنگی جیهانیی دواخست

**رووداو: بەوپێیـەی تۆ باسـی دەکەیت، پڕۆژەی دەوڵەتی کوردسـتان هەم ئێسـتا و هـەم تاوەکوو داهاتوویەکـی نادیاریش لە هەر چـوار وڵاتەکە دژی پڕۆژەی ئۆڕاسـیایە، پێشناچێت رووسیا پشتگیریی بکات؟**

**ئەلێکسـاندەر دووگین:** بەڵێ ئێسـتا وایە. بەڵام ئێمە ناتوانین کێشەی چەندین ملیۆن خەڵک پشتگوێ بخەین، وەکوو چۆن ناتوانین پشتگیری لە دەوڵەتێک بکەیـن کە پاکتاوی نـەژادی دەکات، بەڵام ئێسـتا رووسیا بەهۆی ئەو ستروکتورە جیۆپۆلیتیکییەی کە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دروستی دەکەین، ناتوانێت پشـتگیری لە دەوڵەتی کوردسـتان بکات، چونکە وەکوو خۆیشـت بە دروستی ئاماژەت بۆ کرد، ئەمە دژی پڕۆژەی ئۆراسیایە. بەڵام بەو حاڵەشەوە ئێمە کورد جێناهێڵین بۆ ئەوەی قوربانیی دەسـەڵاتێکی دیکە بێت. ئێستا زەلکاوەکەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لـە قازانجی ئێوەیە، ئەگـەر لێزان بن دەتوانن ئەمە بەکاربهێنـن و پـێ بنێنە داهاتـووەوە. بەڵام دەبێ ئەوەتـان لەبەرچـاو بێ کـە جیهانی تاکجەمسـەر خەریکـە بـەرەو ئاوابـوون دەچێت و لـە داهاتوودا روانگـەی فرەجەمسـەری بەهێزتر دەبـێ، ئەوکات کورد دەبێ لەناو پێکهاتەی ئۆراسیادا شوێنی خۆی بدۆزێتـەوە. رەنگە یەکێک لـە هەڵە باوەکانی کورد ئـەوە بووبێ کـە زۆر متمانەیان بە رووسـەکان، بە تورکەکان و بە عەرەبەکان کردووە. پێویستە زیرەکتر بن. راسـتە ئێمە و کورد ئێستا لەسەر هەمان رێگا نین، بەڵام دۆخەکە دەگۆڕێ.

**رووداو: کەواتە پڕۆژەی سەربەخۆیی کوردستان و پڕۆژەی ئۆراسیا لەسەر هەمان مێڵ نین؟**

**ئەلێکسـاندەر دووگیـن:** نەخێـر. کێشـەی دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان بەشێکە لە یاریی ئەمریکا و ئیسـرائیل، بەڵام ئەوان هەروا پشتگیریی لـەوە ناکەن. بۆ نموونە ئەوان بیر لـە دامەزراندنی بنکەی سـەربازیی خۆیان دەکەنەوە کە بۆ شـەڕی دژی ئێـران، تورکیا، رووسـیا و جۆرجیا سـوودی لێوەربگـرن. ئێمـە ئەمـە بە بـاش نازانیـن. بەڵام لەهەمانکاتـدا دۆخـەکان دەگۆڕێن. ئێسـتا دەکرێ رەوشـەکە ئاوابـێ و سـبەی جۆرێکـی دیکە بێت. بۆیـە دەبـێ لە ئاسـتێکی زۆر بەرفراوانتـردا بیری لێبکەنەوە، لەو حاڵەتـەدا ئێمە دەتوانین هاوکاریی یەکدی بکەین، بیرۆکە بگۆڕینەوە. ئێمە مێژوویەکی درێژی پەیوەندیمان لەگەڵ کورد هەیە، بۆیە ئەرکی ئێمە ئەوەیە پەیوەندییەکانمان بپارێزین، هەرچەندە روانگەکانمان جیاوازیش بن.

**رووداو: ئەگـەر تـۆ لە شـوێنی سـەرکردەیەکی سیاسـیی کورد بیـت، لەلایەک پڕۆژەی ئۆراسـیات لەبەردەست بێ و لەلایەکی دیکەوە ئەو پڕۆژەیەی کە تۆ بە ئەمریکی و ئیسرائیلیی دەزانیت، واتە پڕۆژەی کوردسـتانێکی سـەربەخۆ، دەشـزانی خەڵکەکەت سـەربەخۆیی دەوێ، کام لـەم دوو پڕۆژەیـەت هەڵدەبژارد؟**

**ئالێکسـاندەر دووگیـن:** هـەردوو ئەگەرەکـەم لەبەرچاو دەگرت. لە کورتخایەندا یارمەتیی ئەمریکا و ئیسرائیلم قەبووڵ دەکرد، بەڵام ئەوەشم لەبەرچاو دەبوو کە دەکرێ ئەمە باجێکی قورسـی هەبێت لە داهاتوودا.

کوردستانی
ڕووداو
ژمارە ( 458 ) - دووشەممە 2017/5/22



## دەسفرۆشێک دەبێتە کەسی یەکەمی شارەکەی

رووداو- هەولێر

پیاوێکی دەسفرۆش دەبێتە کەسی یەکەمی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی شاری خورماوای سەر بە پارێزگای لوڕستانی رۆژهەڵاتی کوردستان. وەلیوڵڵا رۆستەمی نەژاد، وەرزشوانێکی چالاک بووە، ئەدیب و شاعیرە و ماستەری لە بواری زمان و ئەدەبی ئینگلیزی لە زانکۆی تاران وەرگرتووە. چەند ساڵێک مامۆستای زمانی ئینگلیزی بووە لە شاری خورەمئاوا، بەڵام بەر پاکسازییەکانی سەرەتاکانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران دەکەوێت و دەردەکرێت. لەو کاتەوە بۆ دابینکردنی بژێوی ژیان رووی لە دەستفرۆشی کردووە. رۆستەمی نەژاد بۆ خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شاری خورماواخۆی کاندید کرد. توانی زۆرترین دەنگی هەڵبژاردنەکان مسۆگەر بکات و ببێتە کەسی یەکەمی ئەنجوومەنی شار.

### بەرپرسێکی سووری:

# پرۆژەیەکمان بۆ کورد لە سووریا هەیە

زنار شینۆ
رووداو- جنێڤ

دانوستاندنەکانی جنێڤ شەش کۆتاییان هات بەبێ ئەوەی لایەنە ناکۆکەکانی سووریا بگەنە هیچ رێککەوتنێک. ئەندامێکی شاندی دانوستاندنکاری حکومەتی سووریا دەڵێت پرۆژەیەکیان بۆ "کوردی سووریا" هەبوو، بەڵام بوار نەبوو لەو گەڕەی دانوستاندن باسی بکەن. نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکانیش دەڵێت نابێت کورد لە داهاتووی سووریادا پەراوێز بخرێن.

دانیشتنەکانی جنێڤ شەش لە نێوان ئۆپۆزیسیۆن و رژێمی سووریا رۆژی 16ی ئەم مانگە دەستیان پێکرد و سێ رۆژیان خایاند، بەبێ ئەوەی هیچ رێککەوتنێک لە نێوان هەردوولا بکرێ.

لە چوار شاندی سەرەکی دانوستاندنەکانی هەردوو گەڕی رابردووی جنێڤ، کورد لەنێو سێیان هەبوون. دوو کورد ئەندامی شاندی حکومەتن، لە نێو شاندی دەستەی باڵای ئۆپۆزسیۆنی سووریاش شەش بۆ نۆ کەس ئامادە دەبن. لەگەڵ شاندی پلاتفۆرمی مۆسکۆ کە سەرۆکەکەیان کوردە، بەڵام ئەمانە هەموویان بە نوێنەرایەتی کوردی رۆژئاوا ئەندامی شاندەکان نین.

### حکومەت و ئۆپۆزسیۆن دژی فیدراڵین

هەموو ئەو لایەنانەی لە دانوستاندنەکانی جنێڤ بەشدار دەبن، دەڵێن کورد مافی دەستووریی لە سووریا هەیە، بەڵام هەریەکەیان بە پێوانەی خۆی شرۆڤە بۆ ئەو مافە دەستووریانە دەکەن. ئەوەی ئەوان لەسەری کۆکن، رەتکردنەوەی فیدراڵییەتە بۆ رۆژئاوای کوردستان کە کورد داوای دەکات.

جەمال حەسەن، سەرۆکی پێشووتری شاندی پلاتفۆرمی قاهیرە کە یەکێک بوو لە بەشداربووانی دانوستاندنەکانی جنێڤ شەش، بە ناڕاستەوخۆ دژایەتی خۆی بۆ فیدراڵیی رۆژئاوا نیشان دەدات و دەڵێت "ئەگەر پرۆژەیەک هەبێ دەبێ بۆ هەمووان بێت، نابێت ژمارەیەک کەس فیدراڵیەتێکی تاکلایەنە رابگەیێنن. پرسەکە لەمە زۆر ئەستەمترە و بەڕاستیش من لە بەرژەوەندییەکانی برایانی کورد دەترسم".

جەمال هەروەها دەڵێت "هەموو لایەنە جیاوازەکانی ئۆپۆزسیۆن بە ئیسلامییەکانیشەوە گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی دەبێت سیستەمێکی لامەرکەزی لە سووریا هەبێ و مافی هەموو پێکهاتەکان پارێزراو بێت، بەڵام ئەو سیستەمی لامەرکەزییە تەنیا دەبێ لە ئیدارەدا هەبێ و نەگاتە فیدراڵی بۆ سووریا".

لە نێو شاندی حکومەتی سووریاش کورد هەن، عومەر ئۆسێ ئەندامی پەرلەمانی سووریا کە کوردە و ئەندامی شاندی رژێمە لە دانوستاندنەکانی جنێڤ، بە (رووداو)ی گوت "پرۆژەیەکمان بۆ کورد لە سووریا هەیە، بەڵام لەم گەڕەی دانوستاندنەکان نەپەرژاینە سەر باسکردنی، زیاتر پابەند بووین بە ئەجێندای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانوستاندن".

### ئۆپۆزیسیۆن دژی پڕچەککردنی هەسەدەیە

بڕیاری پڕچەککردنی هێزەکانی سووریای دیموکرات (HSD) لەلایەن ئەمریکاوە، باڵی بەسەر گفتوگۆی نێوان ئەندامانی شاندەکانی دانوستاندن لە جنێڤ کێشابوو، زۆربەی ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆن دەیانگوت دژی ئەو هەنگاوەی ئەمریکان.

ئەلیس مفرج، جێگری سەرۆکی شاندی دانوستانکاری دەستەی باڵای ئۆپۆزسیۆن کە خاتوونێکی چەپە و بە بەردەوامی باس لە مافەکانی کورد دەکات، بە (رووداو)ی گوت "من دژی هەر جۆرە پڕچەککردنێکم! بەبڕوای من چارەسەری سیاسی هاوتەریبە لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر. نامانەوێت سووریا زیاتر ببێتە کێڵگەیەک بۆ تەسفیاتی هەرێمی و نێودەوڵەتی".

هەروەها قەدری جەمیل، کە کوردێکی چەپە و سەرۆکی پلاتفۆرمی مۆسکۆیە، لە بارەی هەمان پرسەوە گوتی: ئێمە لەگەڵ دەرچوونی هەموو هێزەکانین لە سووریا، بەڵام ئەمە ئەوکاتە دەکرێت کە چارەسەرێکی سیاسی لە سووریا بێتە ئاراوە. ئێمە لە جنێڤین بۆ ئەوەی چارەسەرێکی سیاسی بدۆزینەوە".

### کورد ئۆپۆزیسیۆنی دڵخۆش کرد

لە گەڕی پێنجەمی دانیشتنەکانی جنێڤ، ئەنجوومەنی نیشتیمانی کورد دانیشتنەکانی ئۆپۆزیسیۆنیان هەڵپەسارد، ئەویش بە هۆکاری باسنەکردنی مافەکانی کورد لەو وەسیقەیەی کە ئۆپۆزیسیۆن بۆ دانوستاندن لەگەڵ رژێم ئامادەی کردبوو.

شاندی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کورد، ئەمجارە کاتێک گەیشتنە جنێڤ کە دەستەی دانوستاندنکاری ئۆپۆزیسیۆنی سووریا دوو کۆبوونەوەیان لەگەڵ ستافان دیمستۆرا نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان کردبوو.

محەممەد سەبرا، گەورە دانوستاندنکاری ئۆپۆزسیۆن بە (رووداو)ی گوت: "ئێمە دڵخۆشین بە بەشداریکردنی برایانی کورد".. هەروەها فەرەح ئاتاسی کە نێوبژیوانی لە نێوان ئەنجوومەنی نیشتیمانی کورد و دەستەی باڵای ئۆپۆزیسیۆن دەکرد و بە دۆستە شۆخەکەی کورد ناودەبرێت، گوتی "کورد هەن لەگەڵ ئێمە، بەڵام ئەگەر ئەوان لێرەش نەبن، بەرگری لە مافەکانیان دەکەین".

حەواس عەگید کە نوێنەری ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردە و ئەندامی کۆمیتەی سیاسی ئیئتیلافی سوورییە، لەگەڵ ریاز سێف، سەرۆکی نوێی ئیئتیلافی نیشتیمانی سووری و دیمیستۆرا و مایکل رانتی، یاریدەدەری جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کۆبوونەوە.

عەگید لەبارەی ئەو کۆبوونەوەیە بە (رووداو)ی گوت "لەگەڵ مایکڵ راتنی باسی کێشەکانی نێوان ئەنجوومەنی نیشتیمانی کورد و دەستەی باڵای ئۆپۆزسیۆنمان کرد کە لە بەرژەوەندی سووریادا نین. کورد مافەکانی خۆی لەنێو ئەجێندای ئەو دەستەیەدا نابینێتەوە".

### دیمیستۆرا:
### ناکرێت کورد پشتگوێ بخرێن

نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان پێش دەستپێکردنی دانوستاندنەکانی جنێڤ، لە پرێس کۆنفرانسێکدا لە وەڵامی پرسیاری پەیامنێری تۆڕی میدیایی رووداو لەبارەی ئەو داواکاریانەی کوردی رۆژئاوا و ئەنجوومەنی نیشتیمانیی کورد لەڕێی نامەیەکەوە ئاراستەی کردبوون، گوتی "زۆر نامە بە من دەگەن و من هەموویان بە گرنگییەوە دەخوێنمەوە، بەڵام ناوەڕۆکەکەیان ئاشکرا ناکەم". گوتیشی "کورد پێکهاتەیەکی گرنگن لە سووریا و کەس ناتوانێت پشتگوێیان بخات".

لەو شەش گەڕەی دانوستاندنەکانی جنێڤ تەنیا دووجار رێککەوتن لەسەر کارنامەی گفتوگۆکان کراوە، دواجاریش گەڕی پێنجەم بوو، بەڵام گەڕی شەشەم کە لەنێو ئەو رۆژنامەڤانانەی رومالّیان دەکرد بە جنێڤ پێنچ و نیو ناسرابوو، بەپێی ئەو کارنامەیە دانوستاندنەکان نەکران.

لە پەراوێز و کاتی دانوستاندنەکان وڵاتانی خاوەن کاریگەری لە سووریا، وەک رووسیا، ئێران و تورکیا لەگەڵ ئەمریکا لە نێوان خۆیان هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەرێکیان دەدا کە هەموویان لە سەری رێکبکەون، رێککەوتنێک کە بەرژەوەندییەکانیان لە سەرووی بەرژەوەندیی خەڵکی سووریا بە کوردی رۆژئاواشەوە بێت.



نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ (رووداو): نابێت کورد لە داهاتووی سووریادا پەراوێز بخرێن (فۆتۆ: رووداو)

### گوێیان بە بایکۆتی حیزبەکان نەدا

# کوردی رۆژهەڵات دەنگیان بە رووحانی دایەوە



62%ی دەنگدەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەنگیان بە حەسەن رووحانی دا

فوئاد حەقیقی
رووداو- هەولێر

لەگەڵ دەرچوونی ئەنجامی بەرایی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران، کوردی کرماشان بە دەهۆڵ و زورناوە رژانە سەر شەقام و بەبۆنەی دەرچوونەوەی حەسەن رووحانی ئاهەنگیان گێڕا. خەڵکی شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان گوێیان لە حیزبەکانی رۆژهەڵات نەگرت کە داوای بایکۆتی هەڵبژاردنیان کردبوو، بگرە لە رابردوو زیاتر روویان لە سندووقەکانی دەنگدان کرد.

لەهەر پێنج پارێزگاکەی رۆژهەڵاتی کوردستان (لوڕستان، ئیلام، کرماشان، سنە و ورمێ) 6 ملیۆن و 842 هەزار و 928 کەس مافی دەنگدانیان هەبوو، 4 ملیۆن و 544 هەزار و 785 کەس دەنگیان دا. واتە 66.41%ی خەڵک بەشدارییان لە هەڵبژاردندا کرد.

لەو ژمارەیەش 2 ملیۆن و 841 هەزار و 657 دەنگیان بە کاندیدی سەرەکیی ریفۆرمخوازان (حەسەن رووحانی) دا. واتە 62.52%ی دەنگەکان. هەروەها یەک ملیۆن و 403 هەزار و 35 کەسیش دەنگیان بە کاندیدی سەرەکیی نەریتخوازان (ئیبراهیم رەئیسی) دا، واتە 30.87%ی دەنگەکان.

حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ یەکەمجار هاوهەڵوێست بوون و هەڵبژاردنی ئێرانیان بایکۆت کرد و داوایان لە خەڵک کرد رۆژی دەنگدان نەچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان، بەڵام خەڵکی رۆژهەڵات بە قسەی نەکردن.

ئاسۆ حەسەنزادە، گوتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەو بەشدارییەی خەڵک بە ئاسایی دەبینێت و دەڵێ: "ناواقیعبینانە دەبوو ئەگەر پێمانوابووایە خەڵک دەنگ نادەن".

بەگوتەی حەسەنزادە، خەڵک بەپێی ئەو دۆخەی کە تێیدا دەژی بڕیار دەدات، هەروەها هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شار و گوندەکانیش هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری بوو، قووڵبوونەوەی جەمسەربەندیی نێوان باڵەکان و سەرنجراکێشکردنی هەڵبژاردن بەو باسوخواسانەی لە رۆژانی کۆتایی بانگەشەکاندا هاتەگۆڕێ، وایانکرد خەڵکێکی زیاتر دەنگ بدەن. ئاسۆ حەسەنزادە، هاوهەڵوێستیی حیزبەکانی رۆژهەڵات بۆ بایکۆتی هەڵبژاردن بە دەسکەوتێکی گرنگ لە قەڵەم دەدات.

یەکێک لە چالاکڤانانی سیاسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان کە لەبەر پرسی ئەمنی نایەوێ ناوی بڵاو بکرێتەوە، پێیوایە خەڵک دەنگی بە رووحانی داوە نەک ریفۆرمخوازان "چونکە گوتاری سیاسیی رووحانی خاڵی هاوبەشی لەگەڵ ئەو گوتارە دێموکراتیکەدا هەیە کە لە کوردستان زاڵە، هەر ئەمەش وایکرد بەشێکی زۆری خەڵک روو لە سندووقەکانی دەنگدان بکەن". بەگوتەی ئەو چالاکڤانە، 40%ی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بەشدارییان لە هەڵبژاردندا نەکردووە "ئەمەش پەیامێکی ناڕەزایەتیی روونە".

سەبارەت بە کاریگەریی دەرچوونەوەی حەسەن رووحانی لەسەر پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، ئەو چالاکڤانە کوردە دەڵێت "هیچ گۆڕانکارییەک روونادات، کورد پۆستی بەرزی نادرێتێ، مافەکانی یارسانەکان بە فەرمی ناناسرێ، کورد لە ورمێ هەر لە پەراوێزدا دەبێ. هەروەها حکومەت پلانێکی بۆ پەرەپێدانی ئابووریی رۆژهەڵات نابێت و کێشەکان قووڵتریش دەبنەوە".

> **گوتەبێژی حدک:** ناواقیعبینانە دەبوو ئەگەر پێمانوابووایە خەڵک دەنگ نادەن

> **چالاکڤانێکی رۆژهەڵات:** بە دەرچوونەوەی روحانی هیچ گۆڕانکارییەک روونادات

### دەنگی رووحانی لە رۆژهەڵات زیادی کردووە

بەپێی ئەنجامە بەراییەکان، لە زۆربەی شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، بەراورد بە هەڵبژاردنی رابردوو، حەسەن رووحانی دەنگەکانی زیادیان کردووە.

بۆ نموونە لە پارێزگای لوڕستان یەک ملیۆن و 433 هەزار و 609 کەس مافی دەنگدانیان هەبوو. 829 هەزار و 299 کەس کە دەکاتە 58% دەنگیان دا. واتە 55%ی کۆی دەنگدەران دەنگیان بە حەسەن رووحانی داوە. رووحانی لە خولی رابردوودا لە لوڕستان 47.43%ی دەنگەکانی هێنابوو.

پارێزگای ئیلام زۆرترین رێژەی بەشداریی هەبووە. لەو پارێزگایە 425 هەزار و 436 کەس مافی دەنگدانیان هەبوو. 341 هەزار و 436 کەس دەنگیان داوە. واتە 77.37%ی کۆی دەنگدەران. حەسەن رووحانی لە ئیلامیش 55%ی دەنگەکانی ئەو پارێزگایەی هێناوە، لە خولی رابردوو 54%ی دەنگەکانی ئیلامی هێنابوو.

لە کرماشان یەک ملیۆن و 460 هەزار کەس مافی دەنگدانیان هەبوو، ملیۆنێک و 70 هەزار کەس کە دەکاتە 71% دەنگیان داوە. لەم ژمارەیەش حەسەن رووحانی 68.15%ی دەنگەکانی هێناوە، بەڵام لە هەڵبژاردنەکەی 2013دا 62.43%ی دەنگەکانی هێنابوو.

لە پارێزگای سنەش یەک ملیۆن و 181 هەزار و 880 کەس مافی دەنگدانیان هەبوو. 694 هەزار و 37 کەس کە دەکاتە 59% دەنگیان داوە. بەگوتەی پارێزگاری سنە، لە چاو هەڵبژاردنی رابردوو رێژەی بەشداری 3% کەمی کردووە. 73%ی دەنگدەرانی پارێزگای سنە دەنگیان بە حەسەن رووحانی داوە، رێژەی دەنگەکانی حەسەن رووحانی بەراورد بە هەڵبژاردنی خولی رابردوو 3% زیادی کردووە کە پێشتر 70% بوو.

پارێزگای ورمێ تەنیا پارێزگای رۆژهەڵاتی کوردستانە کە حەسەن رووحانی دەنگەکانی تێدا زیادی نەکردووە، بەڵام کەمیشی نەکردووە، لەو پارێزگایە لە دوو ملیۆن و 342 هەزار کەس کە مافی دەنگدانیان هەبوو، 68%یان دەنگیان دا. حەسەن رووحانی لەو پارێزگایە یەک ملیۆن و 30 هەزار و 101 دەنگی هێنا کە دەکاتە 64%ی دەنگەکان، ئەمەش هەمان ئەو رێژەیەیە کە لە هەڵبژاردنی رابردوو بەدەستی هێنابوو.

بەگشتی حەسەن رووحانی 57%ی کۆی دەنگەکانی لە ئاستی ئێراندا هێنایەوە و بۆ خولێکی دیکەش وەک سەرۆککۆماری ئەو وڵاتە هەڵبژێردرا. ئیبراهیم رەئیسی، بەربژێری نەریتخوازیش 38.30%ی دەنگەکانی هێنایەوە. هەروەها مستەفا میر سەلیم 1.16%ی دەنگەکان و مستەفا هاشمی تەباش 0.52%ی دەنگەکانی هێنایەوە.



## پیتەر سیانۆ، وەزیری دەرەوەی هەنگاریا بۆ (رووداو):

# ئامادەین دوای داعشیش هێزەکانمان لە کوردستان بهێڵینەوە



پیتەر سیانۆ، وەزیری دەرەوەی هەنگاریا لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) باسی ئایندەی سەربازەکانیان دەکات لە هەرێمی کوردستان کە 150 سەربازن و ماوەی مانەوەیان لە کۆتایی ئەمساڵدا تەواو دەبێت. بۆیە ئێستا پێشنیازێکیان داوەتە پەرلەمانی وڵاتەکەیان تاوەکو ماوەی مانەوەی ئەو سەربازانە لە کوردستان بۆ کۆتایی 2019 درێژ بکەنەوە و ژمارەی سەربازەکانیشیان بۆ 200 سەرباز زیاد بکەن.

**هەڤپەیڤین: مەجید نیزامەددین گلی**
**رووداو- نیویۆرک**

### ژمارەی سەربازەکانمان لە کوردستان زیاد دەکەین

### درێژکردنەوەی ماوەی مانەوەی سەربازەکانمان لە کوردستان داوەتە پەرلەمان

### ئیدارەی ئۆباما هەڵەی گەورەی کرد

**رووداو: زیاتر لە دوو ساڵە ئێوە یارمەتی هێزە کوردستانی و عێراقییەکان دەدەن لە شەڕی دژی داعشدا، ئێستا پرۆسەی ئەو هاوکارییە سەربازییەتان چۆن بەڕێوەدەچێت، لە هاوکارییەکانتان بەردەوام دەبن دوای کۆنترۆڵکردنەوەی شاری مووسڵ؟**

**پیتەر سیانۆ:** ئێمە ئەندام و بەشدارێکی کارای هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتیی دژی داعشین، چونکە داعش بە مەترسیدارترین هەڕەشە لەسەر جیهان دەزانین. هەتا ئێستاش ئێمە 150 هەزار سەربازمان هەبووە کە لە هەولێرن و لە چوارچێوەی یەکەی پاراستنن، هەروەها وەکوو راهێنەری سەربازی کاریان کردووە. بڕیاری ناردنەکەشیان لە کۆتایی ئەمساڵ کۆتایی دێت. بۆیە پێشنیاز کراوە کە پەرلەمان ماوەی بڕیارەکە هەتا 2019 درێژ بکاتەوە و ژمارەی هێزەکانیش بۆ 200 سەرباز و راهێنەر بەرزبکاتەوە. هەروەها سنووری ئەرکەکانی ئەو هێزانە لە پاراستن و راهێنانەوە بۆ پێدانی راوێژ و هاوکاریی سەربازی فراوانتر بکات. ئەوەش واتە ئێمە دەمانەوێ بەشداریمان زیاتر بکەین، وەکوو دەزانن ئێمە چەک و تەقەمەنیمان بۆ پێشمەرگە ناردووە، پێشمەرگە بریندارەکانمان وەرگرتووە، بۆئەوەی چارەسەریان بکەین. بێگومان ئەو بەشدارییەشمان بەردەوام دەبێت.

**رووداو: سەبارەت بە درێژکردنەوەی ماوەی مانەوەی هێزەکانتان تاوەکو 2019، مانای ئەوەیە کە پێتانوایە شەڕی داعش تاوەکو 2019 بەردەوام دەبێت؟**

**پیتەر سیانۆ:** حەز دەکەین لەو شەڕەدا هاوپەیمانێکی درێژخایەن بین کە بۆ داهاتوویەکی درێژ پشتمان پێ ببەسترێت، بۆیەش بڕیارمانداوە دوو ساڵی دیکەش بخەینە سەر ماوەی مانەوەمان. ئێمە ئامادەین دوای رزگارکردنی مووسڵیش بمێنینەوە.

**رووداو: ئەو چەکانەی ئێوە پێشتر بۆ پێشمەرگەتان ناردووە، راستەوخۆ بۆ هەرێمی کوردستانتان ناردووە یان لە رێگەی بەغداوە بوو؟**

**پیتەر سیانۆ:** هەرچۆن بێ، ئێمە رێککەوتن لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی عێراق دەکەین، چونکە نامانەوێ کێشە بۆ خۆمان دروستبکەین، نامانەوێ کێشە بۆ ئێوەش دروستبکەین. ئێمە دەزانین ئەمە دۆخێکی هەستیارە، بەڵام بێگومان هیواداریین رێککەوتنێک لەنێوان بەغدا و هەولێر هەبێت لەسەر ئەوەی چۆن بەشێوازێکی ئاشتیانە و لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی دوولایەنە بەردەوامی بە کارەکانیان بدەن.

**رووداو: دوو ساڵ پێش ئێستا، سەرۆکوەزیرانی وڵاتەکەتان پشتگیری خۆی بۆ سەربەخۆیی کوردستان راگەیاند. ئایا هەنگاریان لەسەر هەمان هەڵوێست ماوە؟**

**پیتەر سیانۆ:** ئێمە هەمووکات هەوڵ دەدەین خۆمان لە دەستوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتان بەدووربگرین. هەوڵ دەدەین خۆمان لە راگەیەندراوێک بەدووربگرین کە دەشێت سەقامگیریی ناوچەکە تێکبدات و کێشە دروستبکات. ئێمە ئەوە بۆ خۆتان جێدەهێڵین، واتە بۆ کورد و عێراقییەکانی جێدەهێڵین کە خۆیان بە رێککەوتنێک بگەن.

**رووداو: تۆ دەڵێی بڕیاری سەربەخۆیی بۆ کورد جێدەهێڵین، بەڵام کورد ئێستا باسی گشتپرسیی بۆ سەربەخۆیی دەکات. لەو حاڵەتەدا کاردانەوەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی چۆن دەبێت؟**

**پیتەر سیانۆ:** شتێک کە زانیومە ئەوەیە ئەو رستانەی بە "ئەگەر" دەستپێدەکەن نە لە سیاسەت و نە لە وەرزشدا مانایان نییە. بۆیەش پێم باشترە خۆم لە پێشبینیکردنی ئەو جۆرە بارودۆخە دووربگرم، چونکە ئەمە کێشەیەکی هەستیار و ناسکە، ئەوەی لەوبارەوە دەیزانم دڵخۆشکەرە، دوای قسەکردن لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی عێراق و سەرۆکوەزیرانی ئێوە کە ئەم هەفتەیە دەیبینم و پەیوەندییەکی باشمان هەیە، ئەوەم بۆ دەرکەوتووە کە هەردوو لایەن ئاشتییان دەوێت. بەڕای من ئەمە هەڵوێستێکی گرنگە و نەگۆڕە کە دەتوانن وەکوو بناغەی دانوستاندن سوودی لێ وەربگرن.

**رووداو: دەڵێن یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی داعش، کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بوو لە 2011. لەبەر ئەوە من پێموایە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی مافی ئەوەی هەیە هەموو شتێک بکات بۆ ئەوەی دڵنیا بێت لەوەی داعشێکی دیکە دروست نابێت.**

**پیتەر سیانۆ:** لە ماوەی چەند ساڵ یان چەند دەیەی رابردوودا هەندێک بڕیاری ناخۆش لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دراون کە بارودۆخی باکووری ئەفریقا و رۆژهەڵاتی نێوەڕاستیان ناسەقامگیر کردووە. دەبێ لەوە تێبگەین کولتووری جیاواز، میراتی جیاواز، ئایینی جیاواز و نەریتی جیاواز هەیە، بۆیە ئاشکرایە کە یەک پێوانە بۆ هەمووان ناگونجێت. کاتێک بڕیار بۆ سیاسەتی نێودەوڵەتی دەدەین، دەبێ ئاگامان لە ئاکامەکانی بێت، ناردنی هێز بۆ شوێنێک کارێکی تاڕادەیەک ئاسانە، بەڵام چەسپاندنی ئاشتی بۆ درێژخایەن و گەرەنتیکردنی سەقامگیری و پێشکەوتن لە وڵاتەکە کێشەیەکی دیکەیە. من هەندێک گومان و پرسیارم سەبارەت بە سیاسەتی ئەمریکا لە سەردەمی ئیدارەی دیموکراتەکاندا هەیە، بەڕاستیش پێموایە ئیدارەی ئۆباما لە باکووری ئەفریقا و رۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەڵەی گەورەی کرد.

**رووداو: دەتوانی نموونەی هەندێک لەو هەڵانەی ئیدارەی ئۆبامام بۆ باس بکەیت؟**

**پیتەر سیانۆ:** پێموایە دەبێ فۆکەس بخەینە سەر چارەسەر. چارەسەریش کاتێک دێتە ئاراوە کە رێککەوتنێک لە نێوان ئەمریکا و رووسیادا هەبێت. بەم رێگەیە چارەسەری قەیرانەکە زۆر ئاسانە. ئێمە هیواداریین سەرۆکی ئەمریکا و رووسیا بتوانن پەیوەندییەکی پراگماتیکتر، سەرکەوتووتر یان دۆستانەتر لە نێوان رووسیا و ئەمریکا دامەزرێنن، بەڵام کاتێک لە ئەورووپا یان میدیای نێودەوڵەتی بەم شێوازە قسە دەکەیت، یەکسەر هێرشت دەکەنە سەر و تۆمەتبارت دەکەن بەوەی لایەنگری رووسیا یان سیخوڕی پوتینی. ئێمە لایەنگری ناکەین، ئێمە تەنیا لەگەڵ بەرژەوەندیی نیشتمانی خۆماندایین، بەرژەوەندیی هەنگاریاش لە مەرکەزییەتی ئەورووپیدایە، بۆیە نامانەوێ پەیوەندییەکی دوژمنانە لە نێوان رووسیا و ئەمریکادا هەبێت، چونکە لە مێژووەوە فێری ئەوە بووین کە هەرکاتێک ناکۆکی لە نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوادا هەبووبێ، ئەورووپای نێوەڕاست لایەنە دۆڕاوەکە بووە، بەڵام چیدی نامانەوێ دۆڕاوبین.

### ئێمە هەمیشە دۆڕاوی ناکۆکییەکانی نێوان رووسیا و ئەمریکا بووین

### ئاسایشی ئەوروپامان داوەتە دەست ئەردۆغان

### شێوازی مامەڵەکردنی ترەمپمان بەدڵە

**رووداو: سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی دۆناڵد ترەمپت پێ چۆنە؟**

**پیتەر سیانۆ:** ئێمە شێوازی مامەڵەکردنی ئەومان بەدڵە، ئەو دژی پرەنسیپی یەک پێوەرە بۆ هەمووان. روانگەی ئەو بۆ ئاسایش و ئارامیشمان بە دڵە. کەیفمان بەو دروشمەشی دێت کە دەڵێ "ئەمریکا پێش هەموو شتێک"، چونکە سەرۆکی ئەمریکا هەر دەبێ ئەمە بڵێ. لای ئێمەش هەنگاریا پێش هەموو شتێکە، لای ئێمە ئاسایش و ئارامیی خەڵکی هەنگاریا و وەبەرهێنان لە وڵاتەکەیان پێش هەموو شتێکە. دەتوانم بڵێم ئێمە هاوسۆزی سیاسەتەکەی ئەوین.

**رووداو: پەرلەمانی ئەوروپا یاسایەکی پەسەندکرد و پێشنیازیان کرد هەنگاریا یاساکانی کۆچبەری بگۆڕێت. کاردانەوەی بەڕێزتان لەسەر ئەو پێشنیازە چییە؟**

**پیتەر سیانۆ:** ئێمە ئەوەمان بەڕوونی باسکردووە، بێ ئەوەی گوێمان لە گوشاری نێودەوڵەتی بێت. ئێمە رێگە نادەین یەک کەسیش بە نایاسایی بێتە نێو وڵاتەکەمان. ئەم هەڵوێستەی ئێمە بەدڵی یەکێتیی ئەوروپا نییە، چونکە ئەوان لە هەوڵی دانانی سیستەمێکی ئیلزامکاریی وەرگرتنی کۆچبەراندان. بەڵام ئێمە هیچکات ئەوە قەبووڵ ناکەین، چونکە ئەمە دژی یاساکانی یەکێتیی ئەوروپایە، دژی ویستی خەڵکی هەنگاریایە، جێبەجێش ناکرێت و عەقڵانیش نییە.

**رووداو: ئێستا رووسیا و ئێران و تورکیا لەسەر پێشنیازێک رێککەوتوون بۆ دامەزراندنی ناوچەی ئارام لە سووریا. چۆن ئەو پێشنیازە هەڵدەسەنگێنی وەکو رێگەچارەیەک بۆ رێگرتن لە ناچاربوونی راکردنی خەڵکی سووریا بۆ ئەوروپا؟**

**پیتەر سیانۆ:** پێشوازی لە هەموو ئەو دەستپێشخەرییانە دەکەین کە لە سووریا لە ئاشتیمان نزیکتر دەکەنەوە و وادەکەن خەڵکی سووریا لە رەوشێکی ئارامتردا بژین، ئەگەر ئەو ناوچانە ناوچەی ئارام بن، ئەوە پێموایە ئەمە گۆڕانکارییەکی باشە.

**رووداو: پێتوایە تورکیا ئەوەی پێویستە دەیکات بۆ رێگەگرتن لە چوونی کۆچبەران بۆ ئەوروپا؟**

**پیتەر سیانۆ:** بەڵێ بێگومان، ئێستا دەیکات. سەرەتا ئەوەمان روونکردەوە کە دەکرێ لەگەڵ تورکیا بە رێککەوتنێک بگەین، بەڵام ئەمە چارەسەری کۆتایی نییە. باشترین چارەسەر ئەوەیە وابکەین یەکێتیی ئەوروپا بتوانێت خۆی بپارێزێت. ئێستا ئاسایشی ئەوروپامان خستووەتە دەستی سەرۆککۆمار و حکومەتی تورکیا، پەیوەندییەکی دوو لایەنی زۆرباشیشمان لەگەڵ تورکیا هەیە، بەڵام لە هەمانکاتدا ئەوروپا ئامادەیی ئەوەی نییە خۆی بپارێزێت و ئەوەش کێشەکەیە. دەبوو سوود لەو قۆناغە وەربگرین کە بەهۆی رێککەوتنەکەمان لەگەڵ تورکیا هیچ کۆچبەرێک نەدەهات. دەبووایە وابکەین بتوانین پارێزگاری لە خۆمان بکەین. ئێستا ئەگەر کۆچبەر یان پەنابەران تورکیا جێبهێڵن، ئەوە یەکەم شوێن کە لێی دەوەستن سنووری باشووری هەنگاریا دەبێت.

---

# پێشمەرگە و حەشدی شەعبی مەسیحییەکان چەکدار دەکەن

### بەرپرسێکی سەربازیی مەسیحی:

### رەنگە مەسیحییەکانی نێو حەشدی شەعبی کێشە دروست بکەن بۆ گەڕانەوەی ناوچەکانمان بۆ سەر کوردستان

**نەواد مەحموود**
**رووداو- دەشتی نەینەوا**

قەشە دانیاڵ، لەگەڵ خۆی دەمانباتە نێو کڵێسایەکی وێرانکراوی باشیک، پەیکەری شکێنراوی مەریەممان نیشان دەدات و دەڵێت ترسی داعشیان نەماوە، بەڵام لەو سیاسەتمەدارە مەسیحیانە دەترسێن کە بەگوتەی ئەو بوونەتە "مەقاش" بەدەستی خەڵکی دیکەوە و دەیانەوێ درز بخەنە نێو مەسیحییەکانی دەشتی نەینەوا. بەڵام دەڵێت "ناهێڵین گوێڕایەڵی ئەوان بن. ئێمەی مەسیحییەکان دەمانەوێ لە شوێنێک بژین یاسا سەروەر بێت".

وا دەردەکەوێ کە دوای نەمانی داعشیش، چانسی گەڕانەوەی دڵنیایی و خۆشی بۆ مەسیحییەکانی وڵاتی نێوان دوو رووبار هەڵناکەوێ. چونکە بەدەم راستکردنەوەی خاچە شکاوەکان و گسکدانی قەوانە فیشەکی نێو کڵێسا رووخاوەکانەوە، تارمایی ترسێکی دیکە نائومێدی کردوون. ترس لەوەی ئەمجارە خراپتر لە داعش، بەیەکدادانی خودی مەسیحییەکان ببینن.

هەریەک لە ناوچەکانی ئەلقوش، باشیک، تەلسقۆف و باتنایە و چەند ناوچەیەکی دیکە لەژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی پاراستنی دەشتی نەینەوادان کە لەلایەن پێشمەرگەوە پاڵپشتی دەکرێن، بەڵام لە تلکێف و حەمدانیە و چەند ناوچەیەکی دیکە کەتیبەکانی بابلیوون باڵادەستن کە سەر بە حەشدی شەعبین.

رەیان کلدانی، ئەمینداری گشتی کەتیبەکانی بابلیوون دەڵێت :"ململانێیەکە تەنیا لە نێوان شیعە و شیعە، سوننە و سوننە، یان سوننە و شیعە نییە، بەڵکو بەداخەوە ئەو قسەیە دەکەم، ئێستا لە نێوان مەسیحییەکانیش کێشە هەیە و دەستێوەردانێکی گەورە هەیە".

کلدانی، بە ناڕاستەوخۆ رەخنە لەو هێزە مەسیحییانە دەگرێ کە لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە پشتیوانی دەکرێن و دەڵێ: "سعودیە بە ئاشکرا یارمەتی داعشی داوە، لە سەرەتای هێرشی داعش هەموو ئەو ئۆتۆمبێلانەی داعش لە ئەنبار بەکاری دەهێنان بۆ تەقاندەوە، تابلۆی سعودییان پێوەبوو، ئێستا هەندێ پیاوی سیاسیی مەسیحی دەڕۆن بۆ ئەو وڵاتانە، ئێمە زۆر نیشانەی پرسیارمان هەیە لەسەریان، چی دەکەن لەو وڵاتانە کە یارمەتیی داعشیان داوە".

بەڵام عەمید بەهنام، فەرماندەی هێزەکانی پاراستنی دەشتی نەینەوا، پێیوایە لەبەر ئەوەی چەند هێزێکی سەر بە حەشدی شەعبی لە تلکێفن، ئارامی و ئاسایش لەو ناوچەیە جێگەی دڵنیایی نییە و دەڵێ: "ئەگەر پرسیاری حاڵی تلکێف دەکەی، من بەدڵم نییە. من یەکێکم لەو هێزانەی دەبێ بچم بۆ تلکێف، بینیم لەوێ دۆخەکە چۆنە و دامەزراو نییە و چەند ناوەندێکی هێزی لایەنە ناکۆکەکانی لێیە. خۆدەکرێ بچم هێزێک لە یەکەکانی پاراستنی دەشتی نەینەوا ببەم، بەڵام بەو مەرجەی ئەو میلیشیایانە هەموو بچنە دەرەوە، ئەگەر ئەوان نەچنە دەرەوە ئێمە ناڕۆین".

کامل جرو هورمز، ئەفسەی هەواڵگری لە فەوجی سێی سەر بە یەکەکانی پاراستنی دەشتی نەینەوا، دەڵێ ژمارەیان 2500 کەسە و لیواکەیان پێکهاتووە لە سێ فەوج کە بەسەر ناوچەکانی تەلسقۆف و حەمدانییە و بەرتللە و باتنایە و باشیک و بەحزانێ-دا دابەشبوون.

کامل باسی ئەرکی لیواکەیان دەکات و دەڵێت: "دەشتی نەینەوا دەپارێزین، دوای ئەوەی ناوچەکانمان لەلایەن پێشمەرگەوە ئازاد دەکرێ، ئەوان لێی دەردەچن و ئێمە دەیپارێزین. مەسیحییەکانی دیکە سەر بە بەغدان و ئێمە سەر بە کوردستانین، ئەم ناوچانەی ئێمەی لێین سەر بە کوردستانن و لەژێر پاسەوانیی پێشمەرگەدان، باوەڕ ناکەم ئەوان توانای ئەوەیان هەبێ بێنە ئەم ناوچەیە و کێشە دروستبکەن".

ژمارەی مەسیحییەکانی دەشتی نەینەوا بە نزیکەی 130 هەزار کەس مەزەندە دەکرێ، بەدرێژایی ساڵانی ژیانیان لەو ناوچەیە، ئەوان خۆیان بەدوور گرتووە لەو چەترە سیاسییانەی کە زۆرجار شەقام و کۆڵانەکانی عێراقیان خوێناوی کردووە لە پێناوی گۆڕینی سەرۆک و رژێمەکاندا، هەمیشە پشت لە سیاسەت و روو لە کڵێسا تەناهی و ئاسایشیان هەڵبژاردووە، بەڵام لە ساڵی 2014 دا، داعش لە نێوان دەستهەڵگرتن لە ئاینەکەیان و خاکەکەیاندا، بژارەیەکی دیکەی بۆ نەهێشتنەوە و ئێستا نزیکەی 100 هەزاریان ئاوارەی باشووری کوردستان بوون.

هەندێک لەو کەسایەتی و بەرپرسە سەربازییانەی مەسیحییەکان کە لەنێو داروپەردووی رووخاوی خانوو و کڵێساکانیانەوە قسەیان بۆ دەکردم، ترسی ئەوەیان لێ نیشتبوو کە دوای ئەوەی هەرێمی کوردستان بڕیاری ریفراندۆم دەدات و ناوچەکانی خۆی جیادەکاتەوە، ناکۆکیی ئەوان قووڵتر دەبێتەوە "چونکە خەڵکەکە زۆربەیان دەنگ بە گەڕانەوە بۆ سەر کوردستان دەدەن و ئاسان نییە ئەو مەسیحییانەی نێو حەشدی شەعبی قبوڵی بکەن"، ئەمە بە گوتەی بەرپرسێکی سەربازیی مەسیحییەکان.

لە نیسانی ساڵی 2015 دا رێکخراوە مەسیحییەکان ئاشکرایان کرد کە رۆژانە حەوت خێزانی مەسیحی روو لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا دەکەن. بەسام حەبیب، هاووڵاتییەکی مەسیحی ئاوارەیە و هاتووەتە باتنایە، دەڵێت "خەڵکی ئەم ناوچەیە نیوەیان گەڕانەوە، بەڵام کە بینییان دۆخەکە چۆنە، پەشیمان بوونەوە، تەنانەت هەندێک کەس ویستیان لە ئەورووپاوە بگەڕێنەوە باتنایە، ئەوانیش پەشیمان بوونەوە".



ژمارەیەک چەکداری کەتیبەکانی بابلیوون کە لەلایەن حەشدی شەعبیەوە پاڵپشتی دەکرێن

### 30 ملیۆن دۆلار بۆ مەسیحییەکان

لەوەتای شەڕی داعش بەرپا بووە، کڵێساکانی جیهان سەرقاڵی کۆکردنەوەی کۆمەکن بۆ ئاوارە مەسیحییەکان. بەرپرسێکی مەسیحی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (رووداو)ی گوت لەلایەن کڵێساکانی جیهانەوە کۆمەک و پارەی زۆر بۆ مەسیحییە ئاوارەکان گەیشتووە و هەمووی دراوە بە کرێی خانوو و پێداویستی ژیانی رۆژانەیان.
گوتیشی "تاوەکو ئێستا لەلایەن کڵێسانی جیهانەوە 30 ملیۆن دۆلار بۆ ئاوارە مەسیحییەکان کۆکراوەتەوە".

ئابووری
ڕووداو
ژمارە ( 458 ) - دووشەممە 2017/5/22



## UN: ئابووریی کوردستان دەبووژێتەوە

ڕووداو- نیویۆرک

نەتەوەیەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتی ئابووری خۆیدا پێشبینی دەکات ئابووری عێراق و هەرێمی کوردستان بچێتەوە دۆخی سەقامگیری، ڕاوێژکاری ئابووری نەتەوەیەکگرتووەکان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "تاوەکو دوو ساڵی دیکە مەزەندە وایە نرخی نەوت لە نێوان 50 بۆ 60 دۆلاردا جێگیر بێت". یاس یاماموتوو، ڕاوێژکاری ئابووری نەتەوەیەکگرتووەکان، بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاند "گەڕانەوەی گەشبینی لە ئابووریی هەرێمی کوردستان هۆکارێکی گەڕانەوەی ئەو سەقامگیرییەیە کە لە ئابووریی عێراق دەیبینین". گوتیشی "نرخی نەوت بەرزنابێتەوە بۆ پێش ساڵی 2014، بەڵام ئەو نرخە ئێستا و سەقامگیربوونی وا دەکات کە توانای پارە خەرجکردنی حکومەت لە ژێر هەڕەشەدا بێت".

## ئەمساڵ هاوردەکردنی ئۆتۆمبیل 67% زیادی کردووە

# لە چوار مانگی ڕابردوودا 26 هەزار ئۆتۆمبێل هێنراوەتە کوردستان

**بازرگانێک: ئۆتۆمبێلی بەکارهاتوو بەبێ کواڵیتی کۆنترۆڵ دەهێنرێتە کوردستان**

**بازرگانێکی عەرەب: لە هەر ئۆتۆمبێلێک کە دەیهێنین، حکومەت چوار هەزار دۆلاری لێ قازانج دەکات**

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر

بەڕێوەبەری گشتیی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند کە جووڵەیەکی بەرچاو کەوتووەتە بازاڕی ئۆتۆمبێل، لە ماوەی چوار مانگی ڕابردوودا 26 هەزار و 500 ئۆتۆمبێل هاوردەی هەرێمی کوردستان کراون.

بەپێی ئاماری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، لە چوار ساڵ و چوار مانگی ڕابردوودا 332 هەزار ئۆتۆمبێل هاوردەی هەرێمی کوردستان کراون. زۆربەشیان بەر لە قەیرانی دارایی هاتوون.

بەپێی ئامارەکە، ساڵی ڕابردوو ڕێژەی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل 74% کەمی کردبوو بەراورد بە ساڵانی بەر لە قەیرانی دارایی، بەڵام لە سەرەتای ئەمساڵەوە جوڵەیەکی باش کەوتووەتە بازاڕی ئۆتۆمبێل، بەجۆرێک کە بەراورد بە ساڵی ڕابردوو 67% زیادی کردووە.

نەوزاد ئەدهەم، بەڕێوەبەری گشتیی بازرگانی لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دەڵێت "ئەو ژمارەیەی لە ئۆتۆمبێل کە ئەمساڵ هاوردە کراوە، زۆر زیاترە لە خواستی بازاڕ، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی بەشێکی زۆر لەو ئۆتۆمبێلانە لێرەوە هەناردەی شارەکانی عێراق دەکرێن".

بەشێک لەو بازرگانانەی پێشتر لە شارەکانی عێراق و سووریا کۆمپانیای بازرگانیی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلیان هەبوو، ئێستا نووسینگە و پێشانگاکانیان گواستووەتەوە هەرێمی کوردستان و لێرەوە ئۆتۆمبێل بۆ شارەکانی عێراق هەناردە دەکەن.

موسەننا حەسەن ئەلڕاوی، یەکێک لەو بازرگانانەی پێشتر کۆمپانیا و پێشانگای فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی لە شاری دەرعای سوریا هەبووە، چەند ساڵێکە لقێکی کۆمپانیاکەی و پێشانگایەکی لە هەولێر کردووەتەوە و ئۆتۆمبێل لە ئیماراتەوە بۆ کوردستان دەهێنێ و دواتر بە کۆمپانیاکانی دیکەی دەفرۆشێتەوە.

موسەنا کە بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای ئەلڕاوییە، دەڵێت "پێشتر ساڵانە زیاتر لە 50 هەزار ئۆتۆمبێلمان لە ئیماراتەوە دەهێنا و زۆربەیمان هەناردەی شارەکانی عێراق دەکرد، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی و دانانی بەربەست و دووبارە وەرگرتنەوەی باج لە بازگەکانی عێراق، ساڵی ڕابردوو فرۆشمان زۆر دابەزی، بۆیە تەنیا 1250 ئۆتۆمبێلمان هاوردە کرد".

موسەننا پێیوایە ئەو هۆکارەی وای کردووە بازرگانانی عێراق بۆ هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل ڕوو لە خاڵە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان بکەن، بریتییە لە جیاوازیی ئەو بڕە گومرگەی لەنێوان خاڵە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق هەیە، موسەننا گوتی "حکومەتی عێراق 25%ی نرخی ئۆتۆمبێلەکە گومرگ وەردەگرێت، بۆ نموونە ئەگەر ئۆتۆمبێلێک لە خاڵە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستانەوە بیهێنین و 2000 دۆلار لەسەرمان بکەوێت، لە بەسراوە بیهێنین 6000 دۆلار دەکەوێت، بۆیە بازرگانانی عێراق لەڕێی کۆمپانیاکانی هەرێمی کوردستانەوە ئۆتۆمبێل دەهێنن".

موسەننا باسی وەرگرتنی گومرگ لە کوردستان دەکات و دەڵێت: "بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی هاوردەکردنی هەر ئۆتۆمبێلێک 100هەزار دینار دەدەین، بەگوێرەی پستۆنی ئۆتۆمبێلەکانیش گومرگ دەدەین، ئەگەر ئۆتۆمبێلێکی ساڵۆنی چوار پستۆن بێ دوو ملیۆن و 214 هەزار دینار دەدەین، بۆ ستێشن و چوار پستۆن دوو ملیۆن و 629 هەزار دینار دەدەین، بۆ شەش پستۆنی ستێشن دوو ملیۆن و 938 هەزار دینار دەدەین، ئەو بڕە پارەیەش بەراورد بە باج و گومرگی عێراق زۆر کەمترە".

موسەنا و بازرگانانی دیکە بۆ ئەوەی خۆیان لە دووبارە وەرگرتنەوەی باج لە بازگەکانی عێراق بدزنەوە، سەرجەم ئەو ئۆتۆمبێلانەی هەناردەی شارەکانی عێراقی دەکەن تابلۆی شارەکانی هەرێمی کوردستانی بۆ دەبەستن و وەکالە بۆ پێشانگا و کۆمپانیاکانی عێراق دەکەن بۆ ئەوەی بێ کێشە ئۆتۆمبێلەکانیان بفرۆشنە خەڵک.

موسەننا دەڵێت: "لە بازگەکانی عێراق ئەگەر ئۆتۆمبێل ژمارەی کاتی بێ، یان ڕێگە نادەن داخڵ ببێ، یان دووبارە گومرگی دەکەنەوە، بەڵام ئەگەر تابلۆی هەولێری پێوەبێت، بە بڕە پارەیەکی کەم ڕێگە دەدەن داخڵ ببێ".

کۆمپانیاکەی موسەننا ئەمساڵ 750 ئۆتۆمبێلی هاوردە کردووە، نزیکەی 550 ئۆتۆمبێلی دوای بەستنی تابلۆی شارەکانی کوردستان، بە دەرەوەی هەرێمی کوردستان فرۆشتووە. موسەننا دەڵێت: "لەم بازرگانییەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر سوودمەند دەبێت، چونکە بە گومرگ و باج و ڕەقەمکردنەوە چوار هەزار دۆلاری دەستدەکەوێ".

موسەننا گوتیشی "عەرەبی شارەکانی عێراق زۆر حەز دەکەن ئۆتۆمبێلەکانیان تابلۆی هەولێر بێت، چونکە هاوشێوەی تابلۆی بەغدا لە هەموو شارێکی عێراق بێ گرفتە و کڕیاری هەیە. ئەگەریش لەوێ نەفرۆشرا دەیهێننەوە کوردستان دەیفرۆشن".

جگە لە بازرگانانی عێراق، خاوەنی کۆمپانیاکانی هەرێمی کوردستانیش لەم بازرگانییە سوودمەند بوون، ئێستا فرۆشیان زیاتر بووە و لە جارانیش زیاتر ئۆتۆمبێل هاوردە دەکەن.

کۆمپانیای شوان تاهیر بۆ بازرگانیی گشتی و هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل ئەمساڵ نزیکەی 300 ئۆتۆمبێلی تازەی لە جۆرەکانی تۆیۆتا و هۆندای و کیا هاوردە کردووە. بەڵام بەدرێژایی ساڵی ڕابردوو هاوردەیان نەگەیشتە ئەو ژمارەیە. شوان تاهیر، خاوەنی کۆمپانیاکە دەڵێت: "زیاتر لە نیوەی ئەو ئۆتۆمبێلانەی هاوردەی دەکەین بە شارەکانی نەجەف و کەربەلا و بەسرا و بەغدای دەفرۆشینەوە". بە مەزەندەی ئەو بازرگانە، ئەگەر ئەو جوڵەیە هەروا بەردەوام بێ، ڕەنگە فرۆشی تۆئۆمبێل سێ هێندەی ساڵی ڕابردوو زیاد بکات.

جگە لە هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی سفر کیلۆمەتر، هاوردەکردنی ئۆتۆمبیلی بەکارهاتووش زیادی کردووە. ڤەهێل محەممەد عومەر، بەڕێوەبەری فرۆشتن لە کۆمپانیای ئۆنێل بۆ هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی بەکارهاتووی ئەمەریکی، پێیوایە ئەو هۆکارەی وای کردووە ئەمساڵ لە ساڵانی ڕابردوو زیاتر ئۆتۆمبیل هاوردە بکرێت، هەڵگرتنی کۆنترۆڵی جۆریە لە خاڵە سنوورییەکان نەک زیادبوونی خواست.

ڤەهێل دەڵێت: "بەهۆی هەڵگرتنی کۆنترۆڵی جۆری، لە چوار مانگی ڕابردوودا ڕۆژانە لانیکەم 10 بارهەڵگری ئۆتۆمبێلی بەکارهاتوو هاوردەی هەرێمی کوردستان کراوە، بۆیە پێشبینی دەکەم 75%ی ئەو ئۆتۆمبیلانەی لە سەرەتای ئەمساڵەوە هاوردەکراون ئۆتۆمبێلی بەکارهاتوو بن".





بازرگانێک: 75%ی ئەو ئۆتۆمبیلانەی لە سەرەتای ئەمساڵەوە هاوردەکراون ئۆتۆمبێلی بەکارهاتوو بن

**ژمارەی ئۆتۆمبێلی هاوردەکراو لە چوار ساڵ و چوار مانگی ڕابردوودا**

| ساڵ | 2013 /9 | 2014 | 2015 | 2016 | 2017 /4 |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی ئۆتۆمبیل | 126.430 | 88.853 | 54.626 | 35.643 | 26.54 7 |
| کۆی گشتی | 332.101 | | | | |

### "ئۆتۆمبێل بە چاو دەپشکنن"

پێشتر حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتی گرێبەستی هەبوو بۆ پشکنینی ئۆتۆمبێل، ئەگەر ئۆتۆمبێلەکە کواڵیتی نزم بووایە، یان کێشەی هەبووایە ڕێگەی نەدەدا بێتە ناوەوە، بەڵام لە سەرەتای ئەمساڵەوە حکومەت گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیاکە نوێ نەکردەوە و ئێستا خۆی ئەو پشکنینە دەکات.

ڤەهێل محەممەد کە کۆمپانیای فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی بەکارهاتووی هەیە، دەڵێت "ئێستا لە خاڵە سنوورییەکان هەر بە چاو پشکنین بۆ ئۆتۆمبێل دەکەن و 200 دۆلاریش بۆ هەر ئۆتۆمبێلێک وەردەگرن. لە ماوەی ئەم چوار مانگەدا بە هەزاران ئۆتۆمبێلی کواڵیتی خراپ، لێدراو، وەرگەڕاو و ژێرئاوکەوتوو هاوردەی هەرێمی کوردستان کراون".

گوتیشی: "حکومەت ئەو کارە تەنیا لە پێناوی زیادکردنی داهات دەکات، بەڵام بیر لەوە ناکاتەوە کە ئەو ئۆتۆمبێلە خراپانە لە ئایندەدا چ زیانێکی گیانی و مادیان بەدواوە دەبێت".

# داهاتی کشتوکاڵ 200 ملیار دینار کەمی کردووە

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر

بەرپرسانی وەزارەتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان، دەڵێن ساڵی ڕابردوو سەرەڕای زیادبوونی بەرهەمی کشتوکاڵ، بەڵام داهاتەکەی بەراورد بە ساڵی پێشتر نزیکەی 20% کەمی کردووە، ئەوەش بەهۆی دابەزینی نرخ و کەمیی خواست لەسەر بەرهەمەکان.

ماوەی دوو ساڵە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، ئامار و داتا لەسەر خەرجی و قازانجی بەرهەمی جووتیاران کۆدەکاتەوە. بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ لە ساڵی 2015، داهاتی ناپوختەی جووتیاران ترلیۆنێک و 157 ملیار دینار بووە، بەڵام ساڵی ڕابردوو سەرەڕای گەشە و زیادبوونی بەرهەم لە زۆربەی بەرووبوومەکاندا، داهاتی جووتیاران 956 ملیار و 833 ملیۆن دینار بووە، واتە 201 ملیار دینار کەمی کردووە.

د.ئەنوەر عومەر، بەڕێوەبەری گشتیی پلان و بەدواداچوون لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بە (ڕووداو)ی گوت "ساڵی ڕابردوو داهاتی کشتوکاڵ بەراورد بە ساڵی پێشتر نزیکەی 20% کەمی کردووە، ئەمەش لە کاتێکدا بەرهەمی جووتیاران زیادی کردبوو، بۆ نموونە گەنم لە ملیۆنێک و 42 هەزار تۆنەوە بۆ ملیۆنێک و 686 تۆن زیاد بووە، بەڵام بەهۆی دابەزاندنی نرخی وەرگرتن لە سایلۆ، نرخ لە بازاڕ دابەزیوە".

د.ئەنوەر عومەر، هۆکارێکی دیکەی کەمبوونەوەی داهاتی کشتوکاڵ بۆ حەشدی شەعبی دەگەڕێنێتەوە و دەڵێت: "زۆربەی کات بازگەکانی حەشدی شەعبی لەسەر ڕێگای بەغدا ڕێگەیان بە بازرگانان نەدەدا بەرهەمی کشتوکاڵی کوردستان بگاتە بەغدا و شارەکانی دیکەی عێراق، بەو هۆیەوە گرفتی بە بازاڕکردن بۆ جووتیاران پەیدابوو، بەوەش نرخ دابەزی".

ئەو بەرهەمانەی وەزارەتی کشتوکاڵ وەک بنەما بۆ دەرخستنی داهاتی جووتیاران دیاریی کردوون، بریتین لە گەنم، جۆ، گەنمەشامی، پەتاتە، گوڵەبەڕۆژە، بایەنجان، کولەکە، تەماتە، پیاز، خەیار، ترێ، هەنار، سێو و خۆخ. لە بەروبوومە ئاژەڵی و پەلەوەرییەکانیش گۆشتی مریشک، هێلکە، گۆشتی سوور، ماسی و شیر بە نموونە وەرگیراوە.

د.ئەنوەر باسی پلان و ستراتیژی ئێستا و داهاتووی وەزارەتی کشتوکاڵ دەکات و دەڵێت: "پلانمان زیادکردنی بەرهەمە لە یەکەی ڕووبەر، تاوەکو بەو هۆیەوە تێچووی بەرهەمهێنان کەم بکەینەوە و جووتیاران بتوانن لە نرخدا کێبڕکێی بەرهەمی هاوردە بکەن".

بۆ دابینکردنی ئاسایشی خۆراک و زیادکردنی ڕۆڵی کەرتی کشتوکاڵ لە داهاتی نەتەوەیی، ساڵی 2009 وەزارەتی کشتوکاڵ پلانێکی پێنج ساڵەی بۆ گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ داڕشت، بەڵام بەهۆی کێشەی بودجەوە بەشێکی کەم لە پلانەکە جێبەجێ کرا. ئێستا وەزارەتی ناوبراو پلانێکی دیکەی داڕشتووە کە تاوەکوو ساڵی 2019 دەخایەنێ، بۆ جێبەجێکردنیشی پێویستی بە سێ ملیار و 300 ملیۆن دۆلارە، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە پلانەکە پەسەند نەکراوە.

د.ئەنوەر دەڵێت: "تاوەکوو یاسای بودجەی گشتی لە هەرێمی کوردستان دەرنەچێ، نەک ئەو پلانە، هیچ پلانێکی گشتگیر جێبەجێ ناکرێت، بەڵام ئێمە ساڵانە پلانی خۆمان دادەنێین و هەوڵی جێبەجێکردنی دەدەین، بۆ نموونە ئەمساڵ 26 پرۆژەی چاکسازی و ستراتیژیمان ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران کردووە، چاوەڕێین پەسەند بکرێن".

بەشێک لەو بەرهەمە ستراتیژیانەی وەزارەتی کشتوکاڵ وەک بنەما بۆ دەرخستنی داهاتی ساڵانەی جووتیاران دیاریی کردوون، پارێزگای سلێمانی لە بەرهەمهێنانیاندا لەپێشەوەی پارێزگاکانی دیکەیە.

ڕزگار محەممەد، جێگری بەڕێوەبەری گشتیی کشتوکاڵی سلێمانی دەڵێت: "لاوازیی بەبازاڕکردن و کەمبوونەوەی خواست و خستنەڕووی زۆریی بەرهەم لەیەک کاتدا، ڕێگرییەکانی حکومەتی عێراق بۆ هەناردەکردنی بەرهەمەکان، زۆریی تێچوو، بوونە هۆی ئەوەی ساڵی ڕابردوو سەرەڕای زیادبوونی بەرهەم، جووتیاران داهاتێکی کەمتریان لە ساڵی پێشتر دەستکەوێت".

ڕزگار محەممەد دەڵێت، کەمبوونەوەی داهاتی جووتیاران بووە هۆی ئەوەی ساڵ بەساڵ لەو نەخشەڕێگایەی بۆ پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵ دایانناوە دووربکەونەوە، بۆیە بە پێویستی دەزانێ حکومەت کەناڵی تایبەت بۆ بەبازاڕکردنی بەروبوومی جوتیاران بدۆزێتەوە. هەروەها دەڵێت: "پێویستە حکومەت پەلە بکات لە دروستکردنی کۆگای هەڵگرتنی بەرهەمەکان و هانی کەرتی تایبەت بدات بۆ دانانی کارگەی لە قوتوونان بۆ ئەو بەرهەمانەی لە بازاڕ زیادن".

بۆ پاراستن و ساغکردنەوەی بەرهەمی ناوخۆ و کەمکردنەوەی هاوردە، ڕزگار بە پێویستی دەزانێ حکومەت باج لەسەر بەرهەمی هاوردە زیاد بکات و دەڵێت "پێویستە حکومەت لە دانانی باجی زیاتر و ڕێگرتن لە بەرهەمی هاوردە بوێرتر بێت".

پسپۆڕانی ئابووری پێیانوایە ئەگەر حکومەت بیەوێت گەشە بە ئابووریی هەرێمی کوردستان بدات، پێویستە بە پلەی یەک گرنگی بە کەرتی کشتوکاڵ بدات، چونکە کشتوکاڵ لە زۆربەی وڵاتانی جیهان زامنی ئاسایشی خۆراکە.

د.لوقمان عوسمان، پسپۆڕی گەشەپێدانی ئابووری و بانک دەڵێت: "ئاو و هەوا و خاکی هەرێمی کوردستان زۆر گونجاوە بۆ کشتوکاڵ، بەڵام پێویستی بە باشترین بەگەڕخستن هەیە، ئەویش لەڕێی دابینکردنی بودجە و پاڵپشتی زیاتری یاساکانی حکومەت بۆ پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی و ئاراستەکردن و هاندانی کەرتی تایبەت بۆ وەبەرهێنان لەو کەرتە و فەراهەمکردنی تەکنۆلۆژیای سەردەم بۆ پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵ".



وەزارەتی کشتوکاڵ ئەمساڵ 26 پرۆژەی چاکسازی و ستراتیژی ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران کردووە، چاوەڕێیە پەسەند بکرێن (فۆتۆ: ڕووداو)

### تەنیا 4% بۆ بودجەی کشتوکاڵ

بۆ دابینکردنی ئاسایشی خۆراک، بەپێی ڕاسپاردەکانی (UN) پێویستە بودجەی تەرخانکراو بۆ کشتوکاڵ لە 10%ی بودجەی گشتی کەمتر نەبێت، بەڵام لە هەرێمی کوردستان بودجەی کەرتی کشتوکاڵ 4%ی بودجەی گشتی تێپەڕی نەکردووە. د.ئەنوەر عومەر، بەڕێوەبەری گشتیی پلاندانان لە وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێت: "کشتوکاڵ دەتوانێ بەشدارییەکی کارای هەبێ لە داهاتی نەتەوەیی، بۆیە ئەگەر حکومەت پێشتر گرنگی بەو کەرتە بدابا، قەیرانی دارایی بەو جۆرەی ئێستا کاریگەریی لەسەر کوردستان نەدەبوو".



# گازی سروشتیی هەرێمی کوردستان دەبێتە جێگرەوەی گازی ڕووسیا؟



دەروون ڕەحیم

ئەگەر ئەو خەمڵاندنەی بۆ گازی سروشتیی هەرێمی کوردستان کراوە، ورد و دروست بێت کە بە 5.8 تریلیۆن مەتر سێجا مەزەندە کراوە، ئەوا هەرێمی کوردستان خاوەنی حەوتەم گەورەترین یەدەگی گازی سروشتییە لە جیهاندا.

ئەم یەدەگە گەورەیەی گاز بۆ خاوەن سامانە سروشتییەکە و بۆ بازاڕەکانی گازیش جێی بایەخە. بۆ وڵاتی بەرهەمهێن دەبێتە سەرچاوەی داهات و دارایی و پەیوەندی و هاوپەیمانێتی، بۆ بازاڕەکان و کڕیارە تینووەکانی گازی سروشتیش بەدەستخستنی سەرچاوەیەکی وزەی زیاترە.

زوو بێت یان درەنگ، هەرێمی کوردستان گازی سروشتی هەناردە دەکات، چونکە ئەو یەدەگەی گاز کە لەژێر خاکی هەرێمی کوردستاندا هەیە، لەوە گەورەترە لەژێر خاکدا بمێنێتەوە. بەردەوامیش بازاڕ پێویستی بە گازی سروشتیی زیاتر هەیە.

لە شوێنێک کە گازی سروشتیی تێدا نییە و لە شوێنێکی دیکە کە گازی سروشتی هەیە بەڵام پێویستی بە سەرچاوەی داهات و دروستکردنی ژێرخان هەیە، بە گشتی ئەم هاوکێشەیە بنەمای دروست بۆ پەیوەندی بازرگانیی نێوانی کورد و بازاڕەکانی وزەیە لەناوچەکە و جیهاندا.

بەڵام گازی سروشتی و بازرگانیی گازی سروشتی، جیاواز لە نەوت، خەسڵەت و جیۆپۆلەتیکی تایبەت بەخۆی هەیە، هەروەها کاراکتەرەکانیشی جیاوازن. کورد نزیکەی یەک دەیە لەمەوبەر دەستی بە پیشەسازیی نەوت کرد، ئێستا لە قۆناغی هەناردەکردندایە، بەڵام پرۆسەکە سەبارەت بە گازی سروشتی جیاوازە. هەناردەکردنی گازی سروشتی واتە بوون بە بەشێک لە "پەیوەندیی هێز"ی نێوان بەرهەمهێنەرانی گازی سروشی و کڕیارەکانی. بازرگانیی گازی سروشتی تا ڕادەیەکی زۆر بە سیاسەت بارگاوی بووە، بووەتە کەرەستەیەکی پیادەکردنی سیاسەتی دەرەوە لە نێوان کڕیاران و فرۆشیاراندا، ئەمەش بێگومان کاریگەری لەسەر کوردستان دادەنێ لە حاڵەتی هەناردەکردنی گازی سروشتیدا.

ئەورووپا، بەتایبەتی وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا، یەکێک لەو بازاڕانەیە کە هەرێمی کوردستان چاوی تێبڕیوە و دەیەوێت گازی سروشتیی خۆی هەناردە بکات. لەو ڕووەوە، ئەورووپییەکان بازاڕێکی گەورەی گازی سروشتین و لە نزیکەی 66%ی تێکڕای بەکاربردنی گازی سروشتی کە هاوردەی دەکەن، نیوە زیاتری لە ڕووسیا دەکڕن. واتە یەکێتی ئەورووپا بەشێوەیەکی فراوان پشتی بە هاوردەکردنی گازی ڕووسیا بەستووە، پشتبەستنی ئەورووپا بەشێوەیەکە کە هەندێک لە وڵاتانی ئەندامی یەکێتی ئەورووپا وەک سلۆڤینیا و سلۆڤاکیا و هەنگاریا، بەڕێژەی 100% پشتیان بە گازی سروشتیی ڕووسیا بەستووە.

ستراتیجی یەکێتیی ئەورووپا بریتی بوو لە کشان بەرەو ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا و لەخۆگرتنی ئەو وڵاتانەی لە ڕابردوودا خاوەنی سیستمێکی کۆمۆنیستی بوون، وەک گەرەنتی دووبارە دابەشنەبوونەوەی ئەورووپا بۆ دوو بلۆک. هەروەها بۆ فراوانکردنی ئابووری و بازاڕی هاوبەش، بەڵام ڕووسەکان لەبەرامبەردا ئەم سیاسەتی لەخۆگرتنەی یەکێتی ئەورووپایان وەک هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی خۆیان زانی، بەتایبەتی لە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات و باڵکان و دەریای بەڵتیک و قەوقاز. بۆ مۆسکۆ کە لەسەر پشکۆی ڕۆژگاری یەکێتیی سۆڤیەت سیاسەت دەکات و وەکو هێزێکی گەورەی جیهانی (Super Power) هەڵسوکەوت دەکات، فراوانبوونی یەکێتی ئەورووپا بەرەو ئەو ناوچانەی کە پێشتر هەندێکیان بەشێک بوون لە یەکێتیی سۆڤیەت و بەشێکی تریشیان هاوپەیمانی بوون لەنێو پەیمانی وارشۆ و ئێستاش ڕووسیا هەندێکیان بە زۆنی هەژموونی خۆی هەژمار دەکات، ئەوە بە مانای هەڕەشە بوو لە هەوڵەکانی ڕووسیا بۆ بەدەستهێنانی هێز (Power Struggle). ڤلادیمیر پوتین هەموو کەرەستەکانی بەردەستی خۆی خستەکار لە پێناوی ڕاگرتنی شەمەندەفەری یەکێتیی ئەورووپا بەرەو ناوچەکانی نفوزی ڕوسیا و لاوازکردنی هاوبەندیی یەکێتییەکەش لەو ناوچانەی کە بوونەتە ئەندامی بلۆکی ئەورووپا. لێرەوە داینامیکی ئاسایشی ئەورووپا لە نێوان مۆسکۆ و برۆکسلدا بەردەوام لە کارلێک و کاریگەریدانان لەسەر یەکتری و هاوسەنگی و ناهاوسەنگیی هێزدایە.

گازی سروشتی فاکتەرێکی ئەو داینامیکەی نێوان ئەورووپا و ڕووسیایە، لەلایەک بۆ ئەورووپییەکان گازی سروشتی سەرچاوەیەکی سەرەکیی وزەیە بۆ بەکارخستنی پیشەسازی و گەرمکردنەوە و گواستنەوە، یاخود بە دەربڕینێکی دیکە، سەرچاوەیەکی سەرەکیی بەگەڕخستنی ئابوورییە. هەر پچڕانێک یاخود کورتهێنانێک لە هاوردەکردنی گازی سروشتی دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە ئابووری و بازاڕی یەکێتییەکە کە بنەچەی دروستبوون و مانەوەی یەکێتی ئەورووپایە. لەلایەکی دیکەوە گازی سروشتی یەکێکە لەو کەرەستانەی کە مۆسکۆ بۆ پارێزگاری لە هێز و کاریگەریی خۆی لەسەر ئەورووپا بەکاری دەهێنێت. لەڕێی گازی سروشتییەوە فشار بۆ سەر ئەندامانی یەکێتیی ئەورووپا دروست دەکات، بە تایبەتی ئەندامە نوێیەکانی ئەو یەکێتییە، بۆ ئەوەی لە بازنەی کاریگەریی ڕووسیادا بمێننەوە. بۆ ڕووسەکان بازاڕی گازی سروشتیی ئەورووپا پەیوەندی بە بەردەوامیی هێزی ڕووسیاوە هەیە، چونکە هەروەک چۆن ئەورووپییەکان پشتیان بە گازی سروشتیی ڕووسیا بەستووە، بەهەمان شێوە ڕووسەکانیش پشتیان بە بازاڕی ئەورووپا بەستووە. وەک چۆن گازی سروشتیی ڕووسیا بۆ ئەورووپییەکان بریتییە لە سەرچاوەیەکی وزە و خەمی ئاسایشی وزە، بۆ ڕووسەکانیش لە پەیوەندییەکی بازرگانی دەرچووە و بووەتە بەشێک لە گۆڕاوەکانی پەیوەندیی ستراتیجی لەنێوان هەردوولا.

لەچەند ساڵی ڕابردوودا، ئەوکاتەی کە ئەورووپییەکان ویستیان بەدوای سەرچاوەی دیکەی گازی سروشتیدا بگەڕێن بۆ ئەوەی لانیکەم بەشێک لە باری گرانی پشتبەستن بە گازی سروشتیی ڕووسیا کەم بکەنەوە، ڕووسەکان زۆر بە وردی کاریان لەسەر ئەم هەوڵەی ئەورووپییەکان کرد، لەسەر چەند ئاستێکی جیاواز.

لەسەر ئاستی ئەورووپا: ڕووسەکان هەرزوو کەوتنە خۆیان بۆ ئەوەی ئەورووپییەکان بە ئاسانی دەستیان بە سەرچاوەی دیکەی وزە نەگات. لەم بارەیەوە کۆمپانیای گازپرۆم کەوتە کڕینی پشک لە کۆمپانیا نیشتیمانییەکان و کۆمپانیا گەورەکانی وزە لە وڵاتانی ئەورووپا، بۆ نموونە لە هەنگاریا و نەمسا و بولگاریا. هەروەها بەشێک لە سیاسییە خاوەن نفوزە ئەورووپییەکانیان وەک ڕاوێژکار لە گازپرۆم دەستنیشان کرد، لە نموونەی گێرهارد شرۆیدەر، ڕاوێژکاری پێشووی ئەڵمانیا.

لەلایەکی دیکەوە، پێشنیازی چەند هێڵێکی گواستنەوەی گازی سروشتییان بۆ ئەورووپا کرد، هەندێک لەو بۆڕییانە بۆ ئەوە بوو کە قەیرانی ئۆکراینا کاریگەریی نەکاتە سەر پرۆسەی گواستنەوەی گازی سروشتی و بۆ ئەورووپییەکانی بسەلمێنن کە کێشەکە بریتی نییە لە گازی ڕووسیا، هێندەی پەیوەندی بە قەیرانی ئۆکراینیاوە هەیە، لەم پێناوەشدا بۆڕیی گازی نۆرد ستریم لە باکوور و تورکیش ستریمیان لە باشوورەوە خستە بواری جێبەجێکردنەوە. جگە لەمەش چەند بۆڕییەکی وەهمی بۆ کێبڕکێی بۆڕییەکانی ئەورووپا ڕاگەیاند، وەک بۆڕیی ساوس ستریم کە تەنیا مەبەست لێی پاشەکشە بوو بە بۆڕیی نابوکۆ.

لەسەر ئاستی وڵاتانی بەرهەمێنی گازی سروشتی: ڕووسەکان مێژوویەکیان هەیە لەگەڵ دەستخستنە ناو کاروباری وڵاتانی خاوەن گازی سروشتییەوە. بۆ نموونە، دەگوترێت داگیرکردنی تیبلیسی پایەتختی جۆرجیا لە ساڵی 2008، چەند مەبەست لێی ئاگادارکردنەوەی ئەو وڵاتە بوو لەبارەی بوونە ئەندامی ناتۆ، ئەوەندەش ئاگادارکردنەوەیەک بوو بۆ ئازەرییەکان سەبارەت بە هاوکاریکردنی ئەورووپا لە بواری گازی سروشتی. هەروەها لە ناوەڕاستی ئاسیا کە وڵاتانی وەک کازاخستان و تورکمانستان و ئۆزبەکستان خاوەنی یەدەگێکی گەورەی گازی سروشتین، ڕووسیا ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە سیاسەتی ناوخۆی هەر یەک لەو وڵاتانە، پشتیوانیی دیکتاتۆرەکانی ئەو وڵاتانە دەکات، لەڕێگەی چوارچێوەی ئابووری و سەربازیی هاوبەشەوە تاوەکو ئێستا ئەو وڵاتانەی ڕاگرتووە لە بەرامبەر هاوکاریکردنی کەرتی وزەی ئەورووپا. لەبەرامبەر فراوانبوونی ئەورووپادا، ڕووسەکان لە ڕوانگەی پەیوەندیی مێژوویی و کولتووری و سیاسی وڵاتانی ناوەڕاستی ئاسیا و قەوقازەوە، پەرە بە کۆنسێپتی ئۆراسیانیزم دەدەن، بۆ ئەوەی ئەو دەوڵەتانە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا کۆبکاتەوە و لەوە زیاتر بەرەو بلۆکی ئەورووپا نەچن.

لە هەندێ حاڵەتیشدا ڕووسەکان تا ڕادەی ئازاردان بە ئابووری وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاستدا ڕۆچوون تەنها بۆ ئەوەی، بۆ نموونە ئەوکاتەی تورکمانستان نیازی گرێدانی گازی سروشتیی خۆی هەبوو لەگەڵ بۆڕی گازی نابوکۆ، ڕووسەکان ئامادەبوون دووهێندەی نرخی بازاڕ بدەن بە تورکمانستان تەنیا بۆ ئەوەی گازی سروشتیی ئەو وڵاتە نەچێتە بۆڕی ئەورووپییەکانەوە و نەبێتە جێگرەوەی گازی سروشتیی ڕووسیا. بەڵام دوای ئەوەی کە پرۆژەی نابوکۆ بەرەو شکست چوو، ئیتر مۆسکۆ ئامادە نەبوو گازی سروشتی بە نرخی بازاڕیش لە تورکمانستان بکڕێت، ئەو کاتەشی کە تورکمانستان ویستی گازی سروشتی بۆ چین هەناردە بکات، ڕووسەکان دوو بۆڕی گازی سروشتییان بۆ چین دروست کرد بۆ کێبڕکێی بۆڕی گازی تورکمانستان.

ئەم نموونانە ئەوەمان پێدەڵێن کە پەیوەندیی نێوان ڕووسەکان و ئەورووپییەکان سەبارەت بە گازی سروشتی تەنیا لە ئاستی بازرگانیدا نەماوەتەوە، بەڵکو ئاڵۆز و فرەئاستە. هەرێمی کوردستان کە قەوارەیەکی دیفاکتۆی سیاسییە و بە چەندین کێشەی ناوخۆیی و عێراقی و ناوچەییەوە گیرۆدە بووە و پیشەسازیی وزە و گازی سروشتیش بە تایبەتی لە سەرەتایی سەرەتادایە، پێویستە بە هەستیارییەوە مامەڵە لەگەڵ گازی سروشتی بکات. پێویستە جیۆپۆلەتیکی گازی سروشتی بە وردی بخوێندرێتەوە.

> دەبێت گازی سروشتیی هەرێمی کوردستان وەک کاڵایەکی بازرگانیی ناسیاسی بە بازاڕەکانی دنیا بناسێنرێت

بۆ کورد، گازی سروشتی پێویستی بە پراگماتیزمە، بەشێوەیەک کورد بەرەو عەقڵانیەت بەرێت. لە جیاتی وەهمی گەورە و ڤیژنی ناواقیعی، گازی سروشتیی هەرێمی کوردستان وەک کاڵایەکی بازرگانیی ناسیاسیانە بە بازاڕەکانی دنیا بناسێنرێت. ڕاستییەک هەیە کە لەڕووی توانای بەرهەمهێنان و پێشکەوتن و شیاویی تەکنیکی و شوێنی جوگرافی و پێکهاتە و پەیوەندیی سیاسییەوە، کورد دوورە لەوەی ببێتە جێگرەوەی گازی سروشتیی ڕووسیا.

ئەورووپییەکان تەنیا ساڵی ڕابردوو 178 ملیار مەتر سێجا گازی سروشتییان لە ڕووسیاوە هاوردە کردووە، هەرێمی کوردستان لە باشترین دۆخدا ناتوانێت ساڵی 20 ملیار مەتر سێجا گازی سروشتی بەرهەمبهێنێ. لەڕووی تەکنیکییەوە، ڕووسەکان خاوەنی کۆمپانیای گازپرۆمن کە توانایەکی تەکنیکی و مرۆیی و دارایی بێ ئەندازەی هەیە، لە کوێ و چۆن و بە چ تەکنەلۆژیایەک بیەوێت، گازی سروشتیی وڵاتەکەی دەگەیەنێتە ئەورووپا. لەڕووی جوگرافییەوە، ڕووسەکان دەتوانن لەڕێگەی چوار دەریا و ڕێی وشکانی و سنووری 17 وڵاتەوە گازی سروشتیی خۆیان هەناردە بکەن.

ئەوەی بۆ کورد گرنگە، بریتی نییە لە جێگرتنەوەی ڕووسەکان، بەڵکو بریتییە لە دروستکردنی بازاڕ بۆ گازی سروشتیی خۆی وەکو کاڵایەکی بازرگانی. ڕەنگە لێرەدا پرسیاری ئەوە بێتە پێشەوە کە کورد چۆن دەتوانێت پارێزگاری بکات لە سروشتی بازرگانیانەی گازی سروشتیی خۆی؟ ئەم ئەرکە بە دابەشکردنی گازی سروشتیی هەرێمی کوردستان دەکرێت لەنێوان بازاڕە جیاوازەکانی گازی سروشتیدا. ئەوەش لەڕێی بەشداریکردن لەسەرجەم ئەو بۆڕییانەی کە لە ناوچەکەدا بۆ گواستنەوەی گازی سروشتی بنیاد دەنرێن، بێ گوێدانە خاوەندارێتییەکەیان. بۆ نموونە گازی سروشتی بدرێتە بۆڕیی گازی تاناپ کە یەکێتی ئەورووپا پشتیوانی دەکات، لە هەمان کاتیشدا دەتوانێت هاوبەشی بکات لە ناردنی گازی سروشتی بۆ بۆڕیی گازی تورکیش ستریم کە بەشێکە لە ستراتیجی ڕووسەکان. جۆراوجۆرکردنی بازاڕیش یەکێکە لە ڕێگاکانی بەبازرگانیکردنی گازی سروشتی. دەکرێت گازی سروشتی بەرەو ئەو بازاڕانەش بڕوات کە ڕووسەکان کەمتر تێیاندا ئامادەن، وەک بازاڕەکانی پاکستان و هیندستان و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا.

بازاڕی ئەورووپا بۆ ئەورووپییەکان و ڕووسەکانیش گرێیەکی ئاڵۆزە کە کورد نە پێویستی بەوەیە و نە لەتواناشیدایە یاریی تێدا بکات. هاوکاریکردنی کورد لەگەڵ ڕووسەکان لە بواری گازی سروشتیدا هۆکارێک دەبێت بۆ ئەوەی گازی سروشتیی هەرێمی کوردستان بکەوێتە سەرڕێی خۆی. بە نەرمی مامەڵەکردن لەگەڵ گازی سروشتیدا گەرەنتی خۆنەبەستنەوە بە یەک هاوبەش و یەک ڕاڕەو و یەک بازاڕ دەکات کە لە ئەنجامدا هەریەک لەمانە دەبنە هۆی دامەزراندنی گازی سروشتی وەک کاڵایەکی ستراتیجی بۆ هەرێمی کوردستان و لە مەترسیی کێبڕکێ دەیپارێزێت و کێشە و ململانێی ناپێویستیش لە کۆڵ ئەو سامانە بەبەهایە دەکاتەوە.

ئەوکاتەی گازی سروشتیی هەرێمی کوردستان بە ناسیاسییانە مامەڵەی لەگەڵ کرا، دەبێتە سەرچاوەیەکی نوێ بۆ بازاڕەکانی وزە بۆ پڕکردنەوەی ئەو کورتهێنانەی لە بازاڕە ناوچەیی و جیهانییەکاندا دروست دەبێت. واتە سەرچاوەیەکی تەواوکاری، زیاتر لەوەی سەرچاوەیەکی جێگرەوە بێت. دەکرێت لە کوێ بازاڕ بۆ فرۆشتنی گازی سروشتی هەبێت، لەگەڵ ژێرخانی پێویست بۆ گواستنەوەی، گازی سروشتیی کوردستان بۆ ئەوێ هەناردە بکرێت. لە کۆتاییدا، گازی سروشتیی هەرێمی کوردستان وەک کاڵایەکی بازرگانی لەپێناوی تەواوکردنی بەکارهێنانی وزەی جیهانی دەبێتە هۆکاری پتەوکردنی بنەماکانی بازرگانیی نێوان کوردستان بازاڕەکانی وزە، نەوەک ئامرازێکی سیاسی بۆ لاوازکردنی پێگەی وڵاتێک.



هەرێمی کوردستان خاوەنی حەوتەم گەورەترین یەدەگی گازی سروشتییە لە جیهاندا. (فۆتۆ: ڕووداو)



کاردۆ کەماڵ

## نەوتی کۆگاکراو و جەنگی نرخەکان

دوای ئەوەی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ڕابردوو ئەندامانی ئۆپیک ڕێککەوتن لەسەر کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت، وەبەرهێنەرانی نەوت لە هیوستن و سەنگاپوورە دەستیان بە بەتاڵکردنەوەی ئەو نەوتە کرد کە پێشتر کۆگایان کردبوو.

بازاڕی نەوت پێشوازی لە بڕیارەکەی ئۆپیک کرد بەو ئامانجەی ئەو نەوتە زیادەیەی لە بازاڕدا هەیە، بەرەو کەمبوونەوە بچێت و هاوسەنگی بۆ بازاڕ بگەڕێتەوە، هەر ئەوەش بوو کە نرخی نەوتی لەسەرووی 50$ جێگیرکرد.

سەرەڕای هەوڵەکانی ئۆپیک بۆ گەڕانەوەی هاوسەنگیی بۆ بازاڕی نەوت، بەڵام ڕەشەباکە بەپێچەوانەی ئاراستەی کەشتییەکان بوو، کۆگاکان دووبارە پڕ دەبوونەوە لە نەوت، ئەو کۆگایانەی لەلایەن بازرگانانیشەوە بەتاڵ دەکرانەوە، بەشێوەیەکی خاوتر پرۆسەی بەتاڵکردنەوەکە بەڕێوەدەچوو، ئەم خاوبوونەوەیە لە کەمکردنی نەوتی کۆگاکراودا کاریگەریی نەرێنی لەسەر ئەو تەحەدیاتانە دروستکرد کە ڕووبەڕووی ڕێکخراوی ئۆپیک دەبێتەوە. ئۆپێک دەیەوێت کەرتی نەوتی جیهان لەو نەوتە زیادەیە ڕزگار بکات کە لە بازاڕدا هەیە. هۆکاری سەرەکیی ئەو نەوتە زیادەیەش، نەوتی بەردینە کە لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە بەرهەمدێت و بووەتە هۆکارێک بۆئەوەی گوشارەکانی سەر نرخی نەوت لە نزیک 55$ چڕتر ببێتەوە.

بازاڕی نەوت ئەو هێزە پێویستەی وەرنەگرت کە توانای بداتێ بۆ کەمکردنەوەی ئەو یەدەگەی لە جیهاندا هەیە، بەپێی ئامارەکانی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە، لە مانگی ئاداری ئەمساڵدا وڵاتانی پیشەسازی بڕی 3.025 ملیار بەرمیل نەوتیان کۆگا کردووە کە بە بەرزترین بڕی نەوتی کۆگاکراو دادەنرێت لە ماوەی 5 ساڵی ڕابردوودا، ئەمە لەکاتێکدایە سعودیە و ڕووسیا ڕێککەوتن لەسەر درێژکردنەوەی ڕێککەوتننامەی کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان تاوەکوو کۆتایی چارەگی یەکەمی ساڵی 2018 .

ئاستی بەرهەمهێنانی ئێستای نەوت کاریگەری لەسەر دامەزراوە داراییەکان دروستکردووە کە پێشبینییەکانیان بۆ نرخی نەوت لەمساڵدا دابەزێنن، بۆ نموونە بانک ئۆف ئەمەریکا پێشبینییەکانی بۆ نرخی نەوتی برێنت بە بڕی 7 دۆلار دابەزاند بۆ 54 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک.

لە چاوپێوەی ئەو شەڕەی کە ماوەی دوو ساڵە بەردەوامە، لەکاتێکدا کە نرخی نەوت بۆ نزیکەی 30 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک دابەزی، وەبەرهێنەرانی نەوت دەستیان بە کڕینەوەی نەوت کرد بە ئامانجی کۆگاکردنی، ئەمەش نرخی نەوتی کۆگاکراوی بە بڕی نیو ملیار بەرمیل لەماوەی دوو ساڵدا زیاد کرد.

ئەوەی کە بازرگانانی نەوت لە بۆرسەدا چاودێریی دەکەن، دابەزینی قازانجی مامەڵەکانی نەوتە کە هاوکاتە لەگەڵ مانەوەی بەشێکی زۆری نەوتی بەرهەمهاتوو لە کۆگاکاندا، بازرگانان زۆر بە وردی چاودێریی بڕی نەوتی کۆگاکراو دەکەن بۆ ئەوەی ستراتیژی درێژخایەنی خۆیان دابڕێژن.

لەلایەکی دیکەوە، ئەگەرچی نەوتێکی زۆر لە بازاڕدا هەیە، بەڵام هەندێ ئاماژەی ئەرێنی بەهۆی ڕێککەوتنەکەی ئۆپیکەوە دەرکەوتووە. بەپێی ئامارەکانی ئاژانسی وزەی ئەمریکا، لە مانگی نیسانی ئەمساڵدا نەوتی کۆگاکراوی ئەمریکا زۆرترین کەمبوونەوەی بەخۆوە بینیوە لە ساڵی 1999وە، لەم چوارچێوەیەشدا دابەزینی تێچووی کۆگاکردن لەسەر وەبەرهێنەران و کۆمپانیا نەوتییەکان بە ئاماژەیەک دادەنرێت بۆ کەمبوونەوەی کۆگاکردنی نەوت بەراورد بە دوو ساڵی ڕابردووی جەنگی نرخەکان.



## میریام فارس: گەلی کوردم زۆر خۆشدەوێت

**رووداو- سلێمانی**

میریام فارس، خانمە گۆرانیبێژی لوبنانی دەڵێت گەلی کوردی زۆر خۆشدەوێت، هەربۆیەش بە زمانی کوردی گۆرانی گوتووە. بەمەبەستی سازکردنی کۆنسێرتێکی گۆرانی لە هوتێلی شاری جوان، میریام فارس گۆرانیبێژی لوبنانی سەردانی شاری سلێمانی کرد. لە لێدوانێکدا بە (رووداو)ی گوت "ئەوە دووەمجارە سەردانی کوردستان دەکەم، بەراستی هەرجارێ شتێکی جیاواز دەبین، من گەلی کوردم زۆر خۆشویست، بێگومان زمانی کوردیش زۆر ناسک وشیرینە، من هەوڵمدا چەند گۆرانییەک بەزمانی کوردی بڵێم و خەڵکیش زۆر حەزیان لەو گۆرانییە کرد". فارس گوتی بۆ ماوەیەک لە سلێمانی دەمێنێتەوە و حەز دەکات لە بازاڕەکانی سلێمانی بگەڕێن و نانی رێستورانتەکانی ئەو شارە بخوات.



## رەشا ئەلحازری، خانمە ئەکتەری سووری بۆ (رووداو):

# ئامادەم بەشداریی درامایەکی کوردی بکەم

لە ماوەیەکی کورتــدا بووە ئەکتەرێکی دیاری بــواری درامــای ســووری، تەنیا لەم رەمەزانەدا لە شــەش درامــا دەردەکەوێ. تەمەنــی هونەریی رەشــا ئەلحــازری 11 ساڵە، سەرەتا بە شانۆ دەستیپێکرد، بەڵام دواتر رووی لە دراما کرد، ئەو زۆر پەســنی درامای ســووری دەدات و دەڵێــت بناغەی پتەوە و بە رۆیشــتی ئەستێرەکانی پەکی ناکەوێ. رەشــا حازری لــەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (رووداو) باسی کارە هونەرییەکانی دەکات.

**هەڤپەیڤین: دڵخواز بەهلەوی**
**رووداو - هەولێر**

**رووداو: رەشا ئەلحازری کێیە؟**

**رەشــا:** رەشــا ئەلحازری ســوورییە و لەدایکبووی شاری حەلەبە. ساڵی 2006 چوومە نێو بواری هونەر و سەرەتا بەشانۆگەری و دواتر رووم لە دراما کرد.

**رووداو: لــەڕووی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی یان کاری هونەری هاوڕێی کوردت هەیە؟**

**رەشــا:** بەڵــێ هاوڕێــی کــوردم هەیــە و شــانازی بەهاوڕێیەتــی و کارکردن دەکەم لەگەڵیان. گەلی کورد پێکهاتەیەکی گرنگی گەلی ســووریان و ئاساییە رێز و خۆشەویستیمان بۆ یەکدی هەبێت. بەردەوام پشتیوان و هاوکاریان دەبم.

**رووداو: سەردانی شــارەکانی رۆژئاوای کوردستانت کردووە؟**

**رەشــا:** بەڵێ ســەردانی عەفرینم کردووە کە نزیکە لە حەلەب و ئاشــنای خەڵکــە زۆر باش و چاکەکەیان بووم. زۆر خۆشحاڵیش بووم کە مامەڵە لەگەڵ خەڵکی عەفرینی شاری زەیتوون بکەم.

**رووداو: ئەگــەر داوایــان لێکردیــت بەشــداری لــە درامایەکی کوردی بکەی، وەڵامت چی دەبێت؟**

**رەشــا:** بە سوپاسەوە قبوڵی دەکەم، چونکە کاری رەنگاوڕەنــگ زۆر گرنگــە لــە ژیانــی هونەرمەند و زۆر پەرۆشــم بۆ ئاراســتەکردنی کارەکانم بــۆ جەماوەری کوردی کە خاوەن رۆشنبیری و ئاستێکی بەرزن. ئەوە کارێکی نوێ دەبێ بۆ من.

**رووداو: توانای گفتوگۆکردنت هەیە بەزمانی کوردی تا بەشداری لە درامایەکی کوردی بکەیت؟**

**رەشــا:** ئەگــەر رۆڵەکــەم بــەدڵ بــوو، بێگومــان هەوڵەکانم چڕ دەکەمــەوە بــۆ ئــەوەی بەشــێوەیەکی گونجــاو گفتوگــۆ بکــەم.

**رووداو: دەخوازیــت ســەردانی هەرێمی کوردســتان بکەیت؟**

**رەشــا:** بەڵــێ زۆر دەخــوازم و زۆر شــتی جوانــم بیســتووە لەبــارەی کوردســتان بەگشــتی و هەولێر و سلێمانی بەشێوەیەکی تایبەت.

**رووداو: دوایین کاری هونەریت چییە، بەتایبەتی بۆ مانگی رەمەزان؟**

**رەشــا:** بەشــداریم لــە چەنــد درامایەک کــردووە، ئەوانیــش: عەتــر ئەلشــام، حوکــم ئەلهــەوا، بوقعەت ئەلزەو، شــەباب ســتار، ئەلغەریب، سەنەت ئولا زەواج و شەبابیک.

**رووداو: قەیرانــی ســووریا کاری نەکردووەتە ســەر دراما؟**

**رەشــا:** ئێســتا دۆخەکە زۆر گونجاوە، حکومەت و کۆمپانیــا هونەرییــەکان و هونەرمەندانیــش بەجــۆش و خرۆشــەوە هەوڵەکانیــان چڕکردووەتــەوە بۆ ئەوەی هانی زیاتری درامای ســووری بدەن زیاتر پێشبکەوێت و بەرهەمــی زیاتــری هەبێت. بێگومــان ئەمەش جۆرە چەکێکە بۆ پاراستن و بەرگریکردن لە خاک و نیشتیمان.

**رووداو: بەشداریکردنی ئەستێرەکانی سووریا لە دراما عەرەبییەکان کاریگەری لەسەر درامای سووری نەبووە؟**

**رەشــا:** نەخێر، چونکە بنەماکانی درامای سووری زۆر بەهێز و کۆڵەگەی توندوتۆڵی هەیە و هیچ کاتێک پشتی بەئەستێرەیەکی دیاریکراو نەبەستووە.

**رووداو: چەنــد رۆژێــک لەمەوبــەر خەڵاتــی درامای سووریت پێ بەخشرا، ئەمە چۆن بوو؟**

**رەشــا:** لەلایــەن وەزارەتــی راگەیاندنی ســووری و بەڕێوەبەرایەتی دەستەی گشتیی رادیۆ و تەلەفزیۆن و کەناڵی ســووریا دراما خەڵات کرام، ئەمەش خەڵاتێکی خواییە و زۆر پێی دڵخۆشم، دیارە جەماوەر و هەوادارانم دڵخــۆش کــردووە، بۆیــە دەنگیــان پێــدام و زۆربەی دەنگەکانم هێنا، نەک بە رەزامەندی دەستەی ناوبژیوان.

**رووداو: دەگوترێــت درامــای ســووری تەنیــا لــە چوارچێــوەی شــام گیری خــواردووە، ئــەوە تا چەند راستە؟**

**رەشا:** درامای سووری یەکەمی ریزبەندەکانە لەسەر ئاســتی وڵاتانــی عەرەبی. هەرچۆنێک بێــت بەڕای من جوانترین شــاکارە و باشــترینیانە. لەبــارەی ژینگەی شامیش ئەگەر خواست و هەوادار و جەماوەری نەبووایە هەرگیز بــەردەوام نەدەبوو. بەپێچەوانەوە خواســت و بینەری زۆری هەیە.

حەز دەکەم سەردانی هەرێمی کوردستان بکەم

لە رەمەزاندا لە شەش دراما دەردەکەوم

هاوڕێی کوردم هەن و شانازییان پێوە دەکەم

لەپێناوی درامادا خۆم فێری زمانی کوردی دەکەم

درامای سووری لەسەر ئەستێرە پەکی ناکەوێ



# کۆچبەرێکی کورد رۆژە خۆشەکانی سویسرا دەکاتە فیلم

**هیوا سەڵاح**
**رووداو- هەولێر**

ماوەی دوو ســاڵە بە قاچاخ گەیشــتووەتە سویســرا، بــەڵام هیچــکات نەیویســتووە لــە ماڵەوە دانیشــێت و چاوەڕێی وەرگرتنی مافی پەنابەری بکات، بۆیە هەرزوو دەســتی کردووە بە وێنەگرتنی فیلمێکی دۆکیۆمێنتاری لەســەر کۆچبــەران. ئەمەش دەنگدانەوەیەکی زۆری لە سویســرا هەبوو، هەر ئەم فیلمەش دەرگای بە رووداکردەوە.

پێشــڕەو نەبەرد، دەرهێنەر و وێنەگر، دوو ســاڵە لە سویسرا گیرســاوەتەوە، توانیویەتی لەم ماوەیەدا دوو فیلم بەرهەمبێنێت، یەکەمین فیلمی لەسەر رێگای کۆچ بووە کە دیمەنی بە قاچاخ رۆیشتنی خۆی و کۆچبەرانی لە تورکیاوە تاوەکو سویسرا وێنە گرتووە و دواتریش وەکو فیلمێکی دۆکیۆمێنتاری بڵاوی دەکاتەوە.

فیلمی دووەمی پێشــڕەو نەبــەرد، بەناوی (رۆژێکــی خــۆش)ە کــە لەســەر ئەرکــی حکومەتــی سویســرا بەرهەمدێت. پێشــڕەو نەبــەر بــە (رووداو)ی گوت: "ئــەم بەرهەمە فیلمێکی سویسرییە، هەر خۆم سیناریست و دەرهێنــەری فیلمەکەم، کاری مۆنتاژ و دەنگ و میکســیش هــەر خۆم دەیکەم". گوتیشــی "ناوەڕۆکــی فیلمەکە باس لــەو توندوتیژیانە دەکات کە ئەمڕۆ بەهۆی تەکنەلۆژیاوە بەرۆکی خەڵکانێکــی زۆریــان گرتــووە، بــە تایبەتی گەنجان کە قوربانیی یەکەمن".

پێشــڕەو نەبــەرد تاوەکــوو ئێســتا لە 16 پرۆژەی فیلم و درامادا لە بوارەکانی وێنەگرتن و نووســین و دەرهێنان کاری کردووە، لە دوو فێستیڤاڵی فیلمدا خەڵاتی باشترین وێنەگرتنی وەرگرتووە.

پێشــڕەو بــە قاچــاخ چووەتە سویســرا، بەڵام لەم فیلمەدا دەیەوێت رێگای راســت و دروســت نیشــانی گەنجان بدات. ئەو گوتی: "ئــەم فیلمە بەرادەیەکــی زۆر پەروەردەییە، هەروەها پیشــاندانی رێگای راســت و یاسای ســزادان یان بەهێزکردنی ئیــرادەی گەنجانە لەو کاتانەی رووبەڕووی کێشە دەبنەوە".

پێشــڕەو ســەبارەت بــە ئەکتەرەکانــی فیلمەکەش دەڵێت: "فیلمەکە لەســەر دەستی کەســانی دیار و شــارەزا لە بواری ســینەمادا بەرهەمهاتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشــدا بەشێک لە بەشداربووانی ئاماتۆرن".

فیلمەکــەی پێشــڕەو رۆژی 17ی مانگــی داهاتــوو لە رێوڕەســمێکدا نمایــش دەکرێت. بە گوتەی پێشــڕەو بەشــێکی زۆر لەوانەی بۆ بینینی فیلمە بانگهێشت کراون، کاربەدەست و پەرلەمانتار و سیاسەتمەداری سویسرین".

پێشــڕەو دەیەوێت لە رێگــەی ئەو فیلمەوە بۆچوونی سویســرییەکان بەرامبەر کۆچبەران بگۆڕێت. ئەو دەڵێت: "وەک کوردێک هەوڵمداوە روخسارێکی جوانی کۆچبەرانی کورد پیشانی سویسرییەکان بدەم، ئەمەش تەنیا لە هۆڵێکی داخراوی وەک ســینەمادا روونادات، بەڵکو ئەو کاتەیــە کە رۆژنامە و تەلەفزیۆن و سۆشــیال میدیای ئەم وڵاتە هەواڵی فیلمی کۆچبەرێک بۆ جیهان دەگوازنەوە".



جلوبەرگی کوردی لەگەڵ مۆدێلە مۆدێرنەکان تێکەڵ دەکات

# داليا میرزا فاشیۆن شۆیەک لە کوردستان دەکات

**رووداو- هەولێر**

داليا میرزا، دیزاینــەری جلوبەرگی کوردی کە لە عەممانی پایتەختی ئوردن کاردەکات، ئەمساڵ بەنیازە فاشیۆن شۆیەک لە کوردستان بکات.

دالیــا بەرزنجییە و ســاڵی 1988 لەدایکبووە. بڕوانامەیەکی لە بواری تەلارسازی هەیە و ئێستاش خوێندکاری قۆناغی سێی بەشی دیزاینی نێوماڵە لە زانکۆیەکی عەممان.

ئەو لە منداڵییەوە حەز و خولیای دیزاینکردنی جلوبەرگی هەبووە و وەک خۆی دەڵێت، بەردەوام جلی بۆ بووکە شووشەکانی دووریون، ئەم حەزەی لەگەڵ تەمەنی گەورە بووە تا وای لێهاتووە بووەتە پیشەی.

دالیا بە (رووداو)ی گوت: "بە کارکردن لەسەر جلوبەرگە فۆلکلۆرییە کوردییەکان دەستمپێکرد، سەرەتا جلە کۆنەکانم لەگەڵ مۆدێلە مۆدێرنەکان تێکــەڵ دەکــرد، بەمــەش زۆر ســەرنجڕاکێش دەردەکەوتن".

دالیــا ســاڵێکە وەک دیزاینــەری جلوبەرگــی کوردی لە عەممانی پایتەختی ئوردن کاردەکات و گەلەرییەکی بچووکی هەیە. لەماوەی ئەو ساڵەشدا لــە چەنــد فێســتیڤاڵێکی هونەریدا بەشــداریی کردووە. لە نەورۆزیشدا هەر لە عەممان بەشداریی فاشیۆن شۆیەکی کردووە.

هەرچەندە دالیا هەمــوو کارەکانی لە عەممان دەکات، بــەڵام بــۆ دابینکردنــی وردەواڵــە و پێداویســتییەکانی ســەردانی دوبــەی دەکات، لە کوردستانیش دیزاینیان دەکات. ئەوگوتی: "زۆربەی شتەکان لە دوبەی دەهێنم، ئێکسسواراتیش هەر لەوێ دەکڕم، بەڵام بۆ دیزاینکردنیان دەگەڕێمەوە کوردستان، ئێکسسوارەکانیش هەر لە کوردستان دیزاین دەکەم".

دالیــا لەبــارەی ئامانجــی کارکردنــی دەڵێت، حــەزدەکات وڵاتــە عەرەبییــەکان بــە کولتووری کورســتان ئاشــنا بــکات. دەشــڵێت، کــوردی نیشــتەجێی ئــوردن، عەرەبەکانــی ئــوردن و سوورییەکانی نیشتەجێی ئوردن داوای جلوبەرگی کوردی دەکەن و حەزی لێدەکەن.

چــی بۆ جلوبەرگــی کــوردی لەبەرچاودەگرێ و چــی بــەلاوە گرنگــە، واتە چــۆن جلوبەرگ بۆ کچێــک هەڵدەبژێرێ ئەگــەر داوای لێبکات؟ دالیا گوتی: "بەپێــی رەنگی پێســت، تەمەن، فەیس و شــێوەی قومــاش مۆدێلەکــەی هەڵدەبژێــم، ئێکسسوارەکانیشــی هەر خــۆم دیزاینی دەکەم، بۆچوونــی وەردەگرم و پێیدەڵێم حەزت لەچییە؟ چ رەنگێکــت بەدڵە؟ بەڵام ئەوەی دیکە هەمووی بەخۆم دەیکەم"

دالیــا پرۆژەی بــۆ داهاتوو هەیــە، 25ی ئەم مانگە لە عەممان بەشداریی فێستیڤاڵێک دەکات بەنــاوی (ئەهلــەن رەمەزان) و جلــی کوردی بە دیزاینی خــۆی نمایــش دەکات. حەزیش دەکات لــە کوردســتان نمایشــێکی جلوبــەرگ بــکات. دالیــا دەڵێــت: "ئامانجێکی تایبەتــم نییە، بەڵام حەزدەکەم فاشیۆن شۆیەک لە کوردستان بکەم، پلانم هەیە ئەمساڵ بیکەم".

سووری و ئوردنی بە دیزاینەکانی دالیا سەرسامن



## کۆچبەرێکی کورد خۆی دەکوژێ

ڕووداو- بەریتانیا

هەفتەی رابردوو پەنابەرێکی کورد لە بەریتانیا خۆی دەکوشت. هاوڕێکانیشی دەڵێت بەهۆی پێنەدانی مافی پەنابەرێتی خۆی کوشتووە. ئاوات ئەبوبەکر تەمەنی 29 ساڵ بوو، خەڵکی شارۆچکەی سەیدسادقی سەر بە پارێزگای سلێمانییە، ئەو ماوەی 12 ساڵ بوو لە بەریتانیا دەژیا، بەڵام هێشتا مافی پەنابەرییێتی لەلایەن حکومەتی ئەو وڵاتەوە پێنەدرابوو. ئەسما ئەمرا، خاوەن شوشتنگەی کارلە مۆردن، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو لەژوورەکەی دواوە بوو، زۆر بەدوای گەڕاین دیارنەبوو، هاوکارێکم چووە ژوورەکە دەرگای کردەوە بینی ئەو لەسەر زەوی کەوتووە و خوێنی دەڕژا".

## سێ کەمپی کۆچبەران دەسووتێنرێن

# لە سوێد توندوتیژی بەرامبەر کۆچبەران پەرەدەسێنێ

ڕووداو- ستۆکهۆڵم

لەگەڵ ڕاگەیاندنی سیاسەتی نوێی کۆچ لە سوێد کە بڕیارە سەرەتای مانگی داهاتوو جێبەجێ بکرێ، توندوتیژی بەرامبەر کۆچبەران زیادی کردووە و لە تازەترین پەرچەکرداریشدا چەند کەمپێک سووتێنران.

بەپێی سیاسەتی تازەی کۆچ لە سوێد کە هەفتەی ڕابردوو لەلایەن وەزیری کۆچبەرانی ئەو وڵاتەوە ئاشکرا کرا، نزیکەی 11 هەزار کۆچبەر کە زۆربەیان منداڵ و هەرزەکارن، مافی مانەوەی کاتییان دەدرێتێ و لە داهاتووشدا مافی مانەوەی هەمیشەیی. ئەو بڕیارەش لە کاتێکدایە کە هەر ئەمساڵ 8300 کۆچبەر بڕیاری دەرکردنیان لە سوێد بۆ دەرچووە، بەڵام خۆیان لە دەزگای کۆچ و پۆلیس شاردووەتەوە.

هەردوو بڕیارەکە ناڕەزاییەکی زۆریان لای سوێدییەکان دروستکردووە و بەشێوەی جیا پەرچەکرداریان هەبووە. لارس یۆهانسن، شارەزا لە پرسی پەنابەران و کارمەندی ڕێکخراوی مافی هاووڵاتیبوون دەڵێت: "سیاسەتی تازەی کۆچ لەگەڵ ئەوەی دەستپێشخەرییەکی تازەیە و بوێریی پێوە دیارە، بەڵام ناڕوونی و فەوزاشی تێدایە".

بەڕای یۆهانسن، بەپێی سیاسەتی تازەی کۆچ، زیاتر لە 9000 منداڵ دەبنە پەنابەر و مافی خوێندنیان دەبێت. بەڵام ئەو دەڵێت ئەمە "سەرلێشێواوی بۆ کۆچبەران دروستکردووە، تەنانەت پارێزەرانیش نازانن چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ بڕیارە نوێیەکەدا بکەن".

بڵاوبوونەوەی دۆسیەی منداڵێکی کۆچبەر لە میدیا لۆکاڵییەکانی سوێد کە بیر لە خۆکوشتن دەکاتەوە چونکە نازانێت چی بکات، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر کۆمەڵگەی سوێدی هەبوو. لە کاتێکدا بەپێی ئەو سیاسەتە تازەیە، ئەو منداڵە بۆی هەیە بمێنێتەوە و مافی پەنابەرێتی و سوودمەندبوون لە خوێندن دەیگرێتەوە.

یۆهانسن دەڵێت: "ڕێسا تازەکەی کۆچبەران ئەوەندە لاستیکییە، تەنانەت حکومەت و پارێزەری کۆچبەرانیش نازانن چۆن مامەڵەی لەگەڵ بکەن".



کۆچبەرێک: سوێدیەکان ناهەقیان نییە ڕقیان لە ئێمە بێت، ئێمە وڵاتی ئەوانمان تێکداوە

ئەگەر ڕەخنەی یۆهانسن و چالاکڤانانی بواری پەنابەران لە ناڕوونیی یاساکە بێ، ئەوا خەڵکانێک دژایەتییان بۆ ڕێکارە نوێیەکە دەربڕی چونکە بە گوتەی ئەوان ئاسانکاری زۆری کردووە بۆ پێدانی مافی مانەوە بە کۆچبەران.

هەفتەی ڕابردوو پاتریک ڕیسیلۆ، گەورە سیاسەتمەداری پارتی مۆدێرات و پارلەمانتاری سوێد لە فراکسیۆنی ئەو پارتە، چووە ڕیزی پارتی سوێدییە دیموکراتەکان کە وەک پارتێکی نەژادپەرست ناوزەند کراوە و بە ئاشکراش دژایەتی بیانیی دەکەن.

ڕیسیلۆ بە میدیاکانی سوێدی گوت "هەڵەی سیاسەتی کۆچ ئەو باوەڕەی لا دروست کردم کە لەنێو ئەم پارتە نوێیە درێژە بە کاری خۆم بدەم". ئەو پەرلەمانتارە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆش گوتبووی سوێد لە ژێر هەڕەشەی کۆچبەراندایە.

سەبارەت بە سەنگەرگواستنەوەی ئەو پەرلەمانتارە بۆ نێو نەژادپەرستەکان، یۆهانسن دەڵێت "کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر باڵانسی بڕیار و پێگەی ئەو دوو پارتە نابێت، بەڵام ئەوە گوزارشتێکی ڕاستەقینەیە لە زیادبوونی هزری نەژادپەرستی لە کۆمەڵگەی سوێدیدا".

تەنیا چەند ڕۆژێک بەسەر ڕاگەیاندنی ئەم ڕێسا تازەیەی کۆچی سوێددا تێپەڕیبوو کاتێک لە یەک کاتدا، سێ کەمپی کۆچبەران سووتێنران و بە زەحمەت کۆچبەران لە ئاگرەکە ڕزگارکران.

ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو لە یەک کاتدا، ئاگری گەورە لە سێ کەمپی کۆچبەران لە ناوچەکانی بۆریبی و فیکخوێ و مۆلیلا کەوتەوە، یەکێک لە ئاگرەکان ڕاستەوخۆ لە شوێنی نیشتەجێبوونی کۆچبەران بەردرا و 17 کۆچبەر زۆر بە زەحمەت لە ئاگرەکە دوورخرانەوە.

ڕزگار فەرەج کە کۆچبەرێکی کوردە و یەکێکە لەوانەی ڕزگاری بووە، لە چاوەڕوانی بڕیاری دامەزراوەی کۆچدایە بۆ بەدەستهێنانی مافی پەنابەرێتی یان گەڕانەوە. ڕزگار بە (ڕووداو)ی گوت "تەواو بێزار بووم و لە چاوەڕوانی و دوور نییە بگەڕێمەوە".

ڕزگاری تەمەن 28 ساڵ کە خەڵکی هەرێمی کوردستانە، زیاتر لە دوو ساڵە لە سوێد چاوەڕێی وەڵامی دەزگای کۆچ دەکات و دەڵێت "ئەوە سێیەم جارە، بەهۆی ڕووداوی جیاجیاوە، شوێنی نیشتەجێبوونمان دەگۆڕین".

ڕزگار دەڵێت بە موعجیزە ڕزگاری بووە. ئەو باسی ئەو ساتە دەکات و دەڵێت: "تازە لە حەمام هاتبوومە دەرەوە، بە نیازی نانخواردن بووین، هەستم بە بۆنی سووتانی شت کرد، ئەگەر چەند خولەکێکی دیکە لە گەرماوەکە بوومایە، ئێستا لە ژیاندا نەمابووم".

پۆلیس و تیمەکانی ئاگرکوژێنەوە زوو گەیشتبوونە شوێنی ڕووداوەکە و ئاگرەکەیان کۆنترۆڵ کردبوو، پاشان ڕایانگەیاند کە هۆکاری ئاگرکەوتنەوەکان نادیارن، بەڵام ڕزگار دەڵێت :"ئەوە یەکەم جار نییە هەوڵی لەو شێوەیە دەدرێت و بە ئاشکراش دیارە کە بە ئەنقەست سووتێنراون". پێشتریش گرووپە نەژادپەرستەکانی سوێد لە کاتی خۆپیشاندانەکانیان هەڕەشەی سووتاندنی کەمپەکانی کۆچبەرانیان کردبوو.

لەگەڵ هەموو ئەمانەش، ئەم گەنجە کوردە بیرکردنەوەیەکی جیای لە کۆچبەرانی دیکە هەیە و دەڵێت :"خەڵکەکە ناهەقیان نییە ڕقیان لە ئێمە بێت، وێڕای ئەو خزمەتە زۆرەی بە ئێمەیان کرد، دیاریی ئێمە بۆ ئەوان تەنیا تێکدانی وڵاتەکەیان بوو".

ئەو هاوسۆزە لەگەڵ سوێدییەکان کە ماوەیەک بەر لە ئێستا لە ڕووداوێکدا لە نێوجەرگەی ستۆکهۆڵم، بەهۆی کۆچبەرێکەوە دەیان کەس بوونە قوربانی :"ناوێرم بە شەو، یان لە چۆڵیدا بچمە کافێیەک، یان ڕێستورانتێک بە چەندین شێوە دەمشکێننەوە و زۆرجار ترسم لێدەنیشێ".

ڕزگار ئەوە یەکەمجاری نییە لە لێواری مەرگ دەگەڕێتەوە، پێشتریش لە کاتی کۆچکردنیدا لە یۆنان چیرۆکی ڕزگاربوونەکەی لە دەریای ئیجە بووە جێی بایەخی میدیاکان.

ڕزگار گوتی "لەکاتی هاتنمان بۆ سوێد بەلەمەکە لەنێو دەریای ئیجە تێکشکا، تەنیا من و سێ گەنجی دیکە ڕزگارمان بوو، میدیاکان کە بۆ ڕوماڵی هەواڵی کۆچبەران لەوێ بوون، زۆر شتیان لەبارەی چیرۆکی ڕزگاربوونمان بڵاوکردەوە".

ڕزگار لەو باوەڕەدایە کە چارەنووسێکی ڕەشی هەیە و دەڵێت "ئەگەر پەلەم نەکردبایە و یەک هەفتە خۆم بگرتبا، ئێستا دەمێک بوو مافی مانەوەم وەردەگرت، چونکە سێ هاوڕێیەکەم لە ڕێگەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە فڕۆکە چوونە فینلاند و لەوێ مافی مانەوەیان هەیە و خانووشیان وەرگرتووە". گوتیشی: "ئیدی قەدەرەکەم وایە، ئەوەندەی نەمابوو لە کەمپێکدا بمرم".

## ناویان لە خۆیان ناوە هاوڕێیانی مرۆڤ

# پرۆژەی چالاکوانە کوردەکانی سوێد بۆ منداڵانی کۆچبەرە

### ئەندامێکی کوردی گرووپەکە: تا ئێستا نزیکەی 50 هەزار دۆلارمان کۆکردووەتەوە

ڕووداو- ستۆکهۆڵم

گرووپێک لە هونەرمەندان و چالاکڤانانی مافەکانی مرۆڤ و بوارە کولتوورییەکان لە سوێد کە ناویان لە خۆیان ناوە "هاوڕێیانی مرۆڤ"، دەستیان بە هەڵمەتێکی کۆکردنەوەی یارمەتی کردووە بۆ ئەو منداڵە کۆچبەرانەی بێسەرپەرشتن. ئەندامێکی گرووپەکەش دەڵێت تاوەکو ئێستا 50 هەزار دۆلاریان کۆکردووەتەوە.

لەنێو گرووپی "هاوڕێیانی مرۆڤ" کەسانی وەکو کارزان کەریم هەن کە ڕۆژگارێک پێویستی بەو جۆرە کۆمەکانە هەبووە. کارزان لەبارەی بیرۆکەی پرۆژەکەیان بە (ڕووداو)ی گوت: "خۆمان لەو کەسانەین کە تووشی کێشەیەکی زۆر هاتین تاوەکوو گەیشتینە ژیانێکی تاڕادەیەک ئارام، بۆیە بە پێویستی دەزانین بەشێک لەو توانایەی لە ژیانی تاراوگە بەدەستمان هێناوە، بۆ ئەو کەسانەی پێویستیان پێیە، خەرج بکەینەوە".

منداڵانی کۆچبەری بێسەرپەرشت سوودمەندی یەکەمی پرۆژەکەن، بەڵام مەرج نییە منداڵەکە تەنیا لە سوێد بێ، بەڵکوو بەپێی ئەو کۆمەکەی کۆیدەکەنەوە، یارمەتی منداڵانی دەرەوەی سوێدیش دەدەن.

گرووپی هاوڕێیانی مرۆڤ، وەک گرووپێکی سوێدیی فرەڕەنگ کە زۆرینەیان کۆچبەرن، بیرۆکەی دوو گەنجی کوردە و لە ڕێگەی چەند کەسێکی عەرەب و کریستیان و سوێدییەوە پێشخراوە. دامەزرێنەرەکانی دەڵێن: سوود لە توانای گرووپ و ڕێکخراوەکانی وەک کلوبپیسا و دیلانە و فۆتۆ لاین و سیدا وەردەگرن.

چالاکییەکانی ئەو گرووپە کە زۆرتر خۆی لە کۆنسێرتی گۆرانی دەبینێتەوە، ماوەیەکی زۆر نییە دەستی پێکردووە. کارزان کەریم بڕی ئەو پارەیەی ئاشکرا کرد کە تاوەکو ئێستا کۆیانکردووەتەوە و گوتی "تاوەکو ئێستا نزیکەی 50 هەزار دۆلارمان کۆکردووەتەوە، بەشێک لەو پارانەمان لە ڕێگەی دامەزراوەی تایبەت گەیاندووەتە ئەو منداڵانەی پێویستیان پێیەتی، ئەوەی دیکەش لە بانک و لەژێر چاودێریی دەوڵەت هەڵگیراوە و لە داهاتوویەکی نزیکدا، چۆنێتی دابەشکردنی و ئەو کەسانەش ڕادەگەیەنین کە دەیانگرێتەوە".

دەیان هەزار منداڵی بێسەرپەرشت لە سوێد دەژین. بەپێی دوایین ئامار کە دامەزراوەی کۆچی سوێد بڵاوی کردووەتەوە، ئەگەری زۆرە تاوەکوو کۆتایی ئەمساڵ نزیکەی 9000 منداڵ وەربگیرێن کە باوک و دایکیان لەگەڵ نییە.

بەپێی دوایین ڕاپۆرتی نەتەوەیەکگرتووەکان، ڕێژەی منداڵانی کۆچبەری بێسەرپەرشت لە ئەورووپا بۆ پێنج هێندە بەرزبووەتەوە. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، بەشێکی زۆر لەو منداڵە بێسەرپەرشتانە بەشێوازی جیاجیا بەکارهێنراون، لەوانە کڕین و فرۆشتن و بەکارهێنانیان بۆ لەشفرۆشی.

کریستینا هێلبۆرن، ڕێکخەری بەرنامەکانی یونیسیف لە سوێد دەڵێت "لێدان و کارپێکردنی قورس بەبێ پارە و دەستدرێژی بۆ سەر ئەو منداڵانە لە حاڵەتە دیارەکان بووە".

سوعاد بەیاتی، ئەندامێکی دیکەی گرووپی هاوڕێیانی مرۆڤ بە (ڕووداو) گوت: "ئەم ئامارە سەرنجڕاکێشانە وێنای ڕاستەقینەی تراژیدیایەکە کە هەمووان دەجوڵێنێ، بۆیە ئەم بەرنامەیەمان دەستپێکرد".

بەیاتی کە خەڵکی باشووری عێراقە و لە بواری منداڵ کاری کردووە، لەبارەی کارەکەیان دەڵێت "خۆشحاڵم لەگەڵ چەند هاوڕێیەکمان کە لە نێویاندا کورد و کریستیانی عێراق و ئەورووپیش هەن، ئەم کارەمان وەک بەرپرسیارێتییەک دەستپێکردووە". گوتیشی "بە سوودوەرگرتن لە بەرنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و حکومەتی سوێد، بەشێکی زۆر لەو پارانە بۆ ئەو منداڵانە تەرخان دەکەین کە قوربانیی چەوساندنەوە و کاری بەزۆر و دەستدرێژین".




پرۆژەی داهاتووی هاوڕێیانی مرۆڤ بۆ منداڵانی ئاوارەی شەڕی داعشە

کارەکانی ئەو گرووپە تەنیا لە کۆکردنەوەی کۆمەکدا کورت نەبووەتەوە، بەڵکو وەک بەیاتی ئاماژەی بۆ کرد، چالاکیی کولتووریشیان هەیە.

سامان ساڵح وەک موزیکڤان لەگەڵ ئەم گرووپە و چەند گرووپێکی دیکەش کاری کردووە و خۆشحاڵە بەوەی کە لە کاتی خۆی بووراوە و کاری خۆبەخشانەیان لەگەڵ دەکات "ڕەنگە هەموو کەس لەوە تێنەگات کە چەند قورسە کاتی خۆت بۆ کاری خۆبەخشی تەرخان بکەیت. من موزیک دەژەنم و پارە وەرناگرم، هەفتانەش زیاتر لە 3 هەزار کرۆنم لێ دەڕوات، بەڵام بەو کارە زۆر زۆر ئاسوودەم".

ئەندامانی گرووپەکە بەنیازن لە داهاتوویەکی نزیکدا گەورەترین کۆنسێرتی میوزیکی گەلان لە ستۆکهۆڵم ساز بکەن و بەشێکی زۆری داهاتەکەی بۆ منداڵانی ئاوارەی شەڕی داعش دەنێرن.

کارزان کەریم بەناوی گرووپەکەوە گوتی :"لەگەڵ ڕێکخراوێکی لۆکاڵیی کوردستان هەماهەنگیمان هەیە، تاوەکوو لەو ڕێگەیەوە چەند کەیسێک ئامادە بکەن و بەشێوەی جیاجیا پارەکەیان بۆ بنێرین". لەبارەی چۆنێتی ناردنی پارەکە و سوودمەندبوونی ئەو منداڵانەش گوتی :"چەند جۆرێک ڕێگەمان هەیە و خۆمان لە ناردنی پارەی کاش بەدوورگرتووە، ئەویش لەبەر لایەنی یاسایی کە بردنە دەرەوەی پارەی کاش زەحمەتە".



## پۆلیس داوایەکی لە کچانی سلێمانی هەیە

ڕووداو- سلێمانی

گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی دەڵێت چەند کوڕێک لە شێوەی باند هەوڵی هەڵخەڵەتاندنی کچان دەدەن لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بەمەبەستی پارە وەرگرتن لێیان، بۆیە داوایان لێدەکات ئاگاداری ئەو جۆرە کوڕانە بن. نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، دەڵێت "ئەو کوڕانە سەرەتا بە فێڵ خۆیان دەکەنە هاوڕێی کچان، دوای ئەوەی متمانەی ئەوان بەدەستدێنن، زۆر شت دەکەوێتە نێوانیان و لێزانانە وادەکات کچەکە هەموو شتێکی بەقسە بکات". گوتیشی "ڕێنمایمان بۆ کچان ئەوەیە کەسێک زۆر لێی دڵنیانەبن و نەیناسن نەبنە هاوڕێی.

# دڵنیا بەژوور سەری مێردەکەیەوە خۆی دەخنکێنێ



دوایین قسەی دڵنیا بۆ هاوژینەکەی: خۆشمدەوێی

عومەر چاوشین
ڕووداو – ڕاپەڕین

کەسوکارەکەی لە خەودا بوون ئەوکاتەی دڵنیا پەتێکی خستە ملی خۆی و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. بەقسەی کەسوکاری بێت، هۆکاری خۆخنکاندنی دڵنیا ڕوون نییە، بەڵام باوکی دڵنیا دەڵێت سکاڵا تۆمار دەکات بۆ ئەوەی هۆکاری خۆخنکاندنی کچەکەی بۆ ڕوون ببێتەوە.

بەرەبەیانی ڕۆژی 2017/5/14 ئافرەتێکی تەمەن 18 ساڵ بەناوی دڵنیا سەردار، لەنێو ماڵەکەی خۆیدا لە گەڕەکی کۆڵێن ستی لە ناحیەی چوارقوڕنەی سەر بە قەزای ڕانیە، خۆی خنکاند. بە گوتەی باوکی، دڵنیا تەمەنی 14 ساڵ بووە کە بە خواستی خۆی شووی کردووە و ئێستا منداڵێکی لەپاش بەجێماوە.

باوکی دڵنیا کە تاوەکو پێنج کاژێر پێش ڕووداوەکە لەلای کچەکەی بووە، گوتی کچەکەی هیچ کێشەیەکی نەبووە، تەنیا ئەوە نەبێ شەش مانگ لەمەوبەر لەگەڵ خەسووی

## باوکی دڵنیا:
## سکاڵا تۆمار دەکەم

هەندێک وردە کێشەیان هەبووە، بەڵام دواتر دڵنیا ماڵی خۆی کردووە و هیچ کێشەیەک لەنێوانیاندا نەماوە.

باوکی دڵنیا چیرۆکی خۆخنکاندنی کچەکەی دەگێڕێتەوە و دەڵێت "ماڵی دڵنیا لە گەڕەکەکەی خۆمانە، ئەو شەوە تاوەکو کاژێر 12ی شەو لە ماڵیان بووم، هەر قسەی خۆشمان کردووە، هەستم بەوە نەکرد هیچ کێشەیەکی هەبووبێ، زۆر دڵخۆش دیار بوو".

باوکی دڵنیا دەگەڕێتەوە ماڵی خۆی، کاژێر پێنجی بەیانی بە زەنگی مۆبایلەکەی خەبەری دەبێتەوە. سەردار دەڵێت: "کە سەیری مۆبایلەکەم کرد دەبینم زاواکەمانە، وەڵامم دایەوە و یەکسەر گوتی مامە ماڵم وێران بوو فریام بکەوە".

دایک و باوکی دڵنیا بە پەلە خۆیان دەگەیەننە ماڵی دڵنیا. سەردار دەڵێت: "بینیم زاواکەم بەچەقۆ ئەو پەتەی بڕیوە کە دڵنیا خۆی پێ خنکاندبوو، خەریکی فریاگوزاریی سەرەتایی بوو بۆ دڵنیا، بەڵام کارلەکارترازابوو، پێمگوت با خێرا بیگەیەنینە نەخۆشخانە".

سەردار سەری سوڕماوە لە خۆخنکاندنی کچەکەی و دەڵێت نەیزانیوە هیچ کێشەیەکی هەبووبێ، هەروەها هیچ نەخۆشییەکی جەستەیی و دەروونی نەبووە، بەڵام بڕیاری داوە دوای تەواوبوونی پرسەی کچەکەی سکاڵا تۆمار بکات "لەدوای پرسەکە داوایەک تۆمار دەکەم، چونکە کەس بەبێ هۆکار خۆی لەنێونابات، کەسێک بوبێتە هۆی خۆخنکاندنی کچەکەم بە هیچ شێوەیەک لێی خۆش نابم".

عەلی کە هاوژینی دڵنیایە، دەڵێت ئەستەمە ئەو ڕووداوە لەبیربکات، چونکە تا چەند خولەکێک بەرلەوەی بخەون، ژیانیان پڕ بووە لە یادەوەریی خۆش.

عەلی دەڵێت دڵنیا پێش خەوتن زۆر سەیری کردووە، دەستی بە دەموچاویدا هێناوە و پێیگوتووە با بۆنت بکەم، هەروەها چەند جارێک پێیگوتووە خۆشیدەوێت، جگە لەوەش سەیری وێنەکانی ڕۆژی ئاهەنگی بەیەکگەیشتنیانی کردووە کە لە نێو مۆبایلەکەی عەلیدا بوون و زۆر دڵی بەو یادەوەریانە خۆش بووە.

عەلی و دڵنیا، خاوەنی منداڵێکن کە تەمەنی ساڵ و نیوێکە، عەلی دەڵێت شەوانە منداڵەکەی لە باوەشی خۆی دەنوێنێ، شەوانیش ئەگەر بەخەبەر هاتبا، بانگی هاوژینەکەی دەکرد بۆ ئەوەی شیر بداتە منداڵەکە.

ئەو شەوەش کاتێک منداڵەکەیان خەبەری بووەتەوە، عەلی چەند جارێک بانگی دڵنیای کردووە، وەڵامی نەداوەتەوە، کاتێک دەستی لە جێگەکەی داوە لەوێ نەبووە، سەرەتا وایزانیوە چووەتە هۆڵەکە یان ژوورێکی دیکە، بەڵام کاتێک هیچ وەڵامی نابێت، عەلی دەیەوێ هەستێتەوە و لەوکاتەدا تارماییەک لە بەرامبەری دەبینێ.

عەلی گوتی: "تاریک بوو، چاوم کردەوە تارماییەکم بینی، کە گڵۆپی ژوورەکەم داگیرساند، بینیم تارمایی نەبوو، بەڵکو دڵنیا بوو بە پەتێکەوە شۆڕ بووەتەوە. زۆر بانگم کرد هیچ هەستی نەبوو، خێرا پەتەکەم پساند، فریاگوزاریی سەرەتاییم بۆ کرد سوودی نەبوو، بۆیە یەکسەر پەیوەندیم بە باوکییەوە کرد".

عەلی ئێستاش لە شۆکدایە و دەڵێت

## مێردەکەی: نازانم دڵنیا چۆن توانی لە ژووری نووستنەکەماندا ئەو کارە بکات؟

"باوەڕ بە چاوەکانم ناکەم، دڵنیا چۆن توانی لە ژووری نووستنەکەماندا ئەو کارە بکات".

فەرمان ئەحمەد پیرۆت، بەڕێوەبەری کارگێڕیی نەخۆشخانەی گشتیی ڕانیە بە (ڕووداو)ی گوت: "بەپێی ئەو پشکنینانەی بۆ تەرمەکە کراون، ئەو ژنە بە پەت خۆی خنکاندووە و هیچ شوێنەوارێکی ئەشکەنجەدان لەسەر جەستەی دەرنەکەوتووە".

هاوکات ڕائید شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی پۆلیسی ڕاپەڕین بە (ڕووداو)ی گوت، لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە دەستی پێکردووە، بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان ئەو ژنە خۆی خنکاندووە، کەسیش لەسەر ئەو ڕووداوە هێشتا سکاڵای تۆمار نەکردووە".

### داوای عەلی لە ماڵە خەزوورانی

عەلی نازانێت دڵنیا بۆچی خۆی خنکاندووە، چونکە دەڵێت هیچ کێشەیەکیان نەبووە. ئەو دەڵێت "هەموو کەسوکارەکەم لەلایەک و دڵنیا بۆ من لە لایەک بوو، قەت لەبیری ناکەم، بۆیە ئەگەر خەزوورم ڕازی بێت، حەز دەکەم خۆم و منداڵەکەم هەر لەگەڵ ئەوان بژین".
وەستا عەبدول شەدەڵەیی کە خاڵی دڵنیایە، سەبارەت بەو داواکارییەی عەلی دەڵێت "ئێمە عەلی بە کوڕە گەورەی خۆمان دەزانین، ئەگەر ئەو بە ئێمە ڕازی بێت، ئێمە حیسابی کوڕە گەورەی ماڵی بۆ دەکەین، ئێمە هیچ گومانمان لە عەلی نییە. منداڵەکەشی وەکو گوڵ بۆ پەروەردە دەکەین".

# ژنێک بە تاوانی کوشتن و سووتاندنی مێردەکەی لەسێدارە دەدرێ

دیمەن بورهان
ڕووداو – هەولێر

کەسوکارەکەی گومانیان هەبوو کە هاوژین و منداڵەکانی نەقیب ڕامیاریش کوژرابن، یان دەستیان لە تاوانی کوشتنی ئەودا هەبووبێ، چونکە دوای دۆزینەوەی تەرمی نەقیب ڕامیار بە سووتێندراوی، ئەوانیش دیار نەمان. دواتر دەرکەوت نەقیب ڕامیار لەلایەن هاوژینەکەیەوە کوژراوە و پاشانیش تەرمەکەی سووتێنراوە، ئێستا هاوژینی نەقیب ڕامیار لە زیندانە و سێ هەفتە لەمەوبەر حکومی لەسێدارەدانی بۆ دەرچوو.

شەوی 2016/9/28 لە مەلەوانگەیەکی تەواونەکراودا لە گەڕەکی زانکۆی شارۆچکەی کۆیەی سەر بە شاری هەولێر، تەرمی ڕامیار عەبدولسەمیع، 45 ساڵ، بە سووتێندراوی دۆزرایەوە. بۆ پشکنین و ناسینەوەی، تەرمەکەی ڕەوانەی پەیمانگەی دادپزیشکی هەولێر کرا، ڕۆژی 2016/10/5 دوای ناسینەوەی، تەرمەکە ڕادەستی کەسوکارەکەی کرایەوە.

دیار موفتی، ئامۆزای نەقیب ڕامیار، دوای دۆزینەوەی تەرمەکە بە (ڕووداو)ی گوتبوو: "ژن و منداڵەکانی لە دوای دۆزینەوەی تەرمەکەوە دیار نەماون، نەک ئەو کاتەی کە زانرا تەرمەکە نەقیب ڕامیارە، لە سەرەتای ونبوونەکەیدا ژنەکەی ئاگاداری کردینەوە کە ئامۆزاکەمان دیار نییە، ئەوکات گومانمان لە خێزانەکەی نەبوو، بەڵام دوای ونبوونەکەیان گومانمان بۆ دروستبوو کە ئەوانیش بەهەمانشێوە کوژرابن، یان ژنەکەی دەستی لەو کارەدا هەبێت، ئێستاش مۆبایلەکانیان داخراوە و هەواڵیان نازانین".

گومانی دووەمی دیار موفتی ڕاست دەرچوو. ڕۆژی 2016/10/24 هاوژینی ئەو نەقیبە دانی بە کوشتنی مێردەکەیدا نا و گوتی، خۆی مێردەکەی بە فیشەک کوشتووە، دواتریش بەهاوکاریی دوو کچ و کوڕەکەی تەرمەکەی سووتاندووە. هۆکاری کوشتنیشی بۆ ئەوە گەڕاندبووەوە کە بەگوتەی خۆی مێردەکەی بەردەوام خەریکی خواردنەوەی مەی بووە.

(ئا.س) لە زیندان بە توندی باوەشی بە کچە سێ ساڵ و نیوەکەیدا کردبوو، چرکە بە چرکەی دواساتەکانی تەمەنی دەژمێرێت، چونکە بەهۆی کوشتن و دواتر سووتاندنی هاوژینەکەیەوە سزای لەسێدارەدانی بۆ دەرچووە، بەڵام دیار نییە کەی حوکمەکەی جێبەجێ دەکرێ.

(ئا) باسی ژیانی خۆی و هاوژینەکەی بۆ (ڕووداو) دەکات و دەڵێت: "سەرەتای ژیانمان بێ کێشە و پڕ لە خۆشەویستی بوو، بەڵام دوای خووگرتنی بە خواردنەوەی مەی، تووشی کاری خراپ و ڕەفتاری توندوتیژ بوو لەگەڵم، چەندین جار لێی دەدام، سەری شکاندم، تەقەی دەکرد، کاتێک سەرخۆش دەبوو تا ئەوپەڕی توندی توندوتیژ دەبوو لەگەڵم، هەر بۆیە چەندینجار تۆرام، تەنانەت ساڵی ڕابردوو پارێزەرم گرت تا لێی جیاببمەوە، بەڵام ئەو بەهۆی پلە سەربازییەکەی و دەسترۆیشتوویی، نەهات بۆ دادگا و کەیسەکەی داخست".

(ئا) کە خاوەنی دوو کچ و کوڕێکە، هەروەها دەڵێت: "ژیانمان بریتی بوو لە لێدان و توندوتیژی، بەڵام لەبەر کوڕە 17 ساڵانەکەم، بۆ ئەوەی تووشی کێشە نەبێت لەگەڵ باوکی، دانم بەخۆمدا گرت و بێدەنگ بووم".

ئەو ژنە باسی ئەو شەوە دەکات کە هاوژینەکەی کوشت، دەڵێت "کاژێر نزیکەی سێی نیوەشەو بوو، وەک هەموو شەوەکانی دیکە بە تەنیا دەنووستم، کچەکەم قوتابی پەیمانگایە و ژووری خۆی هەیە، لە ژوورەکەی خۆی بوو، لەناکاو گوێم لە قیژەی کچەکەم بوو دەیگوت بابە شتی وا نابێت، بڕۆ دەرەوە، بەپەلە ڕامکرد بۆ ژووری کچەکەم،



نەقیب ڕامیار بەدەستی هاوژینەکەی کوژرا و پاشان سووتێندرا

پاشان دەمانچەی هاوژینەکەم لەسەر مێزەکە هەڵگرت و گوللەیەکم لە پشتی سەری داو کەوت، هەر لەوێ گیانی دەرچوو".

بەڵام ڕائید هۆگر عەزیز گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر دوای دەستگیرکردنی ئەو ژنە بە (ڕووداو)ی گوتبوو: "سەرەتای لێکۆڵینەوەکان وا بڵاوکرایەوە کە نەقیب ڕامیار لەسەر کێشەی خێزانی و لەلایەن خێزانەکەیەوە کوژراوە، بەڵام دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوت ژنەکەی بە هاوکاریی کەسێکی دیکە کە پەیوەندیی خۆشەویستی لەگەڵی هەبووە، نەقیب ڕامیاریان کوشتووە و سووتاندوویانە. کچەکەی نەقیب ڕامیار هیچ کێشەیەکی لەگەڵ باوکیدا نەبووە".

## تەرمەکەی سووتاند

دوای کوشتنی هاوژینەکەی، بڕیاری سووتاندنی تەرمەکەی دەدات، (ئا) دەڵێت: "دوای ئەوەی کوشتم، خێرا بە مێشکمدا هات بیسووتێنم، بۆ ئەوەی کەس بە ڕووداوەکە نەزانێت. لە بەرامبەر ماڵمان مەلەوانگەیەکی تەواونەکراوی لێبوو، تەرمەکەم لە پارچە بەڕەیەکەوە پێچا و لەگەڵ منداڵەکان هەڵمانگرت و بردمانە نێو مەلەوانگەکە، پاش ئەوەی خستمانە نێو چاڵی مەلەوانگەکە، دەبەیەک نەوتی گەورەم بە ڕاخەرەکەدا کرد و ئاگرم تێبەردا، چەرخەکەشم لێ بەجێما".

ئەو ژنە لەگەڵ منداڵەکانی بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ لە ماڵەوە دەمێننەوە و خۆیان بێدەنگ دەکەن، کەس لە ڕووداوەکە ئاگادار ناکەنەوە، بەڵام کەسوکاری نەقیب ڕامیار دەکەونە سۆراغکردنی. ئەو ژنە دەڵێت: "هەموو ڕۆژێک برای هاوژینەکەم دەهات بۆ ماڵمان و لە هەواڵی براکەی دەپرسی، منیش دەمگوت وەک هەموو جارێک ڕۆیشتووە و پێی نەگوتووین، دواتر براکەی لە کوڕەکەمی پرسی ئەو ماڵانەی دراوسێتان کامێرای چاودێرییان هەیە؟ ئەویش گوتبووی بەڵێ، بەڵام نازانم کار دەکات یان نا، دواتر مامی منداڵەکان ڕۆیشت".

(ئا) بە بیستنی ناوی کامێرای چاودێری دەترسێ، بۆیە یەکسەر دەستی سێ منداڵەکەی دەگرێت و دەچنە دهۆک، بەڵام لەوێ دەستگیر دەکرێن. (ئا) گوتی "لەڕێگەی هێڵی ئینتەرنێتی مۆبایلی هاوژینەکەم کە کردبوومانەوە، مامی منداڵەکان لەگەڵ پۆلیس هاتنە دهۆک و ئێمەیان دۆزییەوە، بەڵام من نەمگوت کە هەڵاتووین، بەڵکو گوتم بۆ سەفەر هاتووینەتە دهۆک".

## تاوانەکە چۆن ئاشکرا بوو؟

(ئا) دەڵێت پاش پێنج ڕۆژ گەڕان و لەڕێگەی کرێکارانی شارەوانییەوە تەرمی هاوژینەکەیان دۆزییەوە: " من تەرمەکەم نەبینی، بەڵام گوتیان ئەو ڕاخەرەی تەرمەکەم پێ لوول دابوو بە جەستەیدا توابووەوە. کاتێکیش بردیانم بۆ بنکەی پۆلیسی کۆیە، پارچە قوماشی جلەکانیان پیشاندام، ناسیمەوە و گوتم بەڵێ ئەوە جلی هاوژینەکەمە، پانتۆڵێکی شینی کاڵ و تیشێرتێکی سەوزی تۆخی لەبەربوو، دواتر دانم بە تاوانەکەدا نا و هۆکارەکەشم پێگوتن".

## بڕیاری لە سێدارەدان

ڕۆژی 2017/4/26 یەکەم دانیشتنی دادگا لەبارەی کەیسەکە بەڕێوەچوو. ئەو ژنە دەڵێت: "ئەوەی زۆر سەیر بوو لەلام، دادگا لە یەکەم دانیشتندا بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ من دەرکرد. چۆن و لە چ یاسایەکدا بە یەک دانیشتن سزای لەسێدارەدان بەسەر کەسێکدا دەدرێت؟، کەسوکاری هاوژینەکەم سێ پارێزەریان هەیە، بەڵام بەهۆی نەبوونی پارێزەر، من ناتوانم بەرگری لە خۆم بکەم".

بەڵام بەپێی یاسای ئوسوڵی موحاکەماتی جەزائی، هەر تۆمەتبارێک پارێزەری نەبێ، دادگا لەسەر خەرجیی دەوڵەت لە ڕۆژی دادگایی پارێزەری بۆ دابین دەکات.

## کچەکەشی لە زیندانە

سەبارەت بە چارەنووسی کچەکەی، ئەو ژنە گوتی "کچەکەشم ئێستا دەستبەسەر کراوە و لەبەردەم دادوەر قسەکانی گۆڕیوە، دڵنیام هەڕەشەیان لێکردووە، ئەگینا من ڕاستیی ڕووداوەکەم گوتووە".

دوا داواکاریی (ئا) لە دادگا ئەوەیە سزاکەی بۆ تەمیز بکاتەوە و چاوێک لە ڕابردووی ژیانیدا بخشێنن کە هۆکاری ئەنجامدانی تاوانەکەی چی بووە و بۆ وای کردووە.

(ئا) گوتی: "من لە مردن ناترسێم، چونکە هەموو ڕۆژێکم مردنە، بەڵام ترسی من بەجێهێشتن و پەرتەوازەبوونی منداڵەکان و دایکە پیرەکەمە کە نەخۆشە و لەسەر عەرەبانەیە و بەرگەی خەمی دووری و مردنی من ناگرێت".



### مێردمنداڵێک دوو کەس دەکوژێ

**ڕووداو- هەولێر**

ڕۆژی 2017/5/16 مێردمنداڵێکی تەمەن 17 ساڵان (م.ج) لە لەلای ماڵی خۆیان لە نزیک بازاڕی سورچیان لەشاری هەولێر بە کلاشینکۆف دەستڕێژی گوللەی لە برا 27 ساڵانەکەی بەناوی (ر.ج) و (ن)ی هاوڕێی براکەی کرد و دەستبەجێ هەردووکیان گیانلەدەست دەدەن. ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت "پاش ئاگادارکردنەوەمان لە ڕووداوێکی کوشتن، گەیشتینە شوێنی ڕووداوەکە لە بازاڕی سورچیان، لەوێ کوڕێک، برایەکی خۆی و هاوڕێیەکی براکەی، کە هەردووکیان پێشمەرگە بوون بە کلاشینکۆف کوشتبوو". گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر دەشڵێت "هەر هەمان ڕۆژ تاوانبارەکە خۆی ڕادەستی پۆلیس کرد و دانی بە تاوانەکەیدا نا".

# مامۆستایەک لەسەر مەترێک زەوی دەکوژرێ

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- بنگرد**

بەدوای پەیوەندی تەلەفۆنیی براکەیدا ڕۆیشت بۆ ئەوەی فریای بکەوێ و لە مردن ڕزگاری بکات، براکەی ڕزگاری بوو، بەڵام ئەو کەوتە تەڵەی مەرگەوە. ڕێبوار بە 13 چەقۆ لەسەر کێشەی یەک مەتر زەوی کوژرا.

ڕۆژی هەینی 2017/5/19 لە گوندی چنارەی سەر بە ناحیەی بنگردی قەزای دووکان، لەسەر چەند مەترێک ڕەز و باخ کێشە دەکەوێتە نێوان دوو بنەماڵە و بەشەڕدێن، لە ئەنجامی شەڕەکەدا چوار کەس بریندار دەبن، هەر هەمان ڕۆژ یەکێک لە بریندارەکان بەناوی ڕێبوار عەزیز عەلی، تەمەن 26 ساڵ کە مامۆستا بوو، بەهۆی سەختیی برینەکەی مرد.

یاسین عەزیز عەلی، برای مامۆستا ڕێبوار کە تاکە پیاوی خێزانەکەیەتی لەو شەڕەدا چەقۆی بەرنەکەوتبێ، دەڵێت سەرەتا کێشەکە لەنێوان ئەبوبەکری برای و خێزانێکی گوندەکە بووە، کێشەکەش لەسەر سنووری زەویی نێوانیان بووە، لایەنی بەرامبەر دەستکاریی سنووری مۆڵکەکەیان کردووە و مەترێک لە زەویی براکەی ئەویان خستووەتە سەر زەویی خۆیان، بۆیە لەگەڵ ئەبوبەکر بووەتە کێشەیان.

یاسین گوتی "ئەوان بە شەش کەس لە ئەبوبەکریان دابوو، ئەویش تەلەفۆنی بۆ ئێمە کرد بۆ ئەوەی بە هانایەوە بچین، باوکم و براکانم بە هانایەوە چووبوون، مامۆستا ڕێبوار یەکەم کەس بوو گەیشتبووە لایان، یەکسەر بەر چەقۆیان دابوو، نیوەی ملیان بڕیبوو، نەوێرام سەیری تەرمەکەی بکەم".

بە گوتەی یاسین، ئەو بنەماڵەیە ئەوە یەکەمجار نییە کێشەیان بۆ دروست دەکەن، بەڵام ئەوان هەموو جارێک بێدەنگییان هەڵبژاردووە. یاسین گوتی "ئەوان لە گوند تەنیا شەڕیان بە ئێمە نەفرۆشتووە، شەڕیان بە خەڵکی دیکەش دەفرۆشت، جارێکیان وەکو ئیهانەکردنێک زۆربەی دارەکانی ڕەزی براکەمیان بڕی".

یاسین پێیوایە ئەوان کارەکەیان بە پلان کردووە و دەڵێت "ئەوان جگە لە کوڕێکیان، هەموویان لە ڕانیە دادەنیشن، ئەو ڕۆژە هەر هەموویان هاتبوونەوە گوند، بەوەدا دەردەکەوێ پلانیان هەبووبێ بۆ دەستکاریکردنی سنووری مۆڵکەکانی گوند".

ئەنجومەنی گوندەکە پێیوایە بنەماڵەکەی دیکە دەستپێشخەر بوون، بۆیە دەڵێت ڕێگە نادەن بگەڕێنەوە گوندەکە.

حەسەن ئیسماعیل کە ئەنجومەنی گوندی چنارنەیە، بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو ڕۆژە کە شەڕەکە ڕوویدا، مەلای مزگەوت کەوتە نێوانیان و کۆتایی بە کێشەکە هێنا، بەڵام زۆری نەبرد دیسان بەشەڕهاتنەوە و ئەمجارەیان بەداخەوە خوێن ڕژا".

حەسەن ئەو بنەماڵەیەی تاوانەکەیان کردووە بە بنەماڵەیەکی "سەر بە کێشە" وەسفکرد و گوتی "ئەگەر ئەو کێشەیەش کۆتایی بێت، ڕێگە نادەین بگەڕێنەوە ئاواییەکەمان، چونکە دڵنیاین ئەگەر بگەڕێنەوە کێشەی دیکە دروست دەکەن".

محەممەد عەلی، مامی ڕێبوار دەڵێت "لەگەڵ بنەماڵەی بەرامبەر خزمایەتییان هەیە و ژن و ژنخوازی لە نێوانیاندا هەیە، کچێکی بەوان داوە، بۆیە تاوەکوو بۆیان بکرێ بیر لە تۆڵەکردن ناکەنەوە. محەممەد عەلی گوتی "کێشەکەمان دەدەینە دەست یاسا، چاوەڕێین بکوژانی برازاکەم دەستگیر بکرێن و سزا بدرێن. پێموابێ یاسا ئەوەندە زەلیل نییە کە نەتوانێ ئەو تاوانبارانە سزا بدات".

بە گوتەی پۆلیس، مامۆستا ڕێبوار بە 13 چەقۆ کوژراوە و کەسوکارەکەشی سکاڵایان لەسەر شەش کەس تۆمار کردووە، بەڵام تۆمەتبارەکان هەڵاتوون و تاوەکو ئێستا دەستگیرنەکراون".

ڕائید سەردار کوێخا پیرۆت، لێپرسراوی بنکەی پۆلیسی ناحیەی بنگرد بە (ڕووداو)ی گوت: "کێشەی نێوان ئەو دوو خێزانە لەسەر زەویوزار بووە. ئەوان بە شەش کەس لە ئەبوبەکر دەدەن، ئەویش تەلەفۆن بۆ کەسوکارەکەی دەکات بۆ ئەوەی فریای بکەون، سەرەتا برایەکی بەناوی مامۆستا ڕێبوار دەگاتە لای، بە چەقۆ دەکەونە گیانی ئەویش، 13 چەقۆی لێدەدەن و ملیشی لەلای ڕاست دەبڕن، زۆری نەمابوو سەری لە جەستەی جیابکەنەوە، دواتر باوک و برایەکی دیکەشی بەهانایانەوە دەچن، ئەوانیش بە چەقۆ بریندار دەکەن".

تەرمی ڕێبوار لە پزیشکی دادوەری نەخۆشخانەی گشتی ڕانیە توێکاری بۆ کرا، دوو براکەشی بەهۆی سەختیی برینەکەیان بەڕێکراون بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی، بەڵام باوکیان کە برینەکەی لەوان سووکترە، لە نەخۆشخانەی ڕانیە لەژێر چاودێریی پزیشکدایە. بەرپرسەکەی پۆلیس دەڵێت "گومانمان هەبوو ئەوان هەر بەوەندە وازنەهێنن و بچنە گیانی بریندارەکان، بۆیە لە نەخۆشخانە پاسەوانمان بۆ بریندارەکان داناوە".

سەبارەت بە چارەنووسی تۆمەتبارەکانیش، ڕائید سەردار گوتی "بنەماڵەی قوربانییەکە سکاڵایان لەسەر شەش کەس تۆمار کردووە، هەموویان بەپێی ماددەی 406 لە یاسای سزادانی عێراقی بڕیاری گرتنیان بۆ دەرچووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی خۆیان حەشارداوە و شوێنیان دیار نییە، تاوەکو ئێستا دەستگیر نەکراون".

(ڕووداو) هەوڵی دا قسە لەگەڵ تۆمەتبارەکان بکات، بەڵام شوێنیان دیار نەبوو، مۆبایلەکانیشیان داخستبوو.



ڕێبوار بەهانای براکەیەوە چوو بەڵام درایە بەر چەقۆ و کوژرا

## پۆلیس:
## 13 چەقۆیان لێدابوو ملیشیان تا نیوە بڕیبوو

## موختاری گوند: ناهێڵین ئەو خێزانە سەر بەکێشەیە بگەڕێنەوە گوندەکەمان



**موقەدەمی مافپەروەر**
**ژیلەمۆ عەبدولقادر**

## نەخۆشییەک خیانەتەکەی ئاشکرا کرد

ئافرەتێک تووشی نەخۆشیی پێست دەبێت و سەردانی پزیشکێکی پسپۆڕی پێست دەکات، ژنەکە تووشی سەرسوڕمان دەبێ کاتێک پزیشکەکە پێیدەڵێت ئەو نەخۆشییە بەهۆی سێکسەوە دروست دەبێ و هەر بەهۆی سێکسیش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگوازرێتەوە.

پزیشکەکە لێی دەپرسێ، ئایا هاوژینەکەشت هەمان نەخۆشیی هەیە، ئەویش دەڵێت بەڵێ ئەو پێش من تووشبووە. ژنەکە یەکسەر گومانی بۆ دروست دەبێ و بە پزیشکەکە دەڵێت کەواتە هاوژینەکەم خیانەتی لێکردووم؟ هەر لەوێ بە پزیشکەکە دەڵێت لێی جیادەبمەوە، بەڵام پزیشکەکە زۆر ئامۆژگاری دەکات و دەڵێت نابێ لە مێردەکەت جیاببیتەوە، بەڵکو دەبێ یارمەتی بدەی بۆ ئەوەی لە نەخۆشییەکەی چاک بێتەوە.

ژنەکە کاتێک دەگەڕێتەوە ماڵەوە هەموو شتێک بۆ هاوژینەکەی باس دەکات، بەڵام ئەو نکۆڵی لەوە دەکات خیانەتی لێکردبێ، دواتر ژنەکە هەڕەشەی لێدەکات و پێیدەڵێت ئەگەر ڕاستییەکەم بۆ باس نەکەی، سکاڵات لەسەر تۆمار دەکەم و داوای پشکنین دەکەم. بۆیە پیاوەکە ئیعترافی کرد و گوتی بەڵێ لە دەرەوە سێکسی کردووە، بەڵام بەڵێنی دا دووبارەی نەکاتەوە. ژنەکەش پێیگوت ئەمجارە لەبەر خاتری منداڵەکانم دەتبوورم، بەڵام دووبارەی بکەیتەوە لێت جیادەبمەوە.

ژن و پیاوەکە بڕیار دەدەن بچنە لای پزیشک بۆ ئەوەی نەخۆشییەکەیان چارەسەر بکەن، بەڵام نامەیەکی پیاوەکە ڕیسەکە دەکاتەوە خووری، ژنەکە دەڵێت ڕۆژێکیان نامەیەکم لێگرت کە بۆ ژنێکی ناردبوو، پێمگوت ئەوەبوو بەڵێنەکەت؟

ژنەکە سەردانی کردین و داوای ڕێنمایی دەکرد کە چۆن لە هاوژینەکەی جیاببێتەوە، چونکە پێیوابوو پیاوەکەی بەڵێنەکانی ناباتە سەر و خیانەتی لێدەکات. بە ژنەکەمان گوت بانگی پیاوەکەت دەکەین و ئامۆژگاری دەکەین ئەگەر واز لە خیانەتکردن لە ژنەکەت نەهێنی، ئەوا ڕاپۆرتی پزیشکی هەیە و بە تۆمەتی خیانەتی ژن و مێردایەتی سکاڵات لەسەر تۆمار دەکات، بەڵام ژنەکە گوتی نامەوێ هەر ببینیم، تازە بە هیچ شێوەیەک ناگەڕێمەوە لای و دەمەوێ لێی جیاببمەوە.

بە ژنەکە ڕاگەیەنرا سەردانی دادگای باری کەسی بکات و سکاڵا تۆمار بکات، لەوێ دادوەر تۆ و هاوژینەکەت دەنێرێ بۆ لیژنەی پزیشکی بۆ پشکنین، ئەگەر دەرکەوت کە تۆ بەهۆی مێردەکەتەوە تووشی ئەو نەخۆشییە بوویت، دادگا دەتوانێ داواکەت قبوڵ بکات و لە مێردەکەت جیاببیتەوە.

یاسای باری کەسیی عێراق کە ساڵی 1959 دەرچووە و لە ساڵی 2008 هەندێک لە بڕگە و ماددەکانی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە هەموار کراونەتەوە، ڕێگەی داناوە بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێ بەهۆی نەخۆشیی هاوژینەکانیان جیاببنەوە.

لە ماددە 43ی ئەو یاسایەدا هاتووە: "ئافرەت دەتوانێ داوای جیابوونەوە لە مێردەکەی بکات، ئەگەر دەرکەوت مێردەکەی دەردەدارە، یان تووشی گەڕی، یان خوریشت، یان شێتی بووە، بەڵام ئەگەر دادگا دوای پشکنین بۆی دەرکەوت نەخۆشییەکە ئومێدی چاکبوونەوەی هەیە، ئەوا جیاکردنەوەکە دوادەخات تاوەکو چاکدەبێتەوە، ژنەکەش بۆی هەیە ئەو ماوەیە سێکس لەگەڵ مێردەکەی نەکات، بەڵام ئەگەر دەرکەوت نەخۆشییەکە ئومێدی چاکبوونەوەی نییە و پیاوەکە دەستبەرداری ژنەکە نابێت و ژنەکەش سوورە لەسەر جیابوونەوە، ئەوا دادگا لە بەرژەوەندیی ژنەکە بڕیاری کۆتایی دەدات".

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

# لەسەر پێشکەوتنەوەی ئۆتۆمبێل بەشەڕهاتن و کەسێکی تێدا کوژرا

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو — قەڵادزێ**

لەگەڵ پەیدابوونی دەنگەدەنگ لە کۆڵانەکەیان، حاجی حەسەنیش وەکو دراوسێکانی دیکەی دەچێتە دەرەوە تاوەکوو بزانێت چی ڕوویداوە، لەو کاتەدا دەبێتە شەڕە تەقە لەنێوان دوو بنەماڵە و گوللەیەک بەر حاجی حەسەن دەکەوێ، دوای گەیاندنی بە نەخۆشخانە گیانی دەردەچێ.

ئەو شەڕە کاژێر نۆ و نیوی شەوی 2017/5/18 لە گەڕەکی ڕاپەڕینی شارۆچکەی قەڵادزێ لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لەنێوان دوو بنەماڵەی شارۆچکەکە ڕوویدا و پێنج کەسی تێدا بریندار بوون. دواتر یەکێک لە بریندارەکان بەناوی حەسەن حەمەد ئەحمەد، تەمەن 60 ساڵ، لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی گیانی دەرچوو.

عەبدوڵڵا حەمە ئەحمەد، برای حاجی حەسەن، دەڵێت براکەی هیچ پەیوەندی بە کێشەی نێوان ئەو دوو بنەماڵەیەوە نەبوو، کاتێک گوێی لە هەرا و دەنگە دەنگ بووە لە کۆڵانەکەیان، هاتووەتە دەرەوە و بەهۆی شەڕە تەقەی نێوان ئەو دوو بنەماڵەیە کوژراوە.

بە گوتەی عەبدوڵڵا، 15 کەس لەو دوو بنەماڵەیە تەقەیان کردووە، گوللەیەک بە سکی حاجی حەسەن کەوتووە و بەوهۆیەوە نەزیف بووە و لە نەخۆشخانە مردووە.

عەبدوڵڵا دەڵێت ئەوان کێشەکەیان داوەتە دەست یاسا و چاوەڕێن یاسا تۆڵەی حاجی حەسەنیان بۆ بکاتەوە، ئەگەریش یاسا هیچی بۆ نەکردن، بە ڕێگەی عەشایری تۆڵەی خوێنی براکەیان دەکەنەوە.

حاجی حەسەن پۆلیس بووە لە قەڵادزێ، چوار کەسەکەی دیکەش کە بریندار بوون، سەر بە دوو بنەماڵە بەشەڕهاتووەکە بوون. عەبدوڵڵا دەڵێت "لەکاتی دەمەقاڵێیەکەدا پۆلیس هاتووە، بەڵام لە کاتی تەقەکاندا هەموویان ڕایانکردووە". هەرچەندە بنەماڵەی تۆمەتبارەکان ویستوویانە بەشداری لە پرسەی حاجی حەسەن بکەن، بەڵام کەسوکارەکەی ڕێگەیان پێنەداون و گوتوویانە تاوەکوو تەقەکەرەکان دەستگیر نەکرێن ڕێگە نادەن سەردانیان بکەن.



حاجی حەسەن لە شەڕی نێوان دوو بنەماڵەدا کوژرا

هادی حوسێن، خاوەنی مارکێتە لەو گەڕەکەی شەڕەکەی تێدا بووە، دەڵێت: کات نزیکەی 10ی شەو بوو، سێ ئۆتۆمبێل کە پڕ لە چەکداربوون، هاتنە گەڕەکەکەیان، ژمارەیان 15 چەکدار دەبوو "لە بەردەم مزگەوتی گەڕەک تەقەیان لە ماڵی (حەسەن ئەحمەد) کرد، دواتر تەقەیان بەنێو کۆڵانەکەدا کرد، چەند گوللەیەک بەر مارکێتەکەم کەوتوون، باش بوو ئەوکاتە مارکێتەکەم داخستبوو ئەگینا منیش بەردەکەوتم و بە دەردی حاجی حەسەن دەچووم، چونکە گوللە بەر کورسی و قاسەی دوکانەکەم کەوتوون".

بەپێی زانیارییەکان، سەرەتا ئەو کێشەیە لە نێوان دوو کەس بووە بە ناوەکانی (حەسەن ئەحمەد) و (ئەمیر باپیر). ئەوان لە ناوچەی دەشتێو لە پشتی قەڵادزێ لەسەر پێشکەوتنەوەی ئۆتۆمبێل بەشەڕهاتوون. دواتر بنەماڵەی ئەمیر بە شەو چوونەتە سەر ماڵی حەسەن ئەحمەد.

عوسمان ئەحمەد، برای حەسەن، هۆکاری دروستبوونی ئەو شەڕەی بۆ (ڕووداو) باسکردو و گوتی "حەسەنی برام باخی هەیە لە ناوچەی دەشتێو، کرێکار و وەستای بردبوون بۆ سەر باخەکەی، بەر لە خۆرئاوابوون گەڕابوونەوە، بەڵام لە ڕێگا کەسێک بەناوی (ئەمیر.ب) ئاستەنگیان بۆ دروست دەکات و ڕێگەیان پێنادات بە ئۆتۆمبێل پێشیان بکەوێتەوە، ئیدی لەسەر ئەوە بووەتە دەمەقاڵەیان".

بەگوتەی عوسمان، ئەمیر بە دەمانچە تەقەی لە براکەی کردووە، دواتر خەڵک کەوتووەتە نێوانیان و دەمانچەکەیان لە ئەمیر سەندووە، هەر لەوێ کۆتاییان بە کێشەکە هێناوە و حەسەن و ئەمیر باوەشیان لە یەکدی داوە و یەکدییان ماچ کردووە، دەمانچەکەشیان داوەتەوە ئەمیر. بەڵام شەو کەسوکاری ئەمیر چوونەتە سەر ماڵی حەسەن.

عوسمان دەڵێت "کاتێک هاتوونەتە سەر ماڵی براکەم، تەقەیەکی زۆریان کردووە، سێ کەسی بنەماڵەکەمان (هیوا و حەسەن) کە برای منن و لەگەڵ محەممەد کە ئامۆزامانە، بریندار بوون".

سەبارەت بە کوژرانی دراوسێی براکەشی، عوسمان گوتی "کاک حاجی حەسەن لەو ڕووداوەدا هیچ تاوانی نەبوو، ئێمە زۆر بە پەرۆشین بۆ ئەو ڕووداوە، ئەو پیاوە بەبێ تاوان کوژرا".

گوتیشی: "بەشداریمان لە پرسەکەیدا کردووە، بەڵام هیچ قسەیەکمان لەبارەی ڕووداوەکە نەکردووە، هەموو شتێکمان هەڵگرتووە بۆ دوای تەواوبوونی پرسەی کاک حاجی حەسەن".

ئەمیر باپیر ڕووداوەکە بە جۆرێکی دیکە دەگێڕێتەوە و دەڵێت ئەو دوای ئەوەی کاری لە باخەکەی تەواو بووە، گەڕاوەتەوە ماڵەوە و لە ڕێگادا ئۆتۆمبێلێک ویستوویەتی کێبڕکێی لەگەڵ بکات، دواتر ئۆتۆمبێلەکە ناوەڕاستی ڕێگەی لێگرتووە و بواری دەرچوونی نەداوە، ئیدی لەسەر ئەوە بووەتە کێشەیان.

ئەمیر ڕەتیکردەوە کەسوکارەکەی بۆ شەڕکردن چووبێتنە سەر ماڵی حەسەن. ئەو گوتی "شەو چەند کەسێکی بنەماڵەکەمان بڕیاریان دا بچنە ماڵی حەسەن بۆ ئەوەی بزانن کێشەکە لەسەر چییە و کۆتایی پێ بهێنن، لەوێ قسە کرابوو هەموو شتێک کۆتایی هاتبوو، ئەوان ویستبوویان خوداحافیزی بکەن، کەسێک لە بنەماڵەی ئەوان تەقەی کرد، ئەوانەی ئێمەش بۆ بەرگریکردن لە خۆیان تەقەیان کرد".

ئەمیر ئامادەیی بنەماڵەکەی نیشاندا بۆ سوڵحکردن لەگەڵ ماڵی حاجی حەسەن و گوتی "ئەوان ڕێگەیان نەدا بەشداری پرسەکەی بکەین، ئەو کەسە بەبێ تاوان کوژرا، کەسوکارەکەی و یاسا چی بڵێن ئێمە ئامادەین".

ڕائید شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین دەڵێت کێشەی نێوان ئەو دوو کەسە لەسەر پێشکەوتنەوەی ئۆتۆمبێل بووە، دواتر کێشەکە گەورە بووە و کەسێک کە هیچ پەیوەندی بە کێشەی نێوانیانەوە نەبووە، کوژراوە. پۆلیس پێنج کەسی بە تۆمەتی تەقەکردن و کوشتنی ئەو کەسە دەستگیر کردووە.

# نیوەی دانیشتووانی سووریا ئاوارەن

خالید محەممەد جەمیل
ڕووداو- هەولێر

دۆخی ناڵەباری سووریا لەپاش شەش ساڵی تەواو لە شەڕ و نائارامی، بووەتە هۆکاری کۆچکردنی زیاتر لە 5 ملیۆن کەس لەو وڵاتە، ئەوەش بەگوێرەی ئاماری ڕێکخراوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان.

بەشێکی زۆر لەو کۆچبەر و ئاوارانەی سووریا دووچاری ئاستەنگی دەبن، بەبێ ئەوەی چارەسەرێک بۆ کێشەکەیان ببیننرێتەوە، بەڵام کێشەیەکی دیکە دەربارەی ئەم بابەتە ئەوەیە ئاماری دروست لەسەر ژمارەی ئەو کۆچبەر و ئاوارانە دەستنەکەوتووە. ئەو ئامارانەشی هەن زۆربەیان لە چوارچێوەی مەزندەدان، یان تەنیا ناوە تۆمارکراوەکانن، بەڵام جیا لە لیستی ناوی کۆچبەر و ئاوارە و بەڵگەکان، بە سەدان هەزار کۆچبەر و ئاوارەی دیکە هەن کە ناوەکانیان تۆمار نەکراوە.

مەترسی لەسەر ژیانی خەڵک، زەحمەتی پێویستیەکانی ژیان و نەبوونی سەرچاوەی دارایی و داهات لەگەڵ کەمبوونەوەی خزمەتگوزارییەکانی پزیشکی و تەندروستی، ئەمانە دەبنە هۆکاری سەرەکی ئەوەی خەڵکی ناچار بێت جێگا و ڕێی خۆیان بەجێبهێڵن و کۆچبەر بن.

بەپێی ڕاگەیێنراوی حکومەتی سووریا، تاوەکو کۆتایی 2015 ژمارەی کۆچبەرانی سووریا گەیشتووەتە 5 ملیۆن کەس. بەشی زۆریان چوونەتە وڵاتانی دراوسێ و هەندێکیشیان چوونەتە ئەوروپا. وەزارەتی ناوخۆی تورکیاش ڕایگەیاندوە کە لە سەرانسەری تورکیادا 2 ملیۆن و 969 هەزار کۆچبەری سووری دەژین.

ژمارەی کۆچبەرانی سووریا، بەگشتی لە ئیستانبوڵ گەیشتووەتە 500 هەزار کەس. لە ڕووها 420 هەزار، لە هاتای 384 هەزار، لە دیلۆک 329 هەزار و لە کیلیس 124 هەزار ئاوارە. ئەمە جگە لەو ئاوارانەی ناویان تۆمار نەکراوە.

کۆمیسیۆنی باڵای کاروباری پەنابەران ڕایگەیاندووە "دوو ملیۆن و 25 هەزار سووری کۆچیان کردووە بۆ عێراق و میسر و لوبنان و ئوردن، هەروەها 26 هەزاریش لە وڵاتانی دیکەی عەرەبین و 24 هەزاریشیان چوونەتە وڵاتانی باکووری ئەفریقا".

کۆمیسیۆنی باڵای کاروباری پەنابەران لە لوبنان ڕاگەیاندووە: "ژمارەی کۆچبەرانی سووری لە لوبنان گەیشتووەتە نزیکەی ملیۆنێک و 100 هەزار کەس، جیا لەمەش ژمارەیەکی دیکە کە نزیکەی 500 هەزار کەس دەبن، ناویان تۆمار نەکراوە.

فیلیپۆ گراندی، کۆمیسەری باڵای کاروباری پەنابەران ڕایگەیاند: "چەندین هاووڵاتیی سووری، لەنێو سنووری ئەو وڵاتە گیریان خواردووە و ناتوانن بچنە دەرەوە." هەر بەپێی قسەکانی فیلیپۆ گراندی، لەسەرەتای ساڵی 2011 ەوە زیاتر لە 6 ملیۆن و 500 هەزار کەس لەنێو سووریا ئاوارەبوون، بەڵام نزیکەی 5 ملیۆن کەس چوونەتە دەرەوەی ئەو وڵاتە، بەتایبەت وڵاتانی دەوروبەری سووریا.

جیاوازییەکی زۆر لە نێوان ئامارەکانی یوئێن و ئەو ئامارانەدا هەیە کە وڵاتان لەبارەی کۆچبەرانی سووری ڕایدەگەیەنن. بۆ نموونە حکومەتی ئوردن ڕایگەیاندووە کە ناوی ملیۆنێک و 250 هەزار ئاوارەی سوورییان تۆمار کردووە، بەڵام کۆمیسیۆنی باڵای کاروباری پەنابەران دەڵێت ژمارەی ئاوارەکانی سووریا لە ئوردن 623 هەزار کەسە".

لە ڕۆژانی 4 و 5ی نیسانی 2017 دا، کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی لە برۆکسل، دەربارەی سووریا بەڕێوەچوو. لەو کۆنگرەیەدا، باس لەوە کرا کە 13 ملیۆن و 500 هەزار سووری پێویستیان بەهاوکارییە، لەوانە نزیکەی 6 ملیۆن و 300 هەزاریان هەر لە نێو سووریا ئاوارە بوون و زیاتر لە 5 ملیۆنیش بە وڵاتانی دراوسێی سووریا یان ئەوروپادا بڵاوبوونەتەوە. 70%ی ئاوارەکانیش ئافرەت و منداڵن.

بەپێی ئاماری ساڵی 2013ی حکومەتی سووریا، ژمارەی دانیشتووانی سووریا 22 ملیۆن و 500 هەزار کەسە. ژمارەی ئەو کەسانەشی ئاوارە و کۆچبەر بوون بەپێی ئامارەکانی یوئێن، گەیشتووەتە 11 ملیۆن و 320 هەزار کەس، واتە نزیکەی 50%ی دانیشتووانی سووریا کۆچبەر یان ئاوارەن.

ژمارەی ئەو سووریانەی کە بەشێوەی نایاسایی کۆچبەری وڵاتانی ئەوروپا بوون گەیشتووەتە میلۆنێک 500 هەزار کۆچبەر. لەنێویاندا 850 هەزاریان لەڕێگای دەریای سپی، لەنێوان تورکیا و یۆناندا کۆچبەر بوون. هەروەها 150 هەزاریان لەڕێگای کەناراوەکانی لیبیاوە خۆیان گەیاندووەتە ئیتالیا.

## کۆچبەرانی ڕۆژئاوای کوردستان

ژمارەی ئەوانەی لە ڕۆژئاوای کوردستانەوە کۆچبەر بوون، یان ئەو کەسانەی لەوێ ماونەتەوە 100% نادیارە، بەتایبەت ئێستا. بەپێی زانیارییەکان نزیکەی 50 بۆ 60%ی ئاوارەکانی نێوخۆی سووریا ڕوویان لە شارەکانی ڕۆژئاوای کوردستان کردووە. ژمارەیەکی زۆریش لە کوردی ڕۆژئاوای کوردستان زێدی خۆیان جێهێشتووە، لەوانە 244 هەزار کەسیان لە هەرێمی کوردستان گیرساونەتەوە. لەو ژمارەیەش 94 هەزار کەس لەنێو کەمپەکاندان و 150 هەزاریش لە دەرەوەی کەمپەکان دەژین.

### ژمارەی پەنابەرانی سووری 5 ملیۆن کەسی تێپەڕاندووە

بۆ یەکەمجار لە ماوەی 6 ساڵ شەڕی نێوخۆیی سووریا، ژمارەی ئەو کەسانەی لە ترسی شەڕی نێوخۆیی لەو وڵاتە رایانکردووە گەیشتووەتە سەرووی 5 ملیۆن کەس.




# ناسنامە و ڕەگەزنامە لە ملیۆنان سووری وەردەگیرێتەوە؟

**پەرلەمانتارێکی سووری: گۆڕینی ناسنامەی باری کەسی ئەسڵ و ئەساسی نییە**

**باڵیۆزی ئیئتیلافی سووری لە قەتەر: پلانەکەی دیمەشق بە واتای بێبەشکردنی 10 ملیۆن سوورییە لە ڕەگەزنامە**

دڵخواز بەهلەوی
ڕووداو- هەولێر

حکومەتی سووریا بڕیاری داوە ناسنامە و ڕەگەزنامەی نوێ بداتە هاووڵاتیانی، هەر کەسێکیش لەکاتی دەرهێنانی ناسنامە و ڕەگەزنامە لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی ئامادە نەبێت، ناسنامە و ڕەگەزنامەی سووریی لێوەردەگیرێتەوە و وەکو بیانییەکی ئەو وڵاتە تۆمار دەکرێ.

یەکەم گۆڕانکاری لە کارتی ناسنامەی سووری لە ساڵی 2004 کرا، ئەمەش دوای هێنانی سیستەمی زانیاری بۆ سووریا بەمەبەستی تۆمارکردنی تەواوی زانیاریی کەسی لە ناسنامەی نوێی سووریدا، کارتە کۆنەکە بە کارتێکی نوێ گۆڕا و تاوەکو ئێستاش کاری پێدەکرێت.

دوای دەرکەوتنی قەیرانی سووریا لە ساڵی 2011، بەشار ئەسەد مەرسوومی ژمارە 49ی دەرکرد بۆ پێدانی ڕەگەزنامەی سووری بەو کوردانەی لە سەرژمێریی ساڵی 1962دا لە سنووری پارێزگای حەسەکە، ناویان وەکو بیانی تۆمار کرابوو. ئەسەد وەزیری ناوخۆی سووریای ڕاسپارد بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بەمەبەستی جێبەجێکردنی ئەو مەرسومە.

بەپێی مەرسومی ژمارە 93ی ساڵی 1962، زیاتر لە 120 کورد، ناسنامەیان لێ سەندرایەوە کە دواتر بە بیانییەکانی حەسەکە ناسران. بیانووەکەش ئەوە بوو کە ئەو کەسانە بە ڕەچەڵەک خەڵکی سووریا نین و لە تورکیاوە هاتوون.

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، لە هەندێک ماڵپەری ئەلیکترۆنی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، هەواڵێک بڵاوبووەتەوە کە حکومەتی سووریا دەیەوێت گۆڕانکاری لە ناسنامەی سووری و کارتی تایبەتی سوورییەکاندا بکات، تێچووی ئەو پرۆسەیەش 28 ملیۆن دۆلارە. بەپێی هەواڵەکە، پەنابەر و ئاوارەکانی سووریا مافی ناسنامەی کەسییان لێوەردەگیرێتەوە، هەروەها ڕەگەزنامەشیان لێوەردەگرێتەوە.

هەرچەندە هەواڵی گۆڕینی ناسنامەی سووری زۆربەی ماڵپەڕ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تەنیوە، بە تایبەتی ئەو ماڵپەڕانەی سەر بە ئۆپۆزیسیۆنن، بەڵام بەرپرسانی سەر بە ڕژێمی سووریا ئەو هەواڵە ڕەتدەکەنەوە.

هەواڵی گۆڕینی ناسنامەی سووری کە لە ناوەڕاستی ئەم مانگەدا بڵاوبووەتەوە، زۆر بە زوویی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تەنی. ماڵپەڕی ئۆریەنت بڵاوی کردووەتەوە کە "ئەنجوومەنی گەلی سووریا بە کۆی دەنگ بڕیاری داوە بە گۆڕینی ناسنامەی سووری لە سەرەتای ساڵی 2018".

بەڵام ڕیاز تاووس، ئەندامی لیژنەی یاسایی و یاسادانان لە ئەنجوومەنی گەلی سووریا ئەو هەواڵانەی ڕەتکردەوە و بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو هەواڵە هیچ بنەمایەکی ڕاستی نییە، هیچ پرۆژە یاسایەک لە ئەنجوومەنی گەل نییە بۆ گۆڕینی ناسنامەی کەسی و حکومەتی سووریا بە نیاز نییە لە ڕۆژانی داهاتوودا گۆڕانکاری لە پسولەی کەسی بکات".

ڕیاز تاووس پێیوایە، "ئەو بانگەشانە دوای ئەو سەرکەوتنانە دێت کە سوپای سووریا لەسەر زەوی تۆماری کردوون، ئەو هەواڵەش لە چوارچێوەی پرۆسەی تیرۆری هاووڵاتیان و جەنگی دەروونییە لەلایەن هەندێک لایەنەوە".

گوتیشی کە ئۆپۆزیسیۆن ئەو جۆرە هەواڵانە "بە ئامانجی شاردنەوەی شکستی سیاسی و سەربازیی خۆیان بڵاودەکەنەوە".

هەر بەپێی زانیارییەکانی ماڵپەڕی ئۆریەنت، ڕێگە بە هیچ سوورییەک نادرێ لەڕێگەی باڵیۆزخانە و کونسوڵخانەکانی سووریا لە وڵاتان ناسنامە نوێ بکەنەوە و دەبێ لە ناوخۆی وڵات ناسنامە نوێ بکەنەوە.

نزار حراکی، باڵیۆزی ئیئتیلافی سووری لە قەتەر بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ڕژێمی سووریا هێڵی سووری نییە، لە سایەی بێدەنگیی جیهان دەتوانێت هەرچییەکی بوێت بیکات، ئەمە سادەترین تاوانە کە ڕژێم لە دژی گەلی سووریا بیکات".

نزار حراکی پێیوایە "ڕژێم توانایەکی گەورەی هەیە لە فێڵکردن لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، وەک شەیتان وایە، هەرچییەکی بوێت دەیکات و دەتوانێت لە گەمارۆی ئابووری، سیاسی و یاسایی خۆی دەرباز بکات کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەسەریدا سەپاندووە".

لە بارەی نیازی حکومەتی سووریا بۆ نوێکردنەوەی کارت و ناسنامە، نزار حراکی گوتی "زیاتر لە دە ملیۆن پەنابەر و ئاوارەی سووری هەن، ئەو پلانە واتای بێبەشکردنی 10 ملیۆن سوورییە لە ڕەگەزنامە، لەولاشەوە گۆڕینی دیمۆگرافی لە سووریا ڕوویداوە و ڕەزگەنامە بە ئێرانی، ئەفغانی و هەموو ئەو چەکدارانە دراوە کە لەگەڵ ڕژێمی تاوانبار شەڕ دەکەن، بۆیە ڕژێم دەتوانێت ناسنامەی سووری بگۆڕێت، چونکە کەس نییە لێپرسینەوەی لەگەڵ بکات".

ئەو بەرپرسەی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا باسی ئامانجێکی دیکەی ڕژێمی سووریا لەو کارە دەکات کە پەیوەندی بە باری داراییەوە هەیە.

حەراکی دەڵێت "ئێستا حکومەتی سووریا بۆ نوێکردنەوەی پاسپۆرت لە دۆخێکی ئاساییدا 400 دۆلار لە هاووڵاتییەکی سووری وەردەگرێ، بەڵام ئەگەر بیەوێت بە خێرایی نوێی بکاتەوە، ئەوا پێویستە 800 دۆلار بدات، ئەگەر 5 ملیۆن سووری لانیکەم پێویستی بە نوێکردنەوەی پاسپۆرت بێت، ئەوا ڕژێم دەیان ملیار دۆلاری دەستدەکەوێت".

ئۆپۆزیسیۆنی سووری گومانیان لەو هەنگاوەی حکومەتی سووریا هەیە و پێیانوایە ئامانجی سیاسی لە پشت ئەو کارەی حکومەتە و هەوڵێکە بۆ پێدانی ناسنامەی سووری بەو میلیشیا شیعە عێراقی و ئێرانی و ئەفغانییەی کە شەڕ بۆ حکومەتی سووریا دەکەن، هەروەها بێبەشکردنی ئەو سووریانەی نەیاری ڕژێمن و ئێستا لە دەرەوەی وڵاتن.

تەندروستی لە ڕەمەزان

# ڕەمەزان.. دەرفەتێک بۆ وازهێنان لە جگەرە

ڕووداو– NHS

(ئیسلام داوات لێناکات زیان بە خۆت بگەیەنیت بەهۆی ڕۆژووگرتنەوە)

چەند پرسیارێک هەن لە ڕەمەزاندا زۆر دووبارە دەکرێنەوە، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی وەڵامی ئەو پرسیارانەی لە شارەزایانەوە وەرگرتووە

**پرسیار: ئەگەر کەسێک شەکرەی هەبێ دەتوانێ بەڕۆژوو بێت؟**

**وەڵام:** ئەو کەسانەی شەکرەیان هەیە و کۆنترۆڵیان کردووە، ئیدی بە هۆی دەرمانەوە بێت یان جۆری خۆراکەوە، دەتوانن بەڕۆژوو بن. لەو کاتەدا لەوانەیە پزیشک کاتی وەرگرتنی دەرمانەکەیان بۆ بگۆڕێت، بەڵام ئەو کەسانەی پێویستیان بە ئەنسۆلینە بۆ کۆنترۆڵکردنی شەکر لە خوێنیاندا، نابێت بەڕۆژوو بن.

**پرسیار: تووشی لاسەرئێشە دەبم کاتێک ناخۆم، کە بەڕۆژوو دەبم خراپتر دەبم، چی بکەم؟**

**وەڵام:** ئەو کەسانەی لاسەرئێشە (شەقیقە)ی کۆنترۆڵنەکراویان هەیە، پێویستە بە ڕۆژوو نەبن، هەرچەندە ئەگەر ئەو کەسە دەرمانی ڕاست و دروست بەکاربهێنێت دەتوانێ ئازارەکەی کۆنترۆڵ بکات، لەو بارەیەشەوە پێویستە ڕاوێژ بە پزیشک بکرێت.

**پرسیار: ئایا ئەوانەی بەرزی یان نزمیی گوشاری خوێنیان هەیە دەتوانن بە ڕۆژوو بن؟**

**وەڵام:** ئەوانەی کێشەی بەرزیی گوشاری خوێنیان هەیە و کۆنترۆڵیان کردووە دەتوانن بە ڕۆژوو بن، لەو کاتانەدا پزیشک کاتی وەرگرتنی دەرمانەکانیان بۆ دەخاتە دەرەوەی کاتی بەڕۆژووبوون. ئەگەر کەسێک کێشەی نزمیی گوشاری خوێنی هەبوو، دەتوانێت بەڕۆژوو بێت، بە مەرجێک پێداویستی لەشی لە شلەمەنی و خوێکان وەربگرێت.

**پرسیار: ئایا ڕۆژوو زیان بە ژنێک دەگەیەنێ کە پێشبینی دووگیانبوون دەکات؟ ئایا ژنی دووگیان دەتوانێ بە ڕۆژوو بێت؟**

**وەڵام:** چەند بەڵگەیەکی پزیشکی هەیە نیشانیدەدەن بەڕۆژووبوون بۆ ژنی دووگیان بیرۆکەیەکی باش نییە، بەڵام ئەگەر ژنێک هەستی کرد بەهێز و تەندروستە، دەتوانێ بە ڕۆژوو بێت، بە تایبەتی لە سێ مانگی یەکەمی دووگیانیدا.

ئەگەر ژنێکی دووگیان هەستی کرد بەهۆی ڕۆژووەوە تەندروستی تێکدەچێت، شەریعەتی ئیسلام، بە ڕوونی ڕێگەی پێدەدات بە ڕۆژوو نەبێت، دەتوانێت دواتر ڕۆژووەکان بگرێتەوە، ئەگەر نەیتوانی ئەوەش بکات، ئەوا دەتوانێ فیدیەی ڕۆژە فەوتاوەکان بدات.

**پرسیار: ئایا ڕەمەزان کاتێکی باشە بۆ وازهێنان لە جگەرە؟**

**وەڵام:** بەڵێ، جگەرە زیان بە تەندروستی دەگەیەنێت، ڕەمەزان هەلێکی بێوێنەیە بۆ وازهێنان لەو خووە خراپە.

**پرسیار: لە چ تەمەنێکەوە منداڵ دەتوانێ بە ڕۆژوو بێت؟**

**وەڵام:** منداڵان داوایان لێکراوە لە تەمەنی دوای باڵغبوونەوە بەڕۆژوو بن، لەو کاتەدا زیان ناگەیەنێت، ڕۆژووگرتن لە پێش ئەو تەمەنەدا پەیوەندی هەیە بە شێوازی بیرکردنەوەی باوان و تەندروستیی گشتیی منداڵەکەوە. ڕۆژووگرتنی منداڵان لە خوار تەمەنی حەوت یان هەشت ساڵەوە باش نییە، ڕۆژووگرتن بۆ چەند کاژێرێک بیرۆکەیەکی باش دەبێت بۆ هۆشیارکردنەوەی منداڵان دەربارەی ڕۆژوو، هەروەها ڕاهێنانیان.



(فۆتۆ: ڕووداو)

**پرسیار: ئەوانەی ڕەبوویان هەیە دەتوانن دەرمان بەکاربهێنن؟**

**وەڵام:** بەکارهێنانی سپرای ڕەبو، وەک خواردن و خواردنەوە نییە و ڕێگەپێدراوە، ئەو کەسانەی ڕەبوویان هەیە دەتوانن بەڕۆژوو بن و سپراکەشیان بەکاربهێنن.

**پرسیار: ئایا کەسێک دەتوانێت بە ڕۆژوو بێت، ئەگەر خوێن وەرگرێت لە نەخۆشخانە؟**

**وەڵام:** نەخێر، ئەگەر کەسێک خوێنی تێبکرێت، ئامۆژگاری دەکرێت بە ڕۆژوو نەبێت.

**پرسیار: من دەرمانی ڕۆژانەم هەیە دەتوانم بە ڕۆژوو بم؟**

**وەڵام:** ئەگەر پێویست بوو دەرمانەکەت لە کاتی ڕۆژووەکەدا وەربگریت، ئەوا نابێت بە ڕۆژوو بیت، ئەگەر دەرمانەکە بۆ نەخۆشییەکی کورتخایەن بوو، دەتوانی دواتر قەرەبووی ڕۆژووەکانت بکەیتەوە دوای چاکبوونەوەت. ئەگەر نەخۆشییەکەت درێژخایەن بوو، دەبێت پزیشکەکەت بۆت دیاری بکات کە ئایا دەتوانی بەکارهێنانی دەرمانەکە بخەیتە دوای کاتەکانی بە ڕۆژوو بوون. ئەگەر دۆخی نەخۆشییەکەت جێگیر نەبوو، بە ڕۆژوو مەبە.

**پرسیار: ئایا ژنی شیردەر ڕۆژووی لەسەرە؟**

**وەڵام:** نەخێر، ئەو ژنەی شیر دەدات بە منداڵ پێویست ناکات بەڕۆژوو بێت.

**پرسیار: دەرزی ڕۆژوو دەشکێنێ؟**

**وەڵام:** دەرزی و قەترەی چاو و گوێ ڕۆژوو ناشکێنن ئەگەر ماددەی خۆراکییان تێدا نەبێت.

**پرسیار: ئەگەر تووشی وشکبوونەوە بوویت دەتوانی ڕۆژوو بشکێنیت؟**

**وەڵام:** بەڵێ، ئەگەر تووشی وشکبوونەوەی توندبوویت، لەوانەیە هۆکارەکەی وەرنەگرتنی شلەمەنی تەواو بێت لە پێش ڕۆژووەکەدا، وشکبوونەوەی ئاسایی خراپتر دەبێت بەهۆی کەشی گەرمەوە، یان چالاکی جۆراوجۆرەوە.

ئەگەر میزت نەما، یان زۆر کەمبووەوە، تووشی نزیک لە بێهۆشبوون هاتیت و شتەکانت تێکەڵ کرد لە کاتی بینیندا، یان لەهۆش خۆت چوویت، دەبێ ڕۆژووەکە بوەستێنی و شلەمەنی بخۆیتەوە، ئیسلام داوات لێناکات زیان بە خۆت بگەیەنی بەهۆی بەڕۆژووبوونەوە، ئەگەر ڕۆژووەکەت شکاند، دەتوانی دواتر قەرەبووی بکەیتەوە.

## ئیگزیمای پێستی منداڵ چییە؟



د. پشدەر عەبدوڵڵا ئیسماعیل*

بریتییە لە نەخۆشییەکی درێژخایەنی پێست لە ئەنجامی وشکبوونەوە و سووربوونەوە و خورانێکی زۆری پێست کە بەپێی تەمەن شوێنی نەخۆشییەکە لەسەر پێستی نەخۆشەکە لەوانەیە بگۆڕێت، بەڵام لە منداڵی بچووکدا بەهیچ شێوەیەک لە ناوچەی دایبی دەرناکەوێت.

ئیگزیما کە لە کوردەواریدا هەندێکجار پێیدەگوترێ (وشکە بیرۆ)، زۆرتر لەو منداڵانەدا دەردەکەوێت کە لە خێزانەکانیاندا حاڵەتی هەستەوەری (حەساسیەت) هەبێت وەک ئیگزیما، ڕەبۆ یان هەر حاڵەتێکی هەستەوەریی پێست یان کۆئەندامی هەناسە.

پێدەچێت نەخۆشییەکە بەهۆی کێشە لە دروستبوونی یەکێک لە پرۆتینەکانی پێستەوە بێت کە پێیدەگوترێ فیلاگرین.

هەرچەندە نەخۆشییەکە درێژخایەنە و بەپێی کات زیاد و کەم دەکات، بەڵام بەشێکی بەرچاو لەو منداڵانەی نەخۆشییەکەیان هەیە، لەگەڵ گەورەبوون نەخۆشییەکەیان نامێنێت. بۆ دڵنیابوون لە دیاریکردنی نەخۆشییەکە لە منداڵاندا، دەبێت سەردانی پزیشکی منداڵان بکەیت.

### چارەسەرکردن:

هەندێک دەرمان و کرێمی نەرمکەرەوە و شێدارکردنی پێست هەیە کە پێویستە پزیشک بۆ منداڵەکەتی بنووسێت. تکایە لە خۆتەوە هیچ دەرمانێک بۆ منداڵ بەکارنەهێنی، چونکە هەڵە لە پێدانی بڕ و جۆری دەرمانەکە، ژیانی منداڵەکەت دەخاتە مەترسییەوە.

### ئەو زانیارییانەی کە دایک و باوک زۆر گرنگە بیزانن بۆ ڕێگەگرتن لە ئیگزیما:

1– نابێ زوو زوو منداڵەکەت بشۆی.
2– مانەوەی منداڵ لە گەرماو لە 10 خولەک زیاتر نەبێ.
3– زوو زوو کرێمی شێدارکردن و نەرمکەرەوەی پێست بەگوێرەی ڕێنمایی پزیشک بەکاربهێنە، بە تایبەتی دوای شووشتنی منداڵەکەت.
4– شووشتن بە ئاوی شیلەتێن و نابێت زۆر گەرم بێت.
5– زۆر بە کەمی سابوون بەکاربێنە.
6– بۆن و موعەتەر و هەموو ئەو شتانەی کە خورانی پێست زیاد دەکەن بۆ منداڵێک کە ئیگزیمای هەبێت بەکارمەهێنە.
7– نابێت جلەکانی خوری بێت یان فایبەری زۆر بێت، ئەگەر لۆکە بێ باشترە.
8– ئەو خواردنانەی مەدەرێ یان زۆر کەم بیدەرێ کە هەستەوەریی زۆر دروست دەکەن وەکو هێلکە و گوێز.
9– ئەگەر منداڵەکە لەکاتی ئیشکردنی ڕۆژانەی دەستی زۆر خستە ناو ئاوەوە، ئەوە پێویست دەکات کە دەستکێشی بۆ لەدەست بکەیت.
10– هەوڵ بدە نەهێڵی ئارەقەی زۆر بکاتەوە.
11 – پێویستە ئامێری شێدارکردنەوە بەکاربهێنیت لەماڵەوە، بەتایبەتی ئەگەر لە وەرزی زستاندا ئامێری گەرمکەرەوەکە هەوای ماڵەوەی وشک کردبووەوە یان لە وەرزی هاویندا ئامێری فێنککەرەوەکە شێداریی ماڵەکەتی کەم کردبووەوە.
12– شوێنی خەوتنی منداڵەکە پێویستە فێنک بێت، چونکە ئارەقەکردنەوە خوران و ئیگزیماکە خراپتر دەکات.

***پزیشکی پسپۆڕی نەخۆشییەکانی منداڵان**

## سوود و زیانەکانی بە ڕۆژووبوون

ڕۆژوو جگە لە لایەنە ڕۆحییەکەی کە موسوڵمانان بە گرتنی ئاسوودە دەبن، لە هەمانکاتدا سوود و زیانیشی هەیە.

### لایەنە باشەکانی ڕۆژووگرتن

– دوای 8 کاژێر لە نەخواردن، جەستە دەچێتە باری برسیبوونەوە
– لە باری برسیبووندا ئیدی جەستە لە ریخۆڵەدا خۆراکی پێویستی نەماوە هەڵیبمژێ.
– نەمانی خۆراک لە ریخۆڵە، هانی جەستە دەدات سوود لە شەکری هەڵگیراوی نێو جگەر و ماسولکەکان وەربگرێ.
– دوای کەمبوونەوەی شەکری هەڵگیراو، جەستە پەنا بۆ چەوریی هەڵگیراو دەبات و دەیانسووتێنێ وەک سەرچاوەیەک بۆ وزە، ئەوەش گرنگە بۆ دابەزاندنی کێش.
– ئەو کاتانەی ڕۆژوو چەند ڕۆژێک دەخایەنێ، جەستە بیر لە تێکشکاندنی ماسولکەکان و وەرگرتنی پرۆتینەکەیان دەکاتەوە وەک سەرچاوەیەکی وزە. هەواڵە خۆشەکە ئەوەیە ڕۆژووی ڕەمەزان کەمتر لە ڕۆژێک دەخایێنێ و ئەو مەترسییە دروست ناکات.
– ڕۆژووی ڕەمەزان وا دەکات جەستە ئەو خۆراکانە بەکاربهێنێت کە دەمێکە لە شێوەی شەکر و چەوریدا لە جگەر و ژێر پێستدا هەڵیگرتوون. هەروەها چەندین ژەهر و ماددەی زیانبەخشیش لەکاتی بەڕۆژووبووندا فڕێ دەدرێنە دەرەوە.
– ڕۆژوو دەروون ئارام دەکاتەوە، لایەنی ڕۆحی بەسەر لایەنی جەستەییدا زاڵ دەبێت و زیاتر لە جاران خێزانەکان لەسەر سفرە کۆدەبنەوە، ئەوە جگە لە چەندین کەشی کۆمەڵایەتی دیکە.
– توێژینەوەکان دەریانخستووە ڕۆژوو ئاستی چەورییە زیانبەخشەکانی خوێن ڕێکدەخات.
– ڕۆژوو بۆ زاڵبوون بەسەر ئالوودەبوون گرنگە. جگەرەکێشان بۆ ماوەی 16 کاژێری بەڕۆژووبوون، ڕێگاکەت بۆ کورت دەکاتەوە کە لە 8 کاژێرەکەی دیکەش بەسەر حەزی کێشانی جگەرەدا زاڵ ببیت.

– هەلێکی زێڕینە بۆ ڕێکخستنی کێش: بۆ ئەوەی کێش دابەزێت، دەبێت بەشێوازێکی تەندروستانە و لەسەر ڕێنمایی زانستیەکان ڕۆژوو بگریت، توێژینەوەکان دەڵێن 50-60%ی ئەوانەی بەڕۆژوون، هیچ گۆڕانکارییەک لە کێشیاندا ڕوونادات، چونکە پابەندی ڕێنماییەکانی پزیشکان نابن سەبارەت بە ڕۆژووی دروست.

### لایەنە خراپەکانی ڕۆژووگرتن

**1**



**دڵەکزێ:** لەکاتی ڕۆژووگرتندا، بەهۆی نەخواردنی خۆراکەوە ترشی ناو گەدە دادەبەزێت، چونکە ئەرکی ئەو ترشییە هەرسکردنی خۆراکە، بەڵام کاتێک کەسی بەڕۆژوو بۆنی خواردنێک دەکات، مێشک پەیام بۆ گەدە دەنێرێت بۆ ئەوەی ترشی دەربدات. ئەمەش ئازاری گەدە (دڵەکزێ) دروست دەکات. بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمە، ئەو حەبانەی پێش ڕەمەزان بۆ دڵەکزێ بەکارتان دەهێنان، لە پارشێوان و کاتی بەربانگدا بەکاریبهێنە. هەروەها پارشێوان دووربکەونەوە لە زۆرخۆری و خواردنی چەور و سوورەوەکراو و پڕ بەهارات.

**2**



**لەدەستچوونی کۆنترۆڵی شەکرە:** ئەو کەسانەی بەردەوام دەرزیی ئینسۆلین بەکاردێنن بۆ کۆنترۆڵکردنی شەکرەکەیان، باشترە ڕۆژوو نەگرن. ئەوانەش کە بە حەب کۆنترۆڵیان کردووە، دەبێت بە وردی لەسەر ڕێنمایی پزیشکەکەیان بڕۆن لەکاتی بەڕۆژووبووندا. مەترسیی گەورەی شەکرە لەکاتی ڕۆژوودا بریتییە لە دابەزینی کە دەبێتە هۆی گێژبوون و بوورانەوە و تەنانەت مردنیش، ئەگەر زوو چارە نەکرێت.

**3**

**سەرئێشە:** کەمبوونەوەی شلەی لەش، برسێتی، پشوونەدان و نەمانی ماددە ئاڵوودەکەرەکانی وەک نیکۆتین و کافاین. بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سەرئێشەی ڕەمەزان، پارشێو ژەمێکی باڵانس بخۆ و بڕی پێویستی شلەمەنی بخۆرەوە و دەرمانی دژە ئازاری وەک پاراسیتامۆڵ بەکاربهێنە. لە ڕۆژیشدا خۆت دوور بگرە لە بەرکەوتنی ڕاستەوخۆی تیشکی خۆر، چاویلکەی دژەخۆر بەکاربهێنە.



**4**

**وشکبوونەوە:** کاتێک بەڕۆژوویت، جەستەت بەردەوام شلە و خوێیەکان لەدەستدەدات بێ ئەوەی وەریانبگرێتەوە، ئەویش لەڕێگای میزکردن و ئارەقەکردنەوە و هەناسەدانەوە. ئەمە بۆ کەسانی بەتەمەن سەختترە، هەروەها ئەوانەش کە دەرمانی میز پێکەر بەکاردێنن. گێژبوونی زۆر و بوورانەوە بەهۆی وشکبوونەوەوە مەترسیدارە و دەبێت خێرا ئەو شلەمەنییانە بخۆیتەوە کە ئاو و شەکر و خوێیەکانیان تێدایە وەکوو جۆرە جیاوازەکانی شەربەت. کاتێک کەسێک بەهۆی وشکبوونەوەوە دەبوورێتەوە، دەبێت قاچەکانی بەرز بکرێنەوە تا بەهۆش دێتەوە و خێرا شلەمەنی پێبدرێت.



**5**



**قەبزی:** بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمە، لەماوەی ڕۆژوو شکاندندا بڕێکی باشی شلەمەنی و سەوزە و میوە و پاقلەمەنی بەکاربهێنە.

**6**

**گوشاری دەروونی:** بەهۆی برسێتی و تینوێتی و تێکچوونی ڕیتمی خەو و ماندووبوونەوە دروست دەبێت. لە شێوەی تووڕەیی و نائارامیی خۆی دەنوێنێ. دەکرێ بەشداری بەکۆمەڵی مەراسیمە ڕۆحی و ئیمانییەکان و سازدانی بەربانگی جیاواز بۆ ئەندامانی خێزانێک یان زیاتر بکرێتە ڕێگەیەکی کارا بۆ ئارامکردنەوەی دەروون و ڕەواندنەوەی گوشارەکان.



**7**

**قەڵەویوون:** خواردنی ژەمی قورس و بڕی زۆر، وادەکات ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵکی لە ڕەمەزاندا نەک کێشیان کەم نەکات، بەڵکو زیادیش بکات. بۆیە دەبێت ئەو کەسەی بەڕۆژووە کوالیتی دوو ژەمەکەی (پارشێو و بەربانگ) باش بکات بە خواردنی خۆراکی پڕ پرۆتین و ڤیتامین و شلەمەنی، نەک بڕێکی زۆری چەوری و شیرینیی دەستکرد بخوات.



# ئایا قاعیدە و داعش دەتوانن یەکبگرنەوە؟




"ئایدیۆلۆژیا و سیاسەت تاکە پاڵنەری گرووپ و هێرشە تیرۆریستییەکان نین. بەڵکو هەندێکجار (پێویستیی دارایی) هاندەری گرووپەکانە"

**ڕووداو- هەولێر**

ناوەندی ئەمریکیی ستراتفۆر لە ڕاپۆرتێکدا باسی هۆکارە بنەڕەتییەکانی سەرهەڵدانی گرووپە تیرۆریستەکان دەکات. ڕاپۆرتەکە کە لە سێ بەش پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا باسی ڕۆڵی ئایدیۆلۆژیا و تیۆری لەکاری ئەو گرووپانەدا دەکات. بەشی دووەمی تایبەتە بە گۆڕانکارییە سیاسی و ئابوورییەکانی جیهان کە کاریگەری لەسەر دینامیکی سەرهەڵدان و گەشەکردنی ئەو ڕێکخراوانە دادەنێ و لە دوابەشیشدا باسی ڕێگەکانی وەستاندنی تیرۆر یان کەمکردنەوەی کاریگەریی هێرشە تیرۆریستییەکان دەکات.

## ئایدیۆلۆژیا و تیرۆریزم

بۆ ئەم ڕاپۆرتە، ناوەندی ستراتفۆر تیرۆریزم بەو شێوەیە پێناسە دەکات: "بەکارهێنانی توندوتیژی بۆ مەبەستێکی سیاسی"، هەر بۆیە ڕێکخراوەکان لە پێناوی خودی تیرۆردا دەست بۆ تیرۆر نابەن، بەڵکو تیرۆر ئامرازێکە لە خزمەت ئامانجێکی گەورەتردا. ئامانجەکەش دەکرێ دروستکردنی بەهەشت بێ بۆ کرێکاران، پێدانی مافی یەکسان بە مرۆڤ و یان دروستکردنی خەلافەتێکی جیهانی بێت.

بەڵام مەرج نییە هەموو گرووپێکی سیاسی لە ئاستی ئەو ئایدیۆلۆژییە توندئاژۆیە ڕازی بێت و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی دەست بۆ تیرۆر بەرێ. ستراتفۆر نموونەی ئیخوان موسلمین دەهێنێتەوە کە لە ئاستی گوتار و ئامانجدا توندئاژۆیە، بەڵام هەمیشە جەخت لە کارکردن لەناو سیستەمی سیاسی و بەکارهێنانی ئامرازە ناتوندوتیژەکان دەکاتەوە. ئەم ڕێچکەیە لە دوای لەکارلادانی محەممەد مورسی، سەرۆکی پێشووی میسریشەوە هەر بەردەوام بووە.

ڕاپۆرتەکە ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە هەندێک لەو گرووپانەی ئیلهامیان لە ئیخوان موسلمین وەرگرتووە یان لەو گرووپە جیابوونەتەوە، پشتگیری لە بەکارهێنانی توندوتیژی دەکەن، لەوانەش بزووتنەوەی حەماس و ئەو گەنجانەی بەهۆی دژایەتییان لەگەڵ سیاسەتی نەرمی ئیخوان لە گرووپەکە جیابوونەتەوە.

هەندێجار ڕاگەیەندراو یان دروشمی ڕێکخراوەکانیش ئاشکرای دەکات کە ئایا ڕێکخراوەکە دەیەوێ پەنا بۆ تیرۆر بەرێت و لەسەر چ ئاستێک دەیەوێ ئەمە بکات؟ ڕاپۆرتەکە نموونەی ئەلقاعیدەی عێراق دەهێنێتەوە لە گۆڕینی ناوی ڕێکخراوەکەدا بۆ دەوڵەتی ئیسلامیی عێراق و دواتر دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام، کە ئەمە ئاماژەیەکی زەقە بۆ ئەوەی ڕێکخراوەکە دەیەوێ لەسەر ئاستێکی فراوانتر سیاسەتی خۆی جێبەجێ بکات. بۆیە ڕاگەیاندنی "خەلافەتی جیهانی" لەلایەن داعشەوە ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ ئەوەی "هێرشەکانی ئەو ڕێکخراوە لەسەر ئاستێکی جیهانی زیاتر دەبێ".

وەک ڕاپۆرتەکەی ناوەندی ستراتفۆر دەڵێت، ئایدیۆلۆژیای گرووپەکان کاریگەری لەسەر هەڵبژاردنی ئامانجی هێرشەکانیش هەیە. بۆ نموونە گرووپە مارکسیست و ئانارشییەکان "شوێنە پیشەسازی و حکومییەکان دەکەنە ئامانج، نەک خەڵکی مەدەنی، چونکە ئەوان خەڵکی مەدەنی بە چەوساوەی دەستی حکومەتەکان دەزانن". بەڵام دەشکرێ جیاوازیی گەورە لە نێوان دوو ئایدیۆلۆژیای ناو هەمان بزووتنەوەدا هەبێ، وەکوو چۆن جیاوازییەکی زەق لە نێوان قاعیدە و داعشدا هەیە، ئەو جیاوازییەش تەنیا "ئامانجی هێرشەکان ناگرێتەوە، بەڵکو ئەوان لە شێوازی جێبەجێکردنی هێرشەکانیشدا جیاوازن". بۆیە ستراتفۆر بەدووری دەزانێ قاعیدە و داعش یەکبگرنەوە.

## تیۆری تیرۆریزم

بەپێی ڕاپۆرتەکە، جیاوازیی زەقی نێوان ئەلقاعیدەی ناوەندی و ئەلقاعیدەی عێراق ئەو ڕاستییە دەردەخات کە "جیهادیزم ڕێکخراوێک نییە پلەبەندی دەسەڵاتی تێدا بێت، بەڵکو بزووتنەوەیە"، بۆیەش بزووتنەوە نەک هەر دەتوانێ لە زۆربەی حاڵەتەکاندا وەکوو بزووتنەوەیەکی بێ سەرکردە درێژە بەخۆی بدات، بەڵکو مەودای هەڕەشەکانی فراوانتر دەبێتەوە، لەبەر ئەوەی لەو حاڵەتەدا بزووتنەوەکە لە کۆمەڵێک "گورگی تەنیا" و شانەی بچووک پێکدێت کە هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ سەرکردایەتی ناوەندیدا نییە. ڕاپۆرتەکە نموونەی تیۆرەکەی ئەبو موسعەب ئەلسووری، سەرکردەی قاعیدە لە 2004 دەهێنێتەوە کە پێیوابوو دەبێ پەرە بە بزووتنەوە و هێرشی بێ سەرکردە بدرێ. لە 2009ش قاعیدەی نیمچەدوورگەی عەرەبی هانی جیهادییەکانی نیشتەجێی ڕۆژئاوای دابوو بۆ هێرشکردن چاوەڕێی فەرمانی سەرکردایەتیی قاعیدە نەبن، بۆ ئەو هێرشانەش دەتوانن کەڵک لە ئامرازەکانی بەردەستیان وەربگرن.

ڕاپۆرتەکە پێیوایە ئەم جۆرە هێرشانە کە سەرەتاکەیان بۆ نووسینەکانی ئەلسووری دەگەڕێتەوە، هەرچەندە کۆنترۆڵکردنیان سەختە، بەڵام نیشانەی لاوازبوونی ڕێکخراوەکانە لەوەی هێرشی ڕێکخراو و بەرفراوان بکەن.

## تیرۆر وەکوو ئامرازێکی سیاسی

لەو بەشەی ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، گۆڕانی سیاسی کە هەڕەشە لە گرووپێکی دیاریکراو بکات، ڕۆڵی دەبێ لەوەی گرووپەکە ئیقاع یان تەرکیزی چالاکییەکانی بگۆڕێت، لەو حاڵەتەشدا هێرشی تیرۆریستی ڕۆڵی ئامرازێکی سیاسی دەگێڕێت، بۆ ئەوەی گۆڕانەکە ڕابگرێ یان خاوی بکاتەوە، بۆ ئەمەش ڕاپۆرتەکە نموونەی کودێتاکەی 2013ی میسر و لەسەر کارلادانی مورسی و دواتریش پێکهاتنی بزووتنەوەی جیهادیی حەسام دەهێنێتەوە.

هەڵبەت مەرج نییە گۆڕانە سیاسی و ئەمنییەکان هەمووکات دژی گرووپێک بن بۆ ئەوەی گرووپەکە پەرە بە هێرشەکانی و سیاسەتە توندڕەوەکانی بدات، بەڵکو هەندێکجار گۆڕانەکان یارمەتیدەرن و هەر ئەوەش وادەکات گرووپەکان زیاتر پشت بە توندوتیژی ببەستن. بۆ ئەم مەبەستەش دەکرێ ئاماژە بۆ بەهاری عەرەبی و دروستبوونی بۆشایی ئەمنی و سیاسی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا بکرێ کە بوون بە زەمینەی فراوانبوونەوەی پانتایی چالاکی و کارکردنی ڕێکخراو و گرووپە جیهادییەکان.

## پارە و پڕکردنی گیرفان

ڕاپۆرتەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئایدیۆلۆژیا و سیاسەت تاکە پاڵنەری گرووپ و هێرشە تیرۆریستییەکان نین. بەڵکو هەندێکجار "پێویستیی دارایی" هاندەری گرووپەکانە. ڕاپۆرتەکە نموونەی لیوای سووری ژاپۆن دەهێنێتەوە کە لە ساڵی 1986 کۆمەڵێک هێرشی لەدژی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا کرد، هێرشەکانیش لەسەر داوای لیبیا بوون، لەبەر ئەوەی هەمان ساڵ ئەمریکا ترابلوس، پایتەختی لیبیای بۆردومان کردبوو.

ڕاپۆرتەکە هەروەها نموونە بە فارکی کۆڵۆمبیا، بزووتنەوەی تاڵیبان و داعش دەهێنێتەوە کە بۆ پڕکردنی خەزێنەی خۆیان "پەنایان بۆ چاندن و قاچاخی مادەی هۆشبەر، ڕفاندنی خەڵک و تاڵانی شوێنەوارەکان بردووە".

## ڕێگەگرتن لە هێرشەکان

وەک ڕاپۆرتەکە دەڵێت، بۆ ڕێگەگرتن لە هێرشەکان دەبێ لەسەر دوو ئاست کار بکرێ، یەکەمیان تەکنیک و مادەی دروستکردنی بۆمب و کەلوپەلەکانی تەقینەوەیە. ڕێگەی دووەم بەرەنگاربوونەوەی تەکتیکی هێرشەکان و ئامانجەکانیانە. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، یەکێک لەو ڕێگایانەی حکومەتەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هێرشەکان گرتوویانەتە بەر، سنووردارکردنی فرۆشتن یان بەردەستبوونی ئەو مادە کیمیاویانەیە کە لەدروستکردنی بۆمبدا بەکاردەهێنرێن، لەوانەش نیترات ئامۆنیۆمە.

ستراتفۆر دەشڵێت گرووپە تیرۆریستییەکان بەردەوام ڕێگای نوێ دەدۆزنەوە بۆ ئەوەی ئەو مادە کیمیاویانە یان بۆمب لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە بگوازنەوە. حکومەتەکانیش هەوڵی بەدەستهێنانی تەکنەلۆژیای نوێی پشکنینی جانتاکان دەدەن، بۆ ئەوەی ئەو گرووپانە نەتوانن لە ڕێگەی فڕۆکەخانەکانەوە مادەی پێویست بۆ دروستکردنی بۆمب بگوازنەوە.

لە ئاستی تەکتیکی هێرشەکاندا، ناوەندە ئەمریکییەکە پێیوایە سەختبوونی گواستنەوەی بۆمب و مادە کیمیاییەکان وای کردووە هێرشبەرەکان هەر لە وڵاتەکەی خۆیان هێرش بکەن، یەکێک لە ئامانجەکانیش نێو تێرمیناڵی فڕۆکەخانەیە کە هێرشکردنە سەریان هێندەی تەقاندنەوەی فڕۆکەکان دەنگدانەوەی دەبێ.

# ترەمپ کێشەی گەورە بۆ ئیدارەی ئەمریکا دروست دەکات



ترەمپ زانیاریی نهێنی لەبارەی تیرۆریزم و ئاسایشی هێڵی ئاسمانی بە وەزیری دەرەوەی رووسیا داوە (فۆتۆ: AFP)

**ڕووداو- هەولێر**

وا دیارە گێروگرفت یەخەی ئیدارەی نوێی ئەمریکا بەرنادات، ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو ئاشکرابوو کە سەرۆکی ئەمریکا لە دوایین کۆبوونەوەی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی رووسیادا، زانیاری هەواڵگریی یەکجار نهێنی درکاندووە، زانیارییەکانیش پێشتر لە وڵاتێکی هاوپەیمانی ئەمریکاوە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ڕادەستی ئیدارەی کۆشکی سپی کرابوون.

هەواڵی ئاشکراکردنی زانیارییە نهێنییەکان یەکەمجار لە ڕۆژنامەی واشنتن پۆستی ئەمریکیدا بڵاوبووەوە. ڕاپۆرتەکە لەسەر زاری بەرپرسێکی ئامادەبووی کۆبوونەوەکە، ئاشکرای کرد کە دۆناڵد ترەمپ لەو کۆبوونەوەیەدا لەگەڵ سێرگی لاڤرۆڤ، وەزیری دەرەوەی رووسیا، زانیاریی نهێنی لەسەر پلانێکی پەیوەندیدار بە قەدەغەکردنی هێنانی لاپتۆپ لە وڵاتانی ئەوروپییەوە، بۆ رووسەکان درکاندووە.

ترەمپ هەر بەوەندە نەوەستاوە و ناوی ئەو شارەی ژێر دەسەڵاتی داعشیشی گوتووە کە دەزگای هەواڵگریی وڵاتە هاوپەیمانەکە زانیارییەکانی لێوە دەستخستووە. ڕۆژی دواتر ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز ئاشکرای کرد وڵاتە هاوپەیمانەکە ئیسرائیل بووە کە ترەمپ بڕیارە لە چوارچێوەی گەشتەکەیدا بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست سەردانی بکات.

پلانی سەردانەکەی لاڤرۆڤ بۆ ئەمریکا زۆر پێش پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی ڕۆژی دووی ئایاری ڤلادیمیر پوتین، سەرۆکی رووسیا و ترەمپ دانرابوو. سەرەتا بڕیار نەبوو لاڤرۆڤ سەردانی واشنتن بکات، بەڵکو لە فەیربەنکس، لە ویلایەتی ئەلاسکا لەگەڵ ڕێکس تیلەرسن، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کۆدەبووەوە.

بەپێی ڕاپۆرتەکەی واشنتن پۆست، لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا، پوتین باسی لە "بیرۆکەی نوێ"ی رووسیا کردبوو بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕی نێوخۆی سووریا و داواشی لە هاوتا ئەمریکییەکەی کردبوو لاڤرۆڤ ببینێت. ترەمپ داواکەی قەبووڵ کردبوو. هەشت ڕۆژ دوای ئەو پەیوەندییە تەلەفۆنییە ترەمپ لەگەڵ وەزیری دەرەوەی رووسیا کۆبووەوە و دواتریش کۆبوونەوەکەی بە "زۆر سەرکەوتوو" وەسفکرد.

کۆبوونەوەکە دوور لە چاوی میدیاکان بەڕێوەچوو، میدیاکاران مافی ئامادەبوون یان وێنەگرتنی کۆبوونەوەکەیان نەبوو. لایەنی رووسی و ئەمریکی پێشتر ڕێککەوتبوون کە لە هەر لایەنێک یەک فۆتۆگرافەری فەرمی وێنەی سەرەتای کۆبوونەوەکە بگرێ، وێنەکانیش بڵاونەکرێنەوە، بەڵام هەر زوو وێنەکانی فۆتۆگرافەرە رووسییەکە لە ئاژانسی تاس (TASS)ی سەر بە حکومەتی رووسیا بڵاوکرایەوە. دواتریش کۆشکی سپی ناچار بوو سێ وێنەی کۆبوونەوەکە بڵاوبکاتەوە. لە وێنەکانی ئاژانسە رووسییەکەدا هەردوو شاندەکە پێدەکەنن، لە وێنەکانی کۆشکی سپیدا کەشەکە فەرمی و جیدییە.

سووریا و ئۆکراینا لە سەرەوەی ئەجێندای کۆبوونەوەکە بوون. لە کۆبوونەوە ئاساییەکاندا، ئەرکی ڕایمۆن مەکمەستەر، ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی ترەمپە وردەکاری لەسەر زانیاری و بابەتەکانی نێو کۆبوونەوەکە بخاتە بەردەستی سەرۆک، لەو وردەکارییەشدا ئەوە ڕوون دەکرێتەوە کە کام زانیاری نهێنییە و هی درکاندن نییە.

وەکوو بەرپرسانی کۆشکی سپی بۆ (واشنتن پۆست) دواون، دیار نییە مەکمەستەر پێش کۆبوونەوە لەگەڵ لاڤرۆڤ ئەو وردەکارییەی بۆ ترەمپ ناردبێت.

## چی درکاندووە؟

ڕۆژی 2017/5/15 لە کاتی بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتەکەی (واشنتن پۆست)، ژەنەراڵ مەکمەستەر لە لێدوانێکی کورتدا بۆ ڕۆژنامەنووسەکان ڕایگەیاند کە درکاندنی زانیارییە هەستیارەکان بۆ رووسیا "ڕووینەداوە". ڕۆژێک دواتر مەکمەستەر جارێکی دیکە لەبەردەم میدیاکاراندا دەرکەوتەوە و ئەمجارەیان گوتی "گفتوگۆی سەرۆک (لەگەڵ شاندی رووسیا) تەواو لەجێی خۆی بوو".

هۆکاری ڕوونکردنەوەکەی مەکمەستەر ئەوە بوو کە ترەمپ لە تویتێکدا گوتبووی "وەکوو سەرۆک ویستم زانیاری لەگەڵ رووسەکان ئاڵوگۆڕ بکەم"، ترەمپ ئاشکراشی کرد کە زانیارییەکان پەیوەندییان بە تیرۆریزم و ئاسایشی هێڵی ئاسمانییەوە هەبووە.

ئەوە یەکەمجار نییە ترەمپ هەنگاوێکی بەپەلە بنێت و ڕاوێژکار و ستافی کۆشکی سپی بەرگریی لێبکەن و دواتریش ئەو لە تویتێکدا پێچەوانەی ستافەکەی دەوروبەری خۆی قسە بکات. ئەمە لەلایەکەوە درزی گەورە لەنێو کۆشکی سپیدا دروست دەکات و لەلایەکی دیکەشەوە جۆرێک لە ئاڵۆزی هەڕەمەکیبوون لە کاروباری دەسەڵاتدارترین ناوەندی ئەمریکادا نیشان دەدات.

بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی لە کۆبوونەوەکەی نێوان ترەمپ و لاڤرۆڤەوە دزەیان کردووەتە دەرەوە، ترەمپ "سەرچاوە و میتۆدی کۆکردنەوەی زانیارییەکانی" ئاشکرا کردووە. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ناوەندی ستراتفۆر، بەو پێیەی زانیارییە هەواڵگرییەکان پەیوەندییان بە پلانی هێرشە تیرۆریستییەکانی داعش لە دەرەوەی سووریا و عێراقەوە هەیە، کەواتە "سەرچاوەی زانیارییەکان (واتە سیخوڕەکانی دەزگای هەواڵگریی ئیسرائیل) دەبێ سەرکردەیەکی پلەبەرزی داعش بووبێت". بەو پێیەش مەترسی لەسەر یەکێک لە گرنگترین سەرچاوەکانی زانیاریی هەواڵگریی ئیسرائیل دروست دەبێ.

ناوەندی ستراتفۆر بە دووری نازانێت ناکۆکیی گەورە لە نێوان دەزگا هەواڵگرییەکانی ئیسرائیل و ئەمریکادا دروست ببێت، بەوپێیەی "ئیسرائیل بۆ بەردەوامیدان بە گفتوگۆکانی خۆی لە وڵاتە عەرەبییە سەرسەختەکانی ناوچەکە و رووسیاش، پشت بە کۆکردنەوەی زانیاریی نهێنی لەسەر ئەو وڵاتانە دەبەستێ، ئەمریکاش بۆ کامڵکردنی زانیارییە هەواڵگرییەکانی خۆی لەسەر ناوچەکە، پشت بە زانیارییە هەواڵگرییە نهێنییەکانی هاوبەشەکانی دەبەستێت"، بۆیە درکاندنی زانیارییە هەواڵگرییەکانی ئیسرائیل لەسەر داعش دەکرێ بێ متمانەیی لە نێوان ناوەندە هەواڵگرییەکانی هەردوولا دروست بکات.

مەترسییەکی دیکە کە دەکرێ ڕووبەڕووی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ببێتەوە، ئەوەیە دوای درکاندنی زانیارییەکان، ئەگەری بەهێز ئەوەیە داعش گۆڕانێکی جەوهەری لە پلان و میتۆدی هێرشەکانیدا بکات، بەڵام ئەمجارەیان سەرچاوەی زانیارییە هەواڵگرییەکانی ئەمریکا یان هاوبەشەکانی لە ناوچەکە پێی نازانن.

ژمارەیەک لە بەرپرسانی ئەمریکی بە ڕۆژنامەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکییان ڕاگەیاندووە، ئەو زانیارییانەی ترەمپ بە بەرپرسانی رووسی داون، لە سەرچاوەیەکی ئیسرائیلییەوە هاتبووکە "بەنرخترین سەرچاوەی زانیاریی هەواڵگرییە بۆ بەرەنگاربوونەوەی پلانی هێرشەکانی داعش لە دەرەوەی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆی". بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، سەرچاوەکە لە نزیکەوە ئاگای لە پلانەکانی داعش بۆ دانانی بۆمب و تەقەمەنی لە فڕۆکە گەشتیارییەکاندا هەبووە. ژمارەیەک بەرپرسی هەواڵگریی ئەمریکاش ڕایانگەیاندووە کە ماوەیەکی پێویستە هەتا بزانن ئاخۆ سەرچاوە هەواڵگرییەکەی ئیسرائیل دەتوانێ چ زانیارییەکی بەسوود لەسەر ڕێکخراوەکە و پلانی هێرشەکانیان کۆبکاتەوە.

ئەم قۆناغی نادڵنیاییە لەلایەکەوە کارەکانی دەزگای هەواڵگری خاو دەکاتەوە، لەبەر ئەوەی دەبێ پێداچوونەوەی وردتر بە زانیارییە هاتووەکاندا بکرێت و لەلایەکی دیکەشەوە مەترسی لەسەر ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا و ئیسرائیل و هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکان دروست دەکات، لەبەر ئەوەی ناتوانن کاردانەوەی خێرایان بەرامبەر بەو زانیارییە هەواڵگرییانە هەبێ کە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعشەوە دێن.




(فۆتۆ: AFP)

# ترەمپ عەرەب و ئیسرائیل لێکدی نزیک دەکاتەوە

## ئێران و داعش دوژمنەکانی دوێنێ دەکەنە دۆست و هاوپەیمان؟

ڕووداو - هەولێر

ڕۆژی شەممە 20ی ئایار، سەرۆکی ئەمریکا لە یەکەم گەشتی دەرەوەیدا گەیشتە شانشینی سعودیە و لە مەراسیمێکی بەرفراواندا لەلایەن پاشای سعودیەوە پێشوازیی لێکرا. ڕۆژی دواتریش لەگەڵ سەرکردەی وڵاتانی کەنداو کۆبووەوە و گوتارێکیشی لەسەر ئیسلام و ڕۆڵی ئەو ئایینە لە جیهاندا پێشکەش کرد.

پێشوازیی شا سەلمان، پاشای سعودیە لە دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، تەواو پێچەوانەی ئەو پێشوازییە بوو کە پارساڵ سعودیە لە باراک ئۆباما، سەرۆکی پێشووی ئەمریکای کرد. ئەوکات پارێزگاری ڕیاز پێشوازی لە ئۆباما کرد و دیمەنی گەیشتنەکەشی بەڕاستەوخۆ نەگوازرایەوە. ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی نێوان ئێران و گرووپی 5+1، بێدەنگیی ئەمریکا لە ئاست سیاسەتی فراوانخوازیی ئێران لە ناوچەکە، پشتگوێخستنی قەیرانی سووریا و لێدوانی توندی ئۆباما لەدژی سەرکردەکانی وڵاتانی کەنداو (کە بە مفتەخۆر ناوی بردبوون) هۆکاری گرژیی پەیوەندییەکانی نێوان ڕیاز و واشنتن بوون لە قۆناغی سەرۆکایەتی ئۆبامادا.

بەگوتەی بەرپرسانی ئەمریکی، بەرهەمی ڕۆژی یەکەمی سەردانەکە واژۆکردنی ڕێککەوتنی بازرگانی و سەربازیی 350 ملیار دۆلاری بوو کە 110 ملیار دۆلاری سەربازییە و فرۆشتنی کەشتیی سەربازی، تانک و بارهەڵگری سەربازی و سیستەمی بەرگریی مووشەکی (THAAD) لەخۆدەگرێ. بەشێک لەو گرێبەستە سەربازییانە لە سەردەمی ئیدارەی پێشوودا ڕێککەوتنیان لەسەرکرابوو.

بەڵام ترەمپ تەنیا بۆ گرێبەستی ئابووری نەهاتبووە سعودیە و سعودیەکانیش تەنیا بۆ پەرەپێدانی پەیوەندیی ئابووری و تەکنەلۆژی پێشوازیی شاهانەیان لە ترەمپ نەکرد. گەشتەکەی ترەمپ بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست سێ تەوەری سیاسی و ئەمنیی سەرەکی لەخۆگرتووە کە بریتین لە چارەسەری کێشەی ئیسرائیل و فەلەستین، دۆزینەوەی میکانیزمی هاوبەش بۆ بەرەنگاربوونەوەی گرووپە چەکدارییە توندڕەوەکان و چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ جڵەوکردنی ئێران.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی، سەرکردەی وڵاتانی کەنداو ئامادەن بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکانی وڵاتەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل هەنگاوی جدی بنێن، کە بریتین لە کردنەوەی پەیوەندیی تەلەفۆنی لە نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی کەنداو، ڕێگەدان بە فڕۆکە ئیسرائیلییەکان بۆ ئەوەی ئاسمانی وڵاتانی کەنداو بەکاربهێنن و لادانی ژمارەیەکی زۆر بەربەستی بازرگانی لەنێوان ئیسرائیل و وڵاتانی کەنداو. لە بەرامبەر ئەوەشدا داوا دەکەن ئیسرائیل دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون لە هەندێک ناوچەی کەناری ڕۆژئاوا بوەستێنێ و ڕێگەی بازرگانیش لە گەرووی غەزە بکاتەوە.

ڕۆژنامە ئەمریکییەکە ئاشکرای کردووە، چەند هەفتەیەک بەر لە سەردانەکەی ترەمپ، سەرکردەکانی کەنداو کۆبوونەوەیەکی نهێنییان کردووە و لەوێدا پێشنیازنامەیەکیان ئامادەکردووە. یەکێک لەو بەرپرسانەی ئامادەی دانیشتنەکە بووە بە (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی گوتووە "ئێمە چیدی ئیسرائیل وەکوو دوژمنێک نابینین، بەڵکو وەکوو دەرفەتێک کە بۆمان هەڵکەوتووە سەیری دەکەین". بەپێی ڕاپۆرتەکە، هەڕەشەی ئێران و گرووپە تیرۆریستییەکان هۆکاری سەرەکی ئەم بادانەوەیەی وڵاتانی کەنداون.

ڕاپۆرتەکە لەسەر زاری بەرپرسانی ئەورووپی، ئەمریکی و ئیسرائیلی ئاشکرای دەکات ماوەیەکە ئاڵوگۆڕێکی شارەوەی زانیارییەکان لە نێوان وڵاتانی کەنداو و ئیسرائیل دەستپێکردووە. زانیارییەکانیش پەیوەندییان بە جموجۆڵەکانی ئێران لە سووریا و یەمەن هەیە، بەرپرسێکی ئیسرائیلیش چەند گەشتێکی بۆ کەنداو و بە تایبەتی بۆ ئیمارات کردووە. بەپێی ڕاپۆرتەکە، ماوەی ساڵێکە کۆمپانیایەکی ئیسرائیلی نزیک لە بنیامین نەتانیاهۆ، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، یارمەتی ئیماراتی عەرەبی دەدات بۆئەوەی پەرە بە سیستەمی هەواڵگری و سیخوڕیی وڵاتەکەیان بدەن.

لە دوای سەرهەڵدانەکانی بەهاری عەرەبی، ڕەوشی ئەمنیی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ناسەقامگیر بووە. ئەوەش لە لایەکەوە چالاکبوونی ڕێکخراوە چەکدارییە توندڕەوەکانی وەکوو داعش و قاعیدەی لێکەوتووەتەوە و لەلایەکی دیکەشەوە بۆشاییەکی ئەمنی دروستکردووە کە ئێران بە ئاسانی دەیقۆزێتەوە. ئیسرائیل و وڵاتانی کەنداو لەسەر ئەوە کۆکن کە ئێران و گرووپە چەکدارە جیهادییەکان هەڕەشەی سەرەکین بۆ سەر ئاسایشی نێوخۆیی هەردوولا.

بەرپرسانی ئەمنیی ئەمریکی بە (جورناڵ)یان ڕاگەیاندووە لە پاش بەهاری عەرەبی پەیوەندییەکانی نێوان عەرەب و ئیسرائیل بەهێز بووە، کاربەدەستێکی ئەمریکیش ئاشکرای کردووە کە "ئیسرائیل لە شەڕی هاوپەیمانێتی عەرەبی لەدژی چەکدارانی حوسی لە یەمەن، هاوکاریی هەواڵگری پێشکەش بە وڵاتانی کەنداو و لە سەرووی هەموویانەوە سعودیەکان دەکات". ئیسرائیل هاوکارییەکی هەواڵگریی زۆریشی پێشکەش بە حکومەتی میسر کردووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی چەکدارانی داعش لە بیابانی سینا.

وێستگەی دووەمی گەشتەکەی ترەمپ بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئیسرائیلە کە وڵاتانی عەرەبی پەیوەندییەکی هاوشێوەیان لەگەڵیدا نییە. میسر و ئوردن پەیوەندیی فەرمییان لەگەڵ ئیسرائیل هەیە. بەڵام وڵاتانی دیکەی کەنداو، بە تایبەتیش قەتەر و سعودیە، بەوە تۆمەتبار دەکرێن کە یارمەتی بزووتنەوەی حەماس دەدەن. چاوەڕێ دەکرێ لە کۆبوونەوەی لوتکەی هاوبەشی ئەمریکا و وڵاتانی کەنداو پرۆژەیەک ڕادەستی ئیدارەی ئەمریکی بکرێ کە تێیدا پێشنیاز و مەرجەکانی وڵاتانی کەنداو بۆ نزیکبوونەوە لەگەڵ ئیسرائیل خراوەتەڕوو.

بەگوتەی کەسانی ئاگادار لە ناوەڕۆکی پرۆژەکە، وڵاتانی کەنداو پێشنیازی کرانەوەی پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل کردووە. دەکرێ ڕێگە بە تیپە وەرزشییەکانی ئیسرائیلیش بدەن لە ڕووداوە وەرزشییەکانی وڵاتانی عەرەبیدا بەشداربن، لە سەرووی هەموو پێشنیازەکانیشەوە ئەوەیە کە ڕێگە بە ئیسرائیل دەدرێ لەناو تۆڕە بازرگانییەکانی ناوچەکەدا جێگەی خۆی بکاتەوە. کەسانی نزیک لە سیاسەتی ناوچەیی ئیسرائیل بە (جورناڵ)یان ڕاگەیاندووە، تەلەڤیڤ دەیەوێ پەیوەندییەکان لە بواری ئابووری و بازرگانیدا پەرەیان پێبدرێ.

بەگوتەی ڕاوێژکارێکی کۆشکی سپی، لە چەند هەفتەی ڕابردوودا وەزارەتی گواستنەوە و هەواڵگریی ئیسرائیل پلانی پرۆژەیەکی ژێرخانیان ڕادەستی ئیدارەی ترەمپ کردووە. پلانەکە دروستکردنی بەندەرێک لە کەرتی غەزە لەخۆدەگرێ بۆ ئەوەی ڕەوشی ئابووریی ئەو ناوچەیەی پێ ببووژێننەوە. بەڵام پلانە گەورەکەی ئیسرائیل دروستکردنی ڕێگەیەکی ئاسنینە لە بەندەری حەیفاوە بەناو ئوردندا کە دەچێتەوە سەر ئەو تۆڕی ڕێگە ئاسنینەی پێشتر مەدینە و دیمەشقی پێکەوە دەبەستەوە.

وڵاتانی کەنداو پشتگیری لە چارەسەری (دوو دەوڵەت) دەکەن کە تێیدا دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستین لە پاڵ دەوڵەتی ئیسرائیل دابمەزرێ. ئیسرائیلییەکان جەختیان لەوە کردووەتەوە کە ئامادەن دەست بە دانوستاندنی ئاشتی بکەنەوە، بەڵام نەتانیاهو لە گەشتەکەی مانگی شوباتی خۆی بۆ ئەمریکا ڕایگەیاندبوو، حکومەتەکەی ناتوانێ گەرەنتی پشتگیریکردن لە چارەسەر بدات. لە گەشتەکەی ئەمجارەیدا ترەمپ بۆ یەکەمجار لە نزیکەوە ئاگاداری ئاڵۆزییەکانی کێشەی نێوان وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیل دەبێ. ترەمپ لە مانگی شوبات و لەدوای کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، ڕایگەیاند کە ئەو هیچ ڕێگەچارەیەک بەسەر لایەنەکانی کێشەکەدا ناسەپێنێ.

# فەیک نیوز.. چەکە مەترسیدارەکەی دەستی ڕووسیا

ڕووداو - هەولێر

لە ساڵی 2008 و لە دوای هێرش بۆ سەر خاکی جۆرجیا، گۆڕانێکی بەرچاو لە پڕوپاگەندەی ڕووسیادا بەدی دەکرێ. لەماوەی نۆ ساڵی ڕابردوودا، دەزگاکانی پڕوپاگەندەی ڕووسیا بەشێکی سەرەکی بوون لە مەکینەی زەبەلاحی پشتگیریکردن لە هێرشەکەی سەر نیمچە دوورگەی کریمیا، شەڕی ڕۆژهەڵاتی ئۆکراینا و بەشداریی ڕووسیا لە شەڕی نێوخۆیی سووریا، ئەوە جگە لەوەی دەزگاکانی هەواڵی ساختەی ڕووسیا بە مەترسییەک بۆ سەر پرۆسە دیموکراتیکەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی دەزانرێ.

ناوەندی لێکۆڵینەوە و پەرەپێدان (RAND)، لە دوایین لێکۆڵینەوەیدا شێوازی کارکردنی ئەو تۆڕە ڕوون دەکاتەوە کە هەر لە ئێستاوە وڵاتانی ئەندامی ناتۆی کردووەتە ئامانج.

### بۆڕیی درۆ

ڕاپۆرتەکەی ناوەندی لێکۆڵینەوە و پەرەپێدان مۆدێلی نوێی پڕوپاگەندەی ڕووسیا بە "بۆڕیی درۆ" ناودەبات. هۆکاری ئەم ناونانەش بۆ چوار تایبەتمەندی ئەو مۆدێلە دەگەڕێتەوە کە بریتین لە:

**یەکەم:** قەبارەی زەبەلاحی ماتریاڵەکان (تێکست، وێنە، ڤیدیۆ و دەنگ) و کەناڵی گواستنەوەی جۆراجۆر (تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کەناڵەکانی سەتەلایت، ڕادیۆ و ماڵپەڕەکان).

**دووەم:** خێرایی، بەردەوامی بڵاوکردنەوەی ماتریاڵەکان و دووبارەکردنەوەیان لە کەناڵە جۆراوجۆرەکان

**سێیەم:** پابەندنەبوون بە بابەتیبوونی زانیاری و هەواڵەکان

**چوارەم:** پابەندنەبوون بەوەی زانیارییەکانی هەمان دەزگا یان دەزگاکانی سەر بە مەکینەی پڕوپاگەندەی ڕووسیا لەگەڵ یەکدی دژ دەربچن.

### یەکەم: قەبارەی ماتریاڵەکان و کەناڵەکانی گواستنەوەیان

بەگوێرەی (RAND) مەکینەی پڕوپاگەندەی ڕووسیا یەکجار گەورەیە و لە ڕێگەی چەندین کەناڵەوە ماتریاڵەکانیان بڵاودەکەنەوە. ماتریاڵەکان دەکرێ "تێکست، ڤیدیۆ، دەنگ و وێنەی ستیل" بن کە لەڕێگەی "ئینتەرنێت، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کەناڵەکانی سەتەلایت و ڕادیۆوە" بڵاودەکرێنەوە.

بەپێی ڕاپۆرتەکە، هەزاران ئەکاونتی ساختە لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییە جۆراجۆرەکان هەن کە لەلایەن کەسانی سەر بە مەکینەی پڕوپاگەندەی ڕووسیاوە بەڕێوەدەبردرێن. ڕاپۆرتێکی ڕادیۆی ئازادی ئەورووپاش ئاشکرای کردووە ئەو ئەکاونتانە دەبێ 24 کاتژێر چالاک بن، بۆیە ئەوانەی کاریان لەسەر دەکەن شیفتی 12 کاتژێرییان بۆ دانراوە. هەر کام لەو کەسانەش ڕۆژانە 150 پۆست یان کۆمێنتی زیاتر لە 200 وشەیی دەنووسێ.

ڕاپۆرتەکەی (RAND) دەڵێت لە مۆدێلی پڕوپاگەندەی حکومەتی ڕووسیادا بایەخ بە سێ خاڵ دەدرێت:

**یەکەم:** ژمارە و قەبارەی سەرچاوەی زانیارییەکان گەورە بێت، لەبەرئەوەی لەو حاڵەتەدا وەرگری زانیارییەکان بە دوای بۆچوونی کەسی شارەزادا ناگەڕێت.

**دووەم:** سەرچاوەکان جۆراجۆر بن و لێکدانەوەی جیاواز بۆ ڕووداو و دیاردەکان بکەن، بەڵام لێکدانەوە جیاوازەکان هەمان ئاکامگیرییان هەبێت.

**سێیەم:** تێڕوانین و بۆچوونی خەڵکانی دیکەش پێویستە، بەتایبەتیش ئەو بۆچوونانەی لە بۆچوونی وەرگری زانیارییەکان نزیکن.

### دووەم: خێرایی و بەردەوامی

بەپێی ڕاپۆرتی ناوەندە ئەمریکییەکە، دەزگا پڕوپاگەندەییەکانی حکومەتی ڕووسیا "پێویستیان بەوە نییە بە فاکتەکاندا بچنەوە یان بانگەشەکان پشتڕاست بکەنەوە، لەبەر ئەوەی هەر لە بنەڕەتدا بایەخ بە بابەتیبوونی زانیارییەکان نادەن، هەر بۆیە بە خێراترین گوێزەرەوەی هەواڵە بەپەلەکان دەزانرێن".

ڕاپۆرتەکە دەشڵێت کە بەپێی توێژینەوە سایکۆلۆژییەکان "وەرگری هەواڵ خۆبەخۆیی بایەخ بە یەکەم زانیاری دەدات کە لەسەر ڕووداوێک وەریدەگرێ". بۆیە سڕینەوەی کاریگەریی زانیاری و هەواڵی هەڵە لەسەر وەرگرەکە کارێکی ئاسان نییە. هەر لەبەر ئەوەشە دەزگاکانی پڕوپاگەندەی ڕووسیا بایەخێکی زۆر بەوە دەدەن یەکەم سەرچاوەی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە بن.

### بابەتیبوونی زانیارییەکان بایەخی نییە

دەزگاکانی پڕوپاگەندەی ڕووسیا پێیان وانییە "هەمیشە ڕاستی سەردەکەوێ" بۆیە وەک ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بۆ دەکات، لای پڕوپاگەندەکارە ڕووسەکان ئەوە گرنگە، چۆن ڕاستییەکان دروستبکەیتەوە، واتە چۆن بە هێنانەوەی سەرچاوە، وێنە یان لێدوانی ساختە و هەڵبەستراو، هەواڵ و زانیارییەکی ساختە وەکوو ڕاستییەک بە وەرگرەکان بدەی.

ڕاپۆرتەکە نموونەی هەواڵێکی تەلەفزیۆنی ڕووسیای ئەمڕۆ (RT) دەهێنێتەوە کە بودجەی ساڵانەی 300 ملیۆن دۆلارە و بە چەندین زمان هەواڵ و بەرنامە پێشکەش دەکات. لە 2013 ئەو تەلەفزیۆنە ئاماژەی بۆ شیکردنەوەیەکی براون مۆسیس، ڕەخنەگری حکومەتی سووریا کردبوو کە گوایە تێیدا هاتووە ئۆپۆزیسیۆنی حکومەتی سووریا هێرشە کیمیاوییەکان دەکات، بەڵام ڕاپۆرتە شیکارییەکەی مۆسیس کە لە وێبلۆگی خۆی بڵاوکرابووەوە، حکومەتی سووریای تۆمەتبار کردبوو بە هێرشەکان. کێشەکەش لێرەدا ئەوەیە کە ژمارەیەکی کەم لە بینەرانی ئەو ڕاپۆرتەی (RT) دەگەڕێنەوە لای سەرچاوە یەکەمینەکە بۆ ئەوەی بزانن مۆسیس شتی وای گوتووە یان نا.

ڕێگەیەکی دیکە کە ڕاپۆرتەکەی (RAND) ئاماژەی پێدەدات، بریتییە لە دروستکردنی وێنە، ڤیدیۆ و دەنگی ساختە، بۆ ئەوەی زانیارییەکی هەڵبەستراوی پێ پشتڕاست بکرێتەوە. لەم حاڵەتەدا بە بەڵگەیەکی ساختە هەواڵێکی ساختە پشتڕاست دەکرێتەوە.

### ناتەبایی زانیارییەکان و هەواڵەکان

مەکینەی پڕوپاگەندەی حکومەتی ڕووسیا پابەند نییە بەوەی هەواڵ و زانیارییەکانی دەزگا جۆراوجۆرەکانی لەگەڵ یەکدی تەبا بن، وەکوو چۆن دەزگاکانیش پابەند نین بەوەی زانیارییەکان لەسەر هەمان ڕووداو پێکەوە بگونجێنن.

ڕاپۆرتەکەی ناوەندی لێکۆڵینەوە و پەرەسەندن نموونەی ڕووداوی کەوتنەخوارەوەی فڕۆکە مالیزیاییەکە دەهێنێتەوە کە دەزگاکانی پڕوپاگەندەی ڕووسیا لێکدانەوە و زانیاریی جۆراوجۆر و لێکدژیان لەسەری بڵاوکردەوە. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، بەرپرسانی باڵای حکومەتی ڕووسیاش پشت بە هەمان تەکتیک دەبەستن و لێدوان و لێکدانەوەکانیان بۆ ڕووداوەکان بەپێی پێویستیی دۆخەکە گۆڕانی بەسەردا دێت. بۆ نموونە لە ساڵی 2014 پوتین یەکەمجار ڕەتیکردەوە "پیاوە جل سەوزەکان". سەربازی ڕووسی بووبن، بەڵام دواتر دانی بەوەدا نا کە ڕووسی بوون، یان سەرەتا ڕایگەیاند کریمیا نابێ بە بەشێک لە ڕووسیا، کەچی دواتر ڕایگەیاند هەر لەسەرەتاوە پلانەکە ئەوە بووە کریمیا بگەڕێنینەوە سەر ڕووسیا.

بەپێی ڕاپۆرتەکە، دەزگا پڕوپاگەندەییەکانی ڕووسیا لە کاتی گۆڕینی زانیارییەکان سەبارەت بە ڕووداوێک تەنیا زانیارییەکان ناگۆڕن، بەڵکو هۆکاری جۆراوجۆریش بۆ گۆڕانکارییەکە دەهێننەوە، لەوانەش "دۆزینەوەی بەڵگەی نوێ و بەدواداچوونی زیاتر"، ئەوەش دەشێت قەناعەت بە وەرگرەکە بهێنێ کە دەزگاکە سەرەتا نیازی بەلاڕێدابردنی وەرگرەکەی نەبووە، بەڵکو دەکرێ کۆمەڵێک هەڵەی تەکنیکی یان پەلەکردن هۆکاری زانیارییە هەڵەکە بووبێ. لە کاتی گۆڕینی زانیارییەکاندا هێنانەوەی بەڵگەی گونجاو بۆ پاراستنی ناوبانگی گشتیی دەزگاکە گرنگە.

ڕاپۆرتەکەی (RAND) جەخت لەوە دەکاتەوە ئەو مۆدێلە پڕوپاگەندەییەی ڕووسیا یەکجار کاریگەرە. هەر ئەو هۆکارانەش کە وایان کردووە کاریگەر بێت، هۆکاریشە بۆ ئەوەی بەرەنگاربوونەوەی کۆی مەکینەکە کارێکی ئاسان نەبێ، لەبەر ئەوەی وەکوو دەزگا یەکجار بەرفراوانە، بەڵام لە هەمانکاتدا لە بەشی جۆراجۆر پێکهاتووە کە هەندێکجار لە یەک تاکەکەس لە ماڵەکەی خۆی پێکهاتووە، ئەوەش وایکردووە کۆنتڕۆڵکردنی کارێکی سەخت بێت.




ڕاپۆرتی ناوەندی لێکۆڵینەوە و پەرەپێدان مۆدێلی نوێی پڕوپاگەندەی ڕووسیا بە "بۆڕیی درۆ" ناودەبات.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# نەوشیروان مستەفا وەک دەرفەتێک بۆ ئاشتی

ئەگەر تا ئەوکاتەی کاک نەوشیروان لەژیاندا بوو، ناتەبایی سیاسی و ئەو شێواوییە لەنێومالّی کورد و تێکچوونی یەکڕیزیی میللەتەکەمان کارێکی خراپ بوویێت، ئەوە لەدوای کاک نەوشیروانەوە، مانەوەی ئەو دۆخە وەک خۆی دەبێتە مایەی مەترسی و هەڕەشەی گەورە لەسەر ئایندەی کوردستان. چونکە لە بنەڕەتدا سەرەڕای نارەزایی کاک نەوشیروان لە شێوازی بەڕێوەبردنی هەرێم و حوکمڕانیەکەی، بەڵام ئەو پیاوێک بوو خۆی بە یەکێک لە بەدیهێنەرانی ئەم ئەزموونە و بە کۆڵەکەی پارێزەرانی دەزانی، بە چاوێکی پڕ لە ئومێدیشەوە دەیڕوانییە ئایندە، لەبەر ئەوە رێگەی لە زۆر مەترسی گرتبوو کە دەکرا هەڕەشە بن بۆ سەر ئەزموونی کوردستان.

هێشتنەوەی دۆخی کوردستان لەناو هەمان ئەو بازنەیەی وا بۆ دوو ساڵ دەچێت تێیدا گیری خواردووە، لەگەڵ هاتنەپێشی ئەو ئەگەرە چاوەڕوانکراوانەی وەک لێکەوتەی کۆتایی سیناریۆی داعش دێنە پێش، نەمانی کاک نەوشیروانیش لە گۆڕەپانەکە، دەرگای کوردستان بە کراوەیی بۆ هەموو ئەگەرە مەترسیدارەکان دەخاتە سەرپشت. بۆ ئەوەی کوردستان ئامادەبێت بۆ رووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکان و قۆستنەوەی دەرفەتەکانیش، پێویستی بە رێکخستنەوەی ناوماڵەکەی هەیە. بەڵام پرسیار ئەوەیە ئەگەر ئامادەیی نەوشیروان مستەفا یارمەتیدەر نەبووبێت بۆ ئاشتی و یەکڕیزیی کورد، ئایا نائامادەیی ئەو خزمەت بە ئاشتەوایی دەکات، وەک ئەوەی لە دوو رۆژی دوای کۆچەکەیدا هەموو لایەنەکان بە خودی بزووتنەوەی گۆڕانیشەوە لە گوتار و بەیاننامەکانیاندا هیوا دەخوازن ئەم کۆستە گەورەیە ببێتە مایەی ئاشتیی ناو ماڵی کورد؟

راستە نەوشیروان مستەفا لایەنێکی گرنگی هاوکێشەکان بوو، دەتوانرا بە پێکهاتن لەگەڵ ئەو، بەشێکی زۆر لە کێشەکان چارەسەر بن. بەڵام خۆ کاک نەوشیروان هۆکاری هەموو ناتەبایی و ئاڵۆزییەکانی کوردستان نەبووە تا بە دوورکەوتنەوەی ئەو چاوەڕوانی ئەوە بکرێت ئیتر ئاشتی و ئارامی لە کوردستان بەرقەرار دەبێت، چاوەڕوانییەکی لەو جۆرە پێش هەر شت زوڵمە لە نەوشیروان مستەفا دەکرێت. نزیک بە دوو ساڵی رابردوو زۆر رووداو هاتنەپێش و دەکرا بکرێن بە دەرفەت بۆ ئاشتی و بەشێکیان پەیوەندییان بەوەوە هەبوو. زۆر کەس و بەندەش چەندین جار پێشنیازی ئەوەمان کرد بارزانی دەستپێشخەری بکات، بە سەردانیکردنی ماڵی رکابەرەکەی، بە کردنەوەی دەرگای ماڵەکەی ئەو، دەرگا بۆ لێکنزیکبوونەوە و دەستپێکردنی گفتوگۆ بۆ چارەسەری کێشەکان بکاتەوە، نەیکرد. واتا دەکرا رووداوەکانی تایبەت بە کاک نەوشیروان لە نەخۆشکەوتنی، لە نەشتەرگەری، لە کۆچی هاوژینەکەی، لە دواجاری گەڕانەوەی، هەموو ئەمانە بکرابانە دەرفەت بۆ کردنەوەی گرێکوێرەکان، کە ئەوکاتانە نەکران و هەموو دەرفەتەکان تێپەڕین، ئایا ئێستا لە کوێدا دەتوانرێت نەوشیروان مستەفا بکرێت بە دەرفەتی ئاشتەوایی؟

تەنها شتێک کە ئەویش ئەگەرێکی لاوازە، ئەوەیە بارزانی دوای گەڕانەوەی لە کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی لە ئوردن، بچێتە ماڵی نەوشیروان مستەفا و لە نزیکەوە سەرەخۆشی لە خانەوادەکەی و حیزبەکەی بکات و لەوێ داوای ئەوە بکات با لەم ماڵەوەو ئەم کۆستە بکەینە دەرفەتی تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە هەستیارە پڕ لە کەندوکۆسپە، بە داوەتکردنی گۆڕان بۆ سەر مێزی گفتوگۆ و جۆرێک لە دڵنیاکردنەوەی پێشوەختە بە سازشکردن بۆ یەکتری و دەستبەرداربوون لەو ئینکارییە سیاسیەی بووەتە هۆکاری چەقبەستنی پرۆسەی سیاسی لە کوردستان، ئەگەرنا ئەوە بە دڵنیاییەوە نەک مردنی کاک نەوشیروان نابێتە دەرفەت بۆ ئاشتی، بەڵکوو بارودۆخەکان ئاڵۆزتر دەکات و رووداوگەلێک دێنێتە پێش، دەبنە تەگەرەی گەورە لەبەردەم هەر دەرفەتێک کە چاوەڕوان دەکرێت لە کۆتایی شەڕی داعش بۆ کورد دروست بێت.

وەک چۆن پێشتر چاوەڕێکردن لەوەی کاک نەوشیروان دەستپێشخەری بکات و پرۆژەیەکی هەبێت بۆ رێکخستنەوەی ناوماڵی کورد، چاوەڕوانییەکی هەڵە بوو. چونکە نەدەکرا ئەو لەسەر حسابی سازشکردنی گۆڕان ئەو کارە بکات لەکاتێکدا دەسەڵات لە شوێنێکی تر بوو، ئێستاش چاوەڕوانیکردنی ئەوەی کۆچی دوایی کاکە نەوە دەرگا بۆ ئاشتەوایی بکاتەوە، چاوەڕوانییەکی بێ بنەمایە، ئەوەی پێشتر و ئێستاش دەسەڵاتی ئەوەی هەیە دەرفەت دروستبکات بۆ ئاشتبوونەوەی لایەنەکان و کردنەوەی دەرگای گفتوگۆ و گرتنەبەری رێگەی رێکخستنەوەی ناو ماڵی کورد، پارتی دیموکراتی کوردستانە. چونکە لایەنێکی گەورەی کێشەکانە و لەلایەکی تریشەوە دەسەڵات لای ئەوە. سەرچاوەی کێشەکانیش پەیوەندییان بە دەسەڵات و شێوازی بەڕێوەبردنی کوردستانەوە هەیە. بەڵام گرفتەکە لەوەدایە پارتی تووشی غرووری سیاسی هاتووە، ئەو غرووره بە ئەندازەیەک بەرچاوی لێڵ کردووە کە دیمەنەکان وەک خۆیان نابینێ. ئەوەی مایەی مەترسیی گەورەشە لەسەر ئایندەی کوردستان، سەرچاوەی لەو غرووره سیاسییەوە گرتووە.

ئەگەر پارتی و هەر لایەکی تریش گرەویان لەسەر مەرگی کاک نەوشیروان بوو، پێیان وابوو دۆخی تەندروستیی بەرەو مەرگی دەبات و دوای خۆی گۆڕان ناتوانێ بەردەوام بێت، ئەوا ناشتنی تەرمەکەی لە گردەکە وەڵامدەرەوەی ئەو چاوەڕوانییە بوو، بە هەموو لایەکیان گوت گۆڕان بەردەوام دەبێت. ئەو ویستوویەتی بزووتنەوەکەی بمێنێ، بۆیە وەسیەتی کردووە لە بارەگای سەرەکیی رێکخراوەکەی بینێژن، وەک ئاماژەیەک بۆ ئامادەگیی بەردەوامی خۆی لەناو بزووتنەوەکەی و رێگری لە هەر لادانێک لە پرەنسیپەکانی گۆڕان.

پێشتر پارتی بۆ ماوەیەک گومانی ئەوەی هەبوو کە گۆڕان جۆرێکە لە یاریی نێوان تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا و بەوهۆیەوە پێی هەزم نەدەکرا، کە دڵنیاش بوو لەوەی ئەو تێگەیشتنە هەڵەیە، ئینجا پێیوابوو دەرئەنجامی پێگە و کاریگەریی خودی نەوشیروان مستەفایە و ناکۆکییە سیاسیەکانی لەگەڵ یەکێتی ئەو خەڵکەی لە دەور کۆکردووەتەوە و بە کۆتایی خۆی کۆتایی دێت. بەڵام دەرکەوت ئەو تێگەیشتنانە هەڵەن، دەبێت پارتی لەو راستییە تێبگات کە گۆڕان وەک واقیعێک و وەک پێویستییەکی کۆمەڵگە دەمێنێتەوە. بۆیە پێویستە لە ستراتیژیەتی خۆیدا پێ بنێتە قۆناغی قبوڵکردنی گۆڕانەوە. پێشتر پارتی ئەمەی نەکردووە و هەر لەسەرەتاوە گۆڕانی پێ هەزم نەکراوە. دوای ئەوەی کە دەیانزانی رەوشی تەندروستی بەجۆرێکە ژیانی بەردەوام نابێت، یارییان بە کات دەکرد، وەک چاوەڕوانیەک و گرەوێک لەسەر مەرگی خۆی و بەدوایدا مەرگی بزووتنەوەکەی.

ئێستاش بەدوور نازانرێت پارتی کاتێکی زۆر بەدیار چاوەڕوانیی یەکگرتنەوەی یەکێتی و گۆڕانەوە بکوژێت و درێژە بەو دۆخە خراپە بدات، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەو چاوەڕوانیانەش بێ ئاکام دەمێننەوە. گۆڕان دەمێنێتەوە و پێویستە وەک ئەوەی هەیە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. ئێستا ئیتر بەرپرسیارێتییەکە لای پارتییە ماڵی کورد رێکدەخاتەوە، یان وێرانی دەکات.



مەجید نیزامەدین گلی

# قەیرانی سووریا و چارەنووسی هەرێمی کوردستان

## ئایا پیلانێکی نێودەوڵەتی لەئارادایە بۆ ناوچەکە؟

بۆ باشووری کوردستان، ئەوەی کە دەرئەنجامی شەڕی سووریا چی دەبێت، زۆر لە داهاتووی عێراق گرنگتر و چارەنووسسازترە. بەڵگەی زۆر هەن نیشانی دەدەن کە لەجیاتی شەڕی مووسڵ و پرۆسەی سیاسی لە بەغدا، دەرئەنجامی شەڕەکانی ئیدلب و دەوروبەری دیمەشقی سووریا، درێژیی تەمەن و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان دیاری دەکەن.

بەڵام چۆن؟ بۆ تێگەیشتن لەو خاڵە دەبێت سەرەتا ئەم دوو بیرۆکە باو و هەڵەیە لەبیربکەین:

1- وڵاتە زلهێز و ئیقلیمییەکان لە سووریا دابەشبوونەتە سەر دوو بەرە: بەرەی هاوپەیمان و بەرەی نەیارانی ئەسەد. ئەمە خوێندنەوەیەکی باو و هەڵەی شەڕی سووریایە. (لە وتاری پێشوومدا باسی ئەم خاڵەم کردووە).

2- ئەمریکا و وڵاتە زلهێزەکان پلانێکی گەورەیان هەیە بۆ ناوچەکە و دەیانەوێت نەخشەی ناوچەکە بگۆڕن. قسەیەکی باو و هەڵەیەکی دیکە کە لێرەدا باسی دەکەم.

لە وتاری داهاتووشدا باسی ئەوە دەکەم کە چۆن بە تێگەیشتن لەم دوو خاڵەی سەرەوە، روون دەبێتەوە کە بۆچی شەڕی سووریا بۆ باشووری کوردستان چارەنووسسازترە لە داهاتووی عێراق.

ئەوەی لە سووریا و عێراق روودەدات، بریتییە لە ئاژاوەیەک کە وڵاتان تێیدا ململانێ دەکەن بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان. نە ئەمریکا و نە رووسیا و نە هیچ وڵاتێکی دیکە، نازانن دەرئەنجامەکەی چۆن دەبێت. پلانیان هەیە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان، بەڵام موئامەرەیەکی گەردوونی لە ئارادا نییە بۆ "دووبارە داڕشتنەوەی سنوورەکانی ناوچەکە".

ئەوانەی چاوەڕێی ئەمریکا دەکەن بۆ گۆڕینی نەخشەی ناوچەکە و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان یان دیاریکردنی چارەنووسی شەڕ لە سووریا، هیچ جیاوازییەکیان نییە لەگەڵ لایەنگرانی موقتەدا سەدر کە چاوەڕێی هاتنی مەهدیی مونتەزەر دەکەن.

هیچ بەڵگەیەک نییە کە داعش و شەڕی سووریا بەشێک بن لە پیلانێکی گەورەی ئەمریکی و وڵاتە زلهێزەکانی دیکە. بەڵگەیەکیش نییە کە ئەمریکا نەخشەڕێیەکی نوێی هەیە بۆ ناوچەکە. بەپێچەوانەوە بەڵگەی زۆر بەهێز هەن کە پلانی هاوشێوەی ئەوە وجودی نییە و ئەم بۆچوونە باوانە دەبنە هۆی خوێندنەوەی هەڵە بۆ رووداوەکانی ناوچەکە.

مەحاڵە پیلانگێڕییەکی وا گەورە بە نهێنی بمێنێتەوە:

راستە ئەمریکا و رووسیا و زۆربەی حکومەتەکان زانیاری نهێنیی زۆریان لایە. جگە لە سی ئای ئەی و ئێف بی ئای، ئەمریکا خاوەنی 15 ئاژانسی سیخوڕی و هەواڵگریی دیکەیە کە بودجەی ساڵانەیان لەنێوان 65 بۆ 70 ملیار دۆلارە. تەنیا ئاژانسی هەواڵگریی هێزە ئاسمانییەکانی ئەمریکا لە ساڵی 2013 دا رۆژانە 460 هەزار ڤیدیۆ و 6.2 ملیۆن وێنەی کۆکردووەتەوە. رووسیا و وڵاتانی دیکەی بەشداربووش لە شەڕی سووریا، خاوەنی توانای هەواڵگریی زەبەلاحن.

بەڵام لەکاتێکدا دەزگاکانی هەواڵگری زۆر باشن لە کۆکردنەوەی زانیاری و ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی نهێنی، ئەو دەزگایانە بەگشتی خراپن لە پاراستنی نهێنیی گەورە و ئاڵۆز بۆ ماوەیەکی درێژ. ئەمەش لەبەر هۆکارێکی سادە. دەزگای هەواڵگریی وڵاتە جیاوازەکان بەردەوام لە هەوڵی ئاشکراکردنی نهێنیی یەکتردان. ئاسانە دۆکیۆمێنتێک بە نهێنی بهێڵیتەوە، بەڵام زۆر زەحمەتە پلانی دروستکردنی رێکخراوێکی زەبەلاحی وەکو داعش، یان پلانێک بۆ گۆڕینی سنوورەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە نهێنی بهێڵیتەوە. جێبەجێکردنی پلانی ئاوا گەورە پێویستی بە بەشداریی سەتان یان هەزاران کەس هەیە و ئەگەر ئەو کەسانە لە پاراستنی نهێنیدا زۆر باش بن، زەحمەتە بتوانن پلانێکی ئاوا ئاڵۆز بێ هەڵە و بۆ ماوەیەکی درێژ جێبەجێ بکەن.

جگە لەوە ئێمە لە سەردەمی ویکیلیکس و ئینتەرنێتدا دەژین. تەنانەت پێش ئەم سەردەمەش و لەسەردەمی کۆلۆنیالیزمی ئەوروپیشدا، رێککەوتننامەی سایکس پیکۆت ساڵێکی نەبرد ئاشکرا بوو.

ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین کە کارمەندانی دەزگاکانی هەواڵگری و بەرپرسان هەندێک جار خۆیان دزە بە زانیاریی نهێنی دەکەن.

تەنها ئێدوارد سنۆدن کە کۆنتراکەرێکی گەنجی حکومەتی ئەمریکی بوو، لەگەڵ چێلسی مانین کە سەربازێکی سوپای ئەمریکا بوو، توانییان زیاتر لە ملیۆن و نیوێک دۆکیۆمێنتی نهێنیی حکومەتی ئەمریکا ئاشکرا بکەن. ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین کە سەرۆکی ئێستای ئەمریکا ناتوانێت ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکەی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی رووسیا لە رۆژنامەی نیویۆرک تایمز بشارێتەوە. یانیش سەرۆکی پێشووی ئەمریکا، بێڵ کلینتن نەیتوانی پەیوەندییەکی سێکسی لەگەڵ کارمەندێکی راهێنەری کۆشکی سپی بە نهێنی بهێڵێتەوە.

کەواتە پیلانێکی گەورەی وەکو دامەزراندنی داعش و بەڕێوەبردنی شەڕی سووریا یان گۆڕینی سنوورەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست چۆن بە نهێنی دەمێنێتەوە؟

بۆیە ئەوەی کە ئەمریکا و وڵاتانی دیکە گفتوگۆیان لەسەر نەخشەڕێی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردبێت یەک زەڕڕە بەڵگەی لەسەر نییە.

بەدڵنیاییەوە وڵاتە زلهێز و ئیقلیمییەکان نهێنییان زۆرە و زانیاریی زۆریان هەیە دەربارەی شەڕ لە سووریا و دەربارەی داعش کە رای گشتی ئاگای لێیان نییە، بەڵام بوونی نهێنیی هەواڵگری ئەوە ناسەلمێنێت کە ئەو رووداوانەی سووریا و عێراق هەموو پلان بۆ داڕێژراو بن و لەژێر کۆنترۆڵی 100%ی واشنتن و ئەنکەرە یان تاران و مۆسکۆ و پایتەختەکانی دیکەدا بن.

ئەوەی لە سووریا روودەدات ململانێیەکی نێودەوڵەتی و ئیقلیمییە کە دیار نییە کێ براوە و کێ دۆڕاو دەبێت تێیدا، بەڵام گومان لەوەدا نییە کە کێ دەبێتە سوودمەندی سەرەکی. ئەو شەڕە کاریگەریی گەورەی دەبێت لەسەر داهاتووی باشووری کوردستان. ئەو کاریگەرییانە چی دەبن؟

لە وتاری داهاتوودا باسی ئەوە دەکەم.

***مەجید نیزامەدین گلی، بەرپرسی نووسینگەی رووداو لە بارەگای نەتەوەیەکگرتووەکان لە نیویۆرک و پسپۆڕی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.**



پەریڤان ئەدهەم سەعید

# تارق رەمەزان لە مۆزەخانەی هۆلۆکۆست

رۆژی چواری ئەم مانگە، لە مۆزەخانەی هۆلۆکۆست لە شاری شیکاگۆ، لەگەڵ سێ کەسی دیکەدا، بانگکراین بۆ قسەکردن لەسەر هەڵەبجە و ئەنفال. نزیکەی دوو سەعات پێش دەستپێکردنی بۆنەکە، داوایان لێکردین لە مۆزەخانەکە ئامادەبین بۆ ئەوەی باسی هۆکار و چۆنیەتی ئەنجامدانی تاوانی هۆلۆکۆستمان بۆ بکەن. لەناو مۆزەخانەکەدا، مۆزەخانەیەکی دیکەی گەڕۆکی تێدایە. گوتیان ئەم مۆزەخانە گەڕۆکە لە ئیسرائیلەوە هاتووە، هەموو چەند مانگێک دەبرێتە شارێکی ئەمەریکا و لەوێ نمایش دەکرێت. مەبەست لێی پیشاندانی ئەوە بوو کە ئیسرائیل ناهێڵێت ئەو کەسانەی تاوانیان بەرامبەر جوو کردووە، لە حوکمی یاسا دەربچن. لە هەمان کاتدا، ئەم مۆزەخانەیە ئاماژەیە بۆ توانای ئیسرائیل و وردیی پلان و جێبەجێکردنی بۆ چاوترساندنی نەیارەکانی.

ئەم مۆزەخانە گەڕۆکە تایبەتە بە ئەدۆڵف ئایخمان. ئایخمان ئەفسەرێکی پلە بەرز بوو لە سوپای ئەڵمانیادا و رێکخەری بە کۆمەڵ گواستنەوە و کوشتنی جووەکان بوو لە سەروەختی جەنگی دووەمی جیهانیدا. وەک زۆرێک لە نازییەکان، ئایخمانیش لە دوای شکستی ئەڵمانیا لەسەر دەستی هاوپەیمانان، لەساڵی 1950دا هەڵدێت بۆ ئەرجەنتین، دوای ئەوەی ناسنامەی خۆی دەگۆڕێت.

ئیسرائیلییەکان لە دوای جەنگ، بەشوێن ئایخمان و تاوانبارەکانی دیکەدا دەگەڕێن هەتا سەرەداوێکیان دەستدەکەوێت. هەندێک رزگاربووی هۆلۆکۆست و جووەکانی دیکە، خۆیان تەرخان دەکەن بۆ دۆزینەوەی ئەم تاوانبارە. دوای ئەوەی لە ناوەڕاستی ساڵانی پەنجاکادا لە بوینس ئایرسی پایتەختی ئەرجەنتین دەبینرێتەوە، قونسوڵی ئیسرائیل لە ڤیەننا ئاگادار دەکرێتەوە و دواتر بە شێوەیەکی زۆر رێکخراو، لە رێگەی 10 کارمەندی موسادەوە لە ساڵی 1960دا لە ئەرجەنتین دەرفێنرێت و ساڵی 1962 لە سێدارە دەدرێت، دوای ئەوەی هەموو تۆمەتەکانی لەبەردەم دادگادا دەسەلمێنرێت. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە هەموو دادگاییەکە لەرێی تەلەفزیۆنەوە بۆ جیهان گوازرایەوە. ئەمەش گەورەترین و گرنگترین چەکی دیبلۆماسی و پەیداکردنی پشتگیری و هاوسۆزی بوو بۆ ئیسرائیل و جووەکان. ئایخمان بووە یەکەم کەس و دواهەمین کەس هەتا ئێستا لە مێژووی ئیسرائیلدا لەسێدارە درابێت.

باسکردنی ئایخمان لەو مۆزەخانەیەدا، راستەوخۆ تارق رەمەزانی بیرهێنامەوە. رەمەزان ئەو فڕۆکەوانە بوو کە بەپێی دانپێدانانی خۆی لە ئاسایشی سلێمانی، بەشداریی هەڵمەتی کیمیابارانی هەڵەبجەی کردووە لە ساڵی 1988دا. ساڵی 2006 ویستمان چاوپێکەوتنی لەگەڵ بکەین بۆ رۆژنامەی دەیلی مەیڵی بەریتانی، بەڵام رێگەمان پێ نەدرا و گوتیان کە تارق رەمەزان یەکێکە لە هەرە تاوانبارترین کەسەکان و دانی بە هەموو تاوانەکەیدا ناوە و ئیمزای لەسەر کردووە.

من دڵنیا نیم کە رەمەزان تاوانبار بێت یان نا، ئەوە کاری دادگایە کە بڕیاری لەسەر بدات، بەڵام شێوازی بەردانی رەمەزان لەساڵی 2008 دا نەک دژ بە یاسا و خەڵکی کوردستان بوو، بەڵکو دژ بە هەموو مرۆڤایەتی بوو، لەبەرئەوەی کەسانی وەک رەمەزان کە دەتوانن دەرباز ببن لە لێپێچینەوەی یاسایی و دادگا، هانی کەسانی دیکە دەدەن کە هەمان تاوانی وەک هەڵەبجە و ئەنفال دووبارە بکەنەوە.

بەڵام گومانی تێدا نییە کە گەورەترین دۆڕاو خۆمان بووین وەکو کورد، لەبەرئەوەی تارق رەمەزان گەورەترین بەڵگە بوو بۆ یارمەتیدانی ناساندنی کەیسی هەڵەبجە و ئەنفال بە جینۆساید لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی. لەوانەیە پرسیار بکەین بۆ هەڵەبجە و ئەنفال لە زۆربەی پایتەختەکانی جیهاندا بە جینۆساید نەناسێنراوە، وەڵامەکەی ئەوەیە کە باش نەبووین لە پارێزگاریکردن و بەدۆکیومێنتکردنی ئەو نەهامەتیانەی بەسەر کورددا هاتوون و کەسێکی وەک تارق رەمەزان دەبووە باشترین بەڵگە بۆ ئەم مەبەستە، ئەگەر لەرێگەی دادگاوە تاوانەکەی بەسەردا بسەپایە.

ئەو کەسەی کە باسی ئایخمانی بۆ دەکردین، ناوی گاری ئاوسلاندەر بوو، تەمەنی نزیکەی 70ساڵ دەبوو، دیار بوو کەسێکی زۆر دڵسۆزی ئیسرائیل و مۆزەخانەکە بوو، پێیگوتین، بۆیە شانازی بە ئیسرائیلەوە دەکەین، چونکە زۆر باشن لە جێبەجێکردنی پلانەکانیاندا و ناهێڵن تاوانباران دەرباز ببن لەدەستی دادگا.

بەپێچەوانەی تارق رەمەزانەوە کە تەنیا چەند وێنەیەکی دیارە لە کاتی ئازادکردنیدا بەبێ بڕیاری دادگا و دواتر ئاسایش رایگەیاند کە هەڵاتووە، هەموو شتێکی ئایخمان لەم مۆزەخانە گەڕۆکەدا کراوە بە بەڵگە و هەڵگیراوە، تەنانەت ئەو تیکتی فڕۆکانەی کە کارمەندانی موساد لە 10 وڵاتی جیاوازەوە رۆیشتوون بۆ ئەرجەنتین بۆ دەستگیرکردنی ئایخمان، گۆڕینی تابلۆی ئۆتۆمبیلەکان و تەنانەت ئەو دەرزیەی کە ئایخمانیان پێ بەنج کردووە لە کاتی هێنانەوەیدا بۆ ئیسرائیل.

لەڕاستیدا تارق رەمەزان لە مۆزەخانەکەدا نەبوو، بەڵام کەسێکی هاوشێوەی لەوێ بوو کە هەموو شتێکی رەمەزانی بیردەخستیتەوە. تارق رەمەزان لەدوای ئازادکردنی، ئێستا لە بەریتانیا دەژی. تۆ بڵێی رۆژێک بیگەڕێننەوە کوردستان و لەوێ دادگا کەیسەکەی یەکلایی بکاتەوە و ئێمەش رۆژێک مۆزەخانەیەکمان هەبێت بەناوی تارق رەمەزان و بە جیهاندا بیگەڕێنین بۆ ناساندنی دۆزی کورد؟

**ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.**



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# نەوشیروان مستەفا وەهای گوت

## 1

دوا دیدارم لەگەڵ خوالێخۆشبوو نەوشیروان مستەفا، نزیکەی دوو ساڵ پێش ئێستا بوو. لەگەڵ ئاکۆ محەممەدی هاورێم وەک هەمیشە بە روویەکی گەشەوە پێشوازیی لێکردین و حەزی لێبوو گوێمان لێ بگرێت. رووی لە ئاکۆ کرد و گوتی: کاک ئاکۆ چی هەیە تۆ قسە بکە، چونکە رەئییەکانی کاک رێبوار دەزانم و وتارەکانی دەخوێنمەوە. ئاکۆش هەندێک باسی وەزعی بۆ کرد. هێشتا نێوانی نەوشیروان مستەفا و بارزانی تێکنەچووبوو، بگرە لە پەیوەندی و هەماهەنگییەکی بەردەوامدا بوون.

ئەو گوتی شەڕی داعش دەرفەتێکی زێڕینە بۆ رێکخستنەوە و بینینی کەموکوڕییەکانمان. باسی ئەوەی کرد کە لەگەڵ بارزانیدا لە هەوڵی دروستکردنی سوپایەکی نیزامیی نوێدان کە ئەفسەرەکانی دەرچووی زانکۆ بن و شارەزای تەکنۆلۆژیا بن. تەنانەت گوتی دەتوانین سوود لە ئەفسەر و پلەدارانی سەردەمی بەعسیش وەربگرین، چونکە ئەوان شارەزای جوگرافیای ناوچەکەن و لە بیانییەکان باشتر دەبن بۆ راهێنان. بەڵام دوا وتەکانی نائومێدیی پێوە دیار بوو لەوەی کە بکرێ ریفۆرمی بچینەیی لە کوردستاندا ئەنجام بدرێت.

ئەو گوتی: من وەکو شەخس کاری خۆم کردووە و پێموایە ئەرکی سەرشانم بەجێگەیاندووە، پێویستیم بە پشووە و دەمەوێ کەمێک بپەرژێمە سەر ژیانی خێزانیی خۆم. کە گوتمان چۆن وا دەبێ؟ گوتی: دەبێ! لە هەڵبژاردنی 2009 دا کە 25 کورسیمان هێنا، گوتیان ئەوە دەنگی یەکێتییەکان بووە. بەڵام 4 ساڵ دواتر هەمان سەرکەوتنمان دووپات کردەوە و ئیسپاتمان کرد کە ئەوانە دەنگی گۆڕان بوونە. بۆیە لێرە بەدواوە بزووتنەوەکە دەدەمە دەست ئەو برادەرانەی دیکە و ئەوانیش دەبێ بزانن چۆن بەڕێوەی ببەن.

ئەوەشی کرد، چونکە وەکالەتی یاسایی بزووتنەوەکەی خستە سەر عومەری سەید عەلی و، لە قەیرانیشدا کەمترین لێدوانی هەبوو. بە نەخۆشی و دووریش بێت لە کوردستان، سێبەری نەوشیروان مستەفا بەسەر بزووتنەوەکەوە هەبوو. ئەگەرچی گۆڕان لەو ماوەیەدا لە ئیفلیجیی سیاسیدا بووە و هیچ مانۆڕێکی بەرچاوی ئەنجام نەداوە. بۆیە قۆناغی پۆست نەوشیروان مستەفا لێرەوە دەستپێدەکات و دەریدەخات کە ئەو بزووتنەوەیە بێ رابەرەکەی توانای بەردەوامیی دەبێ یان نا؟

## گۆڕان دەبێ بە کێکەکە؟

## 2

نەوشیروان مستەفا لە سەرەتای دروستکردنی بزووتنەوەکەیەوە، بەردەوام رەخنەی لە بونیاد و ساختاری حیزب و دەسەڵاتی کوردی دەگرت کە نەبوونەتە حیزب و دەسەڵاتی دامەزراوەیی. بۆیە گۆڕانی بە فۆرمێکی تازە لە رووی رێکخستنەوە دروست کرد کە نموونەی لێکدراوی مۆدێلی حیزبی ئەورووپی و تەنانەت ئاکەپەی تورکیش بوو. بەڵام لە کۆتاییدا، گۆڕانیش کەوتەوە سەر رێچکەی پارتی و یەکێتی. گۆڕان خاوەنی سەرکردەیەکی فەرد میحوەر بوو کە دوا بڕیار هەمیشە لای ئەو بوو، سەرباری هەبوونی جڤاتە بەرفراوانەکانی، بەڵام حەڵقەی بڕیاردەر تەسک و بچووک بوو. ئینجا هەمان نیقاشی ئەوەی کە سەروەت و سامانی بزووتنەوەی گۆڕان هی کێیە و بۆ کێ دەمێنێتەوە؟ حیکایەتە کۆنەکەیە.

بەردەوامبوونی حیزب دوای لەدەستدانی سەرکردەیەکی ئۆتۆریتەر، ئەگەر جێگرەوەیەکی ئامادەکراوی نەبێ زۆر زەحمەتە. هەر لە ئێستاوەڕا هەموو چاویان بڕیوەتە ئەوەی هەر لایەنە چەندیان لەو میراتە پێ دەبڕێت؟ یەکێتی لەمەودوا تەمویلی ماددی و هاوکارییەکانی بۆ گۆڕان رادەگرێت کە پێشتر لەبەر نەوشیروان مستەفا دەیکرد، هاوکات ئەو دەرگایەش دەکاتەوە کە پێشتر تەنیا سیلەیەکی لێ کردبووەوە. یەکێتی دەترسا لەوەی یەکگرتنەوە ئەگەر بە حزووری نەوشیروان مستەفا رووبدات، نەوشیروان دەست بەسەر حیزبەکەدا دەگرێت، بەڵام ئێستا ئیتر وەزعەکە پێچەوانە بووەتەوە.

داهاتووی گۆڕان وەک حیزبێکی سیاسی کە سەرمایەکەی بەس دەنگدەرە، دڵخۆشکەر نییە. تەنانەت بە حزووری نەوشیروان مستەفاش گۆڕان لە پاشەکشەی بەردەوامدا بوو، چونکە نەوشیروان مستەفا هیچ چارەسەرێکی سیاسیی پێ نەبوو، تەنها شتێک کە ویستی بۆ رزگارکردنی بزووتنەوەکەی ئەنجامی بدات، رێککەوتنی سیاسی بوو لەگەڵ یەکێتی! ئێستا وەزع خراپتریش دەبێ. چونکە گۆڕان بە سیاسەتە بەرزەفڕە ناواقعییەکانی خۆی، دەست و پێی خۆی لەبەردەم جەماوەری خۆیدا بەستەوە و مەجالی هیچی بۆ خۆی نەهێشتەوە.

بۆیە سەنگی مەحەکی ئەوەی کە دەگوترێ رێباز و میراتی نەوشیروان مستەفا، ئەوەیە کە ئایا گۆڕان ئەو حیزبە دامەزراوەیە کە رێکخەرەکەی هەمیشە جەختی لە دروستکردنی دەکردەوە؟ یان بەس ئەوەیە کە وەسیەتی کرد لە گردی زەرگەتە بینێژن و گردەکە بکاتە سیمبۆلی بەردەوامیی بزووتنەوەکەی؟ ئایا کاتێک نەوشیروان مستەفا لە 2006 دەیگوت: نەک سەرکردەیەک، ئەگەر هەموو سەرکردایەتی حیزب بە رۆژێک لەناو بچن نابێ کاریگەریی لەسەر گۆڕان هەبێت، ئەو قسەیەی سەبارەت بە گۆڕان وا دەردەچێ؟ گۆڕانی دوای نەوشیروان مستەفا پێویستی بە پێداچوونەوە بە سیاسەتەکانیەتی و ئەوەش کارێکی زۆر قورسە، چونکە ئەو سەرکردانەی ئێستا لە نەوشیروان مستەفا بەهێزتر نین کە بتوانن بە ئاسانی لەژێر کاریگەریی شەقام دەرچن.

## جێگرەوەی نەوشیروان مستەفا

## 3

دەگوترێ نەوشیروان مستەفا دوای خۆی وەسیەتی جێهێشتووە و هێشتا ئاشکرا نەکراوە. بەڵام بە دڵنیاییەوە پێش راگەیاندنی هەواڵی مردنەکەی رەنگبێ هەندێک شت یەکلا بووبێتەوە. ئەگەرچی وەکالەتی قانوونیی بۆ عومەری سەید عەلی جێهێشتووە، بەڵام قادری حاجی عەلیش ناوێکی بەهێزە. قسە لەسەر هەمان تەجروبەیە کە یەکێتیش پێیدا تێپەڕی و 5 ساڵە هێشتا یەکلایی نەبووەتەوە. ئایا گۆڕانیش بەرەو سەرکردایەتیی بەکۆمەڵ دەڕوات؟ کوڕەکانی نەوشیروان مستەفا دەهێنرێنە ناو سیاسەتەوە؟ یان ئەوەتا لەو ناوانەی سەرەوە کە مایلی ئەوەن یەکگرتنێکی شەرافەتمەندانەیان لەگەڵ یەکێتیدا هەبێ و حیزبەکەیان پەرتەوازە نەبێت، یەکیان دەبێتە رێکخەر؟ یەکێتی دەورێکی کاریگەری دەبێ لە شوێنگرەوەی نەوشیروان مستەفادا و رێگە نادات چیدی لە دەرەوەی ئیرادەی ئەو شتێکی نەخوازراو بۆ زۆنەکەی رووبدات.



ڕێبوار کەریمی
rebwar.karimi@hotmail.com

# چی لەگەڵ نەوشیروان مستەفادا نامرێ؟

ئەوەی فیلمی "دوایین سامورای"ی بینیبێ، بەدڵنیاییەوە لەبیری ماوە کە لە کۆتاییەکانی فیلمەکەدا، ئیمپراتۆری ژاپۆن بەدڵێکی پڕەوە باسی چۆنیەتی کوژرانی مامۆستا سامورابیەکەی لە پاڵەوانی فیلمەکە دەپرسێت، ئەو لە وەڵامدا دەڵێ: "لێگەڕێ با لەجیاتی باسی چۆن مردنی، باسی چۆن ژیانیت بۆ بکەم!". چیرۆکی ژیانی نەوشیروان مستەفاش، بەو هەموو کەندولەند و ئەزموونە مانادارانەیەوە، بە ئاسانی سێبەر بەسەر مەرگی جەستەیی ئەودا دەکێشێ. بەو جیاوازییەوە کە ئەم، چۆنیەتی مردنیشی درێژەیەکی مانادارى چۆنیەتی ژیانی بوو.

کەسە نزیکەکانی نەوشیروان مستەفا باس لە شتێکی سەیر دەکەن: ئەوەی کە ئەو زۆر پەرۆشی چارەسەروەرگرتن و عیلاجی نەخۆشییە کوشندەکەی نەبووە! ئەمەش نەک لەبەر مەیلی مەرگخوازی یاخود بێزاری لە ژیان. بەڵکو بەو هۆ سادەیەی کە پێی وابووە ئەو ئیشی خۆی کردووە و لەدوای ئەوەش — مادام ژیان، ژیانێکی لێوانلێو لە تێکۆشان نەبێت — شیاوی بەردەوامبوون نییە. واتە وادیارە لای ئەو، ژیان تەنیا بە مانای زیندووبوون نەبووە، ژیان بریتی بووە لە بوونێکی پڕتێکۆشانی بەهادار. خۆ کاتێک لە چیرۆکی ژیانی ئەو مرۆڤەش رادەمێنین، بەئاسانی دەگەینە ئەو ئاکامەی کە ژیان بۆ ئەو پرۆژەیەک بووە، یان باشتر بڵێین پرۆسەیەک بووە کە زنجیرەی کۆمەڵێک پرۆژەی یەک لەدوای یەک، پێکیەوە دەبەستێتەوە. هەر پرۆژەیەکیش بۆ ئەوەی کامڵ ببێت، پێویستە لە شوێنێکی گونجاودا دوایی بێت. هۆشیاری بەرامبەر بە کۆتایی، واتە سنوورداربوونی دەرفەتی وەدیهێنانی ئامانجەکانی پرۆژە، ئەو فاکتەرەیە کە وا لە مرۆڤ دەکا، لێپرسراوانە لەگەڵ مەودای بەردەم مامەڵە بکات. ژیانیش لەم ڕوانگەیەوە دواجار هیچ نییە، پرۆژەیەکی ئامانجدار نەبێت.

ئەم تەرزە تێڕوانینە بۆ ژیان کە ریشەی لە تێڕوانینێکی هێڵ-ی بۆ کات-دا هەیە، بۆ ئێمەی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی شتێکی ئاشنا نییە. لەسەر ئاستی تیۆریش ئاشنابێ، لە کردەوەدا شتێکی نامۆیە. ئێمەی ڕۆژهەڵاتی خاوەن تێڕوانینێکی بازنەیین بۆ کات. لای ئێمە ژیان پرۆسەیەکی بەردەوامە و کات و ڕووداوەکان بەشێوەیەکی بازنەیی دووپات دەبنەوە. جیاوازیی نێوان ئەم دوو جۆرە بیرکردنەوەیە کە مۆرکی خۆی لە کەسایەتیی کولتوریی مرۆڤی تاکگەرا و مرۆڤی کۆگەرا، یان بەشێوەیەکی تر، لە مرۆڤی مۆدێرن و مرۆڤی ترادیشناڵ داوە، مژارێکی سەرنجڕاکێشی بواری مرۆڤناسییە کە بەداخەوە لێرەدا جێی شیکردنەوەی زیاتری نییە. من نازانم ئەم خەسڵەتە کە بەشێوەیەکی مێژوویی-کولتووری، بەشێک لە مێنتالێتیی مرۆڤە ڕۆژئاواییەکانە و بۆ ئەوان بە میرات ماوەتەوە، لە چ ڕێگەیەکەوە گەیشتووەتە نەوشیروان مستەفا، بەهۆی خوێندن و ژیانی لە ئەورووپا یان بەهۆی تەبیعەت و فەلسەفەی خۆکردییەوە بۆ ژیان، یان هەردووکیان؟ بەڵام لە هەر حاڵدا، ئەم تێڕوانینە هێڵییە بۆ زەمەن و دابەشکردنی ژیان بەسەر پرۆژەی دیاریکراودا و هەروەها پابەندییەکی ئەخلاقیی بەهێز بە جێبەجێکردنی پرۆژەوە، ئەو تایبەتمەندییەی کارەکتەری سیاسی و ڕووناکبیریی نەوشیروان مستەفا ئەمینە، کە بە درێژایی هەموو ساڵەکانی حزووری ئەو لە پانتایی گشتیی کۆمەڵگەی ئێمەدا، ڕەنگ و سەنگی تایبەتی بە جووڵە ماناداره‌کانی ئەو بەخشیوە و لە زۆربەی کەسایەتی و سەرکردەکانی تر جیای کردووەتەوە (تەنیا کەسی هاوخەسڵەتی نەوشیروان لەم ڕوانگەیەوە، د.قاسملووی شەهیدە).

لەڕاستیدا ئەوەی نەوشیروان مستەفا لە ڕێبەرە مێژووییەکانی تری هاوسەردەمی خۆی جیادەکاتەوە، نەک کاریزما و توانای ڕێبەری، بەڵکو ئەو خەسڵەتە تایبەتمەندانەیەتی کە لەناو ڕیزی سەرکردەکانیشدا دەیکات بە دیاردەیەکی ڕیزپەڕ. ڕەنگە یەکێک لە بنچینەییترین جیاوازییەکانیش هەر ئەوە بووبێت کە پێچەوانەی "سەرکردە هاونەوە ڕۆژهەڵاتییەکانی"، سیاسەت لەلای ئەو نەک پرۆژەیەکی بێ پسانەوە، بەڵکو کۆمەڵێک پرۆژەی یەک لەدوای یەک بوو کە هەر یەکەیان تەعبیری لە ئەولەویەتەکانی سەردەمێکی دیاریکراو دەکرد. "ئەولەویەتی سەردەم" چەمکێکی کلیلییە بۆ تێگەیشتن لە لۆژیکی ڕەفتاری سیاسیی نەوشیروان مستەفا.

ڕەنگە زۆر سیاسیی تریش خوێندنەوەی دروستیان بۆ ئەولەویەتەکانی ژیانی سیاسیی کۆمەڵگەی ئێمە ببێ و تەنانەت بایەخیشی پێ بدەن، بەڵام کەمن ئەوانەی توانیویانە وەک نەوشیروان مستەفا لێبڕاوانە، چاوپۆشی لە هەموو بەرژەوەندییە دنیاییەکان و — لەوانیش گرینگتر، لەو بەربەستە زەینی و پابەندییە نەریتیانە بکەن کە ڕێ لە وەدیهێنانی ئەولەویەتەکانی ژیانی سیاسی دەبەستنەوە.

مرۆڤی مۆدێرن، خۆی لەگەڵ ڕۆحی ڕۆژگار دەگونجێنێ و بەها و بەرپرسیارێتییەکانی بەگوێرەی ستانداردەکانی سەردەم نوێ دەکاتەوە. نەوشیروان مستەفا لە پێگەی ئەخلاقیی سیاسەتمەدارێکی ڕۆژهەڵاتییەوە، ئەو سیفەتانەی مرۆڤی هاوچەرخی بەجوانی نواندبوووەوە. سیاسەت بۆ ئەو پانتایی خۆگونجاندنەوە و خۆڕێکخستنەوەیەکی بەردەوامی دەستەجەمعی بوو، لە پێناوی وەڵامدانەوە بە پێداویستییەکانی ژیانی هەنووکەی کۆمەڵگەی دەوروبەر. هەر سەردەمێک بۆ ئەو پێناسەیەکی نوێی بە پێداویستی، بەها و ئامانجی پرۆژەی تێکۆشانی سیاسی دەبەخشی. بۆ ئەو ڕەسەنایەتی بریتی بوو لە "بەڕۆژبوون" و هاوگونجاوی لەگەڵ ڕۆحی سەردەم. مرۆڤی مۆدێرن نابێ لە ڕابردوودا بژی. ئەم بنەمایە، جورئەتی قاوغ بەجێهێشتن و ڕچەشکێنییەکی سەرسوڕهێنەری بە ئەو مرۆڤە بەخشیبوو.

من هەمیشە ئەو هەستەم هەبووە کە نەوشیروان مستەفا وەک یاریکەرێکی شەترەنج دەڕوانێتە گەمەی سیاسی. یاریکەرێک هاوکات لە ناوەوە و دەرەوەی گەمەکە. سەرسوڕمانی هاوڕێ سیاسییەکانی لەوەی کە ئەو لە جەرگەی ململانێ سیاسییەکانیشدا، بە لێکدانەوەی ئەدەبی و مێژوویی و تەنانەت گژوگیاناسییەوە خەریک بووە، هەر ئەو ڕاستییە پشتڕاست دەکاتەوە کە بۆ ئەو، سیاسەت دواجار گەمەیەک بووە، وەک چۆن ژیان تێکڕای گەمەیەکە، بەڵام گەمەیەکی بەهادار. لەڕاستیدا بەلای ئەوەوە تێکڕای ژیان، چیرۆکێک بوو، دەقێک کە مرۆڤ هاوکات هەم نووسەرەکەیەتی و هەم پاڵەوانەکەی. ڕەنگە هەموومان لەم بوارەدا هاوڕا بین، بەتایبەتی کاتێک باس لە ژیانی خەڵکی ترە! بەڵام ڕەنگە کەممان، بەهۆی گیرۆدەبوونی چرکەبەچرکەمان بەو نەخشەوە کە وەک پاڵەوانی ژیانی خۆمان هەمانە، دەرفەتی ئەوەمان بەخۆمان دابێ، وەک نووسەر و چاودێرێکی دەرەکی، لە دوورەوە بەسەر تێکڕای ئەو چیرۆکەدا بڕوانین کە ژیانی خۆمانە. وشیاریی نەوشیروان مستەفا لەم بوارەدا کەموێنە بوو. ئەم خەسڵەتە بەشێوەیەکی زەق سروشتی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو لەگەڵ "ڕابردوو" دەنوێنێتەوە.

سروشتی سیاسەتکردن لای نەوشیروان مستەفا هەمیشە ڕووی لە ئایندە بووە. هەر ئەوەش وای کرد، کەمتر لە بیری خۆبەستنەوە بە "سەروەرییەکانی ڕابردوو" و زۆرتر، لە هەوڵی سازدانی سبەینێیەکی جیاوازدا بێت. ئەو لە شوێنێکدا ڕاشکاوانە دەڵێ: "حەکایەتی ڕابردوو بە کەڵکی ئەم زەمانە نایەت". ئەمە وتەی کەسێکە کە وەک نووسەرێکی لێبڕاو، بەشێکی گەورەی ڕەنجی خۆی ڕێک بۆ تاووتوێی "حەکایەتەکانی ڕابردوو" تەرخان کردبوو!

لەڕاستیدا، پارادۆکسێک کە نەوشیروان مستەفا بە سەرکردە هاونەوەکانی خۆیەوە دەبەستێتەوە، هۆگریی هاوبەشی هەموویانە بۆ مێژوو! بگرە ئەو لە هەموو هاونەوەکانی خۆی زیاتر "لەگەڵ مێژوو" دەژیا. هەڵبەت لێرەدا جیاوازییەکی گەورە هەیە: ژیانی ئەو لەگەڵ مێژوو، ژیانێکی ڕوناکبیرانە بوو. سەرگرتنێکی ڕەخنەگرانە بەسەر مێژوودا بۆ وانەلێوەرگرتن، بۆ ساخکردنەوەی کەندولەندی ئەو ڕێچکەیەی ئێمەی گەیاندووە بەم ڕۆژە، نەک بۆ مەشروعیەتخواستن لە ڕابردوو. جیاوازیی شێوەی هۆگریی نەوشیروان و هاونەوەکانی بۆ "حەکایەتەکانی ڕابردوو" ئەمە بوو: نەوشیروان مستەفا لەگەڵ مێژوو دەژیا، بەڵام ئەوانی تر لە ناویدا دەژیان، بۆی دەژین.

سەلمان ڕوشدی لە "ئایەتە شەیتانییەکاندا" دەڵێ: بۆ هەر لەدایکبوونەوەیەک پێویستە سەرەتا مل بۆ مردنێک رابکێشیت. هیچ سەرکردەیەک لە هاونەوەکانی نەوشیروان مستەفا زاتی ئەوەی نەکردووە وەک ئەو جاڕی مەرگی خۆی بدا بۆ ئەوەی دەست بە ژیانێکی نوێ بکاتەوە. کردبێتیشیان، هێشتا هیچیان وەک هی ئەم سیستماتیک نەبووە. هەموو وێستگە و جومگە گرینگەکانی ژیانی نەوشیروان مستەفا، مردن و زیندووبوونەوەیەکی ئازایانە بووە بۆ وەڵامدانەوە بە "ئەولەویەتەکانی قۆناغەکە".

ئەو بەتایبەتی لە دواساڵەکانی ژیانیدا دەرگای بەڕووی نەریتێکی پۆست-شۆڕشگێڕانە لە ژیانی سیاسیی ئێمەدا کردەوە. نەریتێک کە جەربەزەیی پێشمەرگانەی -بەمانا ڕەمزی و مێژووییەکەی- تێکەڵ بە بەهاکانی دیمۆکراسیی لیبراڵ و حوکمڕانییەکی هاووڵات-سەنتەر کردبوو. سەرەڕای هەموو کەموکووڕییەکی بزووتنەوەکەی نەوشیروان مستەفا و کەمایەسییەکانی پراکسیسی سیاسیی هاوڕێبازەکانی، ئەو لە خەون و خولیاکانیدا بۆ نیشتمانێکی جوانتر، بەزیندوویی دەمێنێتەوە.

هەڵبەت مرۆڤێکی بڕیاربەدەست، ئەویش لەسەر چوارڕێیانی بەسەرهاتە پڕکارەساتەکانی مێژووی سیاسیی هاوچەرخی کورد، دەشێ هەموو شتێک بێت فریشتە نەبێت. ناوازەبوونی چیرۆکی نەوشیروان مستەفاش شتێکە لەودیوی دوانەی فریشتە و شەیتانەوە.

زۆر لە سەرکردە مێژووییەکان، لەگەڵ ڕۆیشتنیان، دوایی بە قۆناغێکی مێژووش دێت. نەوشیروان مستەفا دەرگای بەڕووی قۆناغێکی نوێی مێژوودا کردەوە، ئینجا ڕۆیشت!



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# گۆڕان پاش نەوشیروان

هێشتا کاک نەوشیروان بەخاک نەسپێردرابوو یەکێتی لێبووردنێکی گشتیی بۆ هەڵسوڕاوانی گۆڕان دەرکرد. هەرچەندە لێبووردننامەکە لە رواڵەتدا بەجدی نووسرابوو، بەڵام نێوەڕۆکەکەی هەم نوکتە بوو، هەم گاڵتەپێکردنیش. چونکە یەکێتییەک کاتێک کاک نەوشیروان لەژیاندا مابوو ئامادە نەبووبێ رێککەوتنەکەی لەگەڵ گۆڕان جێبەجێ بکات، چۆن پاش مردنی دەتوانێ داوای یەکگرتنەوە لەو بزووتنەوەیە بکات؟

لەو پەیامانەدا کە هەڵسوڕاوە باڵاکانی گۆڕان لەو چەند رۆژەدا ناردوویانە، بەڕوونی گوتراوە کە دەیانەوێ دەست بە بزووتنەوەکەیانەوە بگرن و تەمای چوونە نێو یەکێتییان نییە. هەرچەندە بەقەولی کاک نەوشیروان عیبرەت لە جێبەجێکردندایە، بەڵام بەڕاستیش هەر ئەوە لە گۆڕان چاوەڕێ دەکرێت. چونکە رێی تێناچێت یەکێتییەک کە بەدەستی باڵباڵێن و باڵادەستیی فڵان بنەماڵە و دوورکەوتنەوەی فڵان سکرتێری گشتییەوە دەناڵێنێ، هێندە پرۆژەیەکی ئایدیاڵ بێ کە گۆڕانەکان ئارەزوو بکەن لەگەڵی ببنە یەک حیزب. دواییش دەستەواژەی یەکگرتنەوە زۆرتر بۆ ئەوە بەکاردێت کە لەنێو حیزبێکدا ئینشیقاق روویدابێ و دوایی هەردوولا ئاشت ببنەوە و ئینشیقاقچییەکان بگەڕێنەوە. ئەگەر گۆڕان بەو دەستەواژەیە رازی بێت، کەواتە لە ساڵی 2009 وە درۆی لەگەڵ جەماوەر و دەنگدەری خۆی کردووە.

بە بڕوای من کاتێک کاک نەوشیروان مابوو چانسی یەکگرتنی گۆڕان و یەکێتی لەئێستا زیاتر بوو. چونکە پاش مام جەلال تەنیا کاک نەوشیروان دەیتوانی کۆتایی بەو یەکترشکاندنی ئەو پەنجانە بهێنێ کە لەنێو سەرکردایەتیی یەکێتیدا هەبوو، بەڵام ئێستا کە ئەو نەماوە، بۆ گۆڕانەکان چوونە نێو یەکێتی هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ئاشبەتاڵکردن لە حیزبەکەیان.

کەواتە گۆڕانی پاش کاک نەوشیروان چیی بەسەردێت؟ ئەگەر دوور لە جۆش و خرۆشی چەند رۆژی پرسەکە سەیری بکەین، لە باشترین حاڵەتدا دەتوانین پێشبینیی ئەوە بکەین کە گۆڕان دەمێنێ، بەڵام گۆڕانە بەهێزەکەی جاران نابێت. رەنگە زۆر لە کۆنە یەکێتییەکان ببنەوە یەکێتی و رەنگە ئەو گەنجانەی دەشمێنن ببنە هێزێکی مەدەنیی بێ دەرەتان و بێ پشتیوان. بەڵام ئەوەی لە بەخاکسپاردن و دواتر پرسەی کاک نەوشیروانیشدا لەلایەن خەڵکەوە کرا، پیشانیدا کە هێزێکی گەورەی جەماوەریی ناڕازی هەیە و سەرگەردانبوونیان زیانی لە کۆکردنەوەیان لەژێر یەک چەتردا زیاترە بۆ هەمووان.

بۆیە ئێستا مەیدان ئاوەڵایە بۆئەوەی جووڵانەوەیەکی نوێی ناڕازی لە کوردستان دەستپێبکات کە سوودی لە هەڵەکانی هەشت ساڵی رابردووی گۆڕان وەرگرتبێ و لە ئەزموونە باشەکانیشیەوە فێربێت. جووڵانەوەیەکی وا رێگە دەگرێت لەوەی گەنجان پەرتەوازە و رادیکاڵیزە و سەرگەردان ببن. هەروەها نەشبنە سووتەمەنیی ئاگرێک کە وڵاتی خۆیان بسووتێنێ، بەڵام بۆ ئەمە سەرکردەیەکی بوێر و ناڕازی و قسەڕۆیشتوو پێویستە کە بەداخەوە پێناچێ جارێ نە لەنێو یەکێتی و نە لەنێو پارتی و گۆڕانیشدا هەبێ و هەڵکەوێ.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more




رەشا ئەلحازری:

# ئامادەم بەشداریی درامایەکی کوردی بکەم

10 «


خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو

سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەری نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net

ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قڕگەیی

دیزاینەران : هونەر مەرجان ، ژیرۆ عەبدولرەحمان

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات

نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997

ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96

rudaw@rudaw.net









